# ئەو پیاوەی لە توڕەبووندا جوانە

# «ئەو پیاوەی لە تووڕەبووندا جوانە»

گفتووگۆیەک لەگەڵ

# شێرزاد حەسەن دا

## ئامادەکردنی: هیوا قادر

ستۆکهۆڵم

٢٠٠٢

ناوی کتێب: ئەو پیاوەی لە تورەبووندا جوانە
بابەت: گفتووگۆیەک لەگەڵ شێرزاد حەسەن دا
ئامادەکردنی: هیوا قادر
چاپی یەکەم: گۆڤاری ڕەهەند، ١٩٩٧ /ستۆکهۆڵم.
چاپی دووهەم:
مۆنتاژ: عەبدوڵا قادر دانساز

**هیوا**: دەمەوێت بە ئەدەبەوە بەردێک فرێ بدەمە، ئەم گۆمی چاوەنۆڕکردن و خۆدانە دەست قەدەرەتەوە، بۆ ئەم دۆزەخی مەنفایەو جێهێشتنی نیشتمان وەک دوورکەوتنەوەیەکی جوگرافیانە. بۆ هاتیت کاک شێرزاد؟!
ئایا ئێرەش دەکرێ ببێتە ئەو جێیە بۆ لەگەڵ ڕۆیشتن و درێژە پێدانی ئەو وەهمە پڕ لە فیتنەیەی نوسین لە لای شێرزاد حەسەن؟

**شێرزاد**: بۆچی هاتم؟ پرسیارێکی وا سادە کە لەدوو وشە پێک هاتووە لەتم دەکا لە نێوان دوو دنیادا، ئێرە و ئەوێ، من لێرەم و لەوێم، یان بەجەستە لێرەم و بەڕۆح هێشتا لەوێم، یان من وەها شپرزەم لە هیچ شوێنێک نیم، من بە حەواوەم، نە سەرم داوییەتی لە ئاسمان و نە هەردوو پام بەر زەوی یەک کەوتوون، لەوەدەچێ بەم تەمەنەوە سەرم لێ شێوابێ، یان لە وڵات سەریان لێ شێواندبم، ڕاستە کە من بە داوەتنامەیەکی ئەدەبی گەیشتمە فنلەند، بەڵام ئیدی ئەوە ئەو گوریسە بوو کە بۆ منی نیوە خنکاو لە گێژەنی دەریایەک نقوم بووبێ پەتی نەجات بوو، زەریایەک کە من لە وڵات تێ ی کەوتبووم، گێژەنی تۆفانێک کە هیچ «نوح»ێک ئەمرۆکە نەتوانێ بەسەلامەتی کەشتیەکەی بگەیەنێتە هیچ کەنارێک، چونکە وای لێ هاتووە بۆ ئێمە مانان هیچ وشکەڵانی و کەنارێک نەمێنێ تا لەنگەری لێ بگرین، من چەند جارێک کۆتری خۆم هەڵفڕاند تا لە شوێنێکدا چڵە زەیتوونێکم بۆ بێنێتەوە تا تێ بگەم لە وشکایی نزیکم و بەرەو ئەوێ سەوڵ لێ بدەم، وەلێ نە کۆتر هاتەوەو نە چڵە زەیتوونم بینی. چ مەسەلەیە کە هاتمە دەرەوە .. مەحمود دەروێش واتەنی: من هاتمە دەرەوە کەچی هەست دەکەم پتر وا لەوێم .. لە کوردستان.

خۆ چاک دەزانم و ئێوەش دەزانن بۆ هاتم .. بەڵام ئەوەندە شپرزەم کە ئیدی هیچ وەڵامێک بە ماقووڵ و دروست نازانم، ئاخ کە وڵات دەبێ بە

گەڕاجێکی گەورە، یان ئۆردوگایەکی گەورە.! لەوە دەچێ هەموومان لەسەر سەفەربین، سەفەرێکی ناچار، من سالآنێکی زۆر نەمدەویست سواری ئەو شەمەندەفەرەبم کە دەمگەیەنێتە مەنفا، بەلآم ئیدی دەستی قەدەرێکی ستەمکار، دڵە ڕاوکێ و ترس و مەرگ ئەوەندە نزیک دەکەوتنەوە کە ئیدی شمشێرێک بە نێوانمان دا هاتبا هەردووکمانی دەبڕی، بۆیە دەبوو خۆ فڕێ بدەمە ناو باوەشی قەدەرێکی تر، لەوەدەچێ ئیدی لەمڕۆوە ببمە گەمەیەک بە دەست ئەم قەدەرەوە، گەمەیەک کە نەزانم کێن ئەوانەی قومارم لەسەر دەکەن، ئەوەندە هیلاکم ئیدی باکم بەوەش نی یە لەو گەمەیە دەیبەمەوە یان دەیدۆڕێنم.

دەکرێ هاتنە ناو ژیان: هاوکێشەو شەڕی نێوان بردنەوە و دۆڕان بێ، یان هەر بەتەنها دۆڕان بێ، هەرچەندە پیاوە گەشبین و خۆشخەیاڵەکان چاویان لە بردنەوەیە، بەلآم ئەوە من نیم، دواجار ئەوانن کە قومار لەسەر ئێمە دەکەن، ئیدی ئێمە لە بردنەوە و دۆڕانی ئەوان هەر وەکو خۆمانین، ئۆدیب – لەو قەدەرە دوورخرایەوە کە لە چارەی نووسرابوو، باوکە ویستی فێڵ لەو قەدەرە بکا، بەلآم دواجار گەمەی ئەو قەدەرە ستەمکارە سەرکەوت، من دەمویست نەبمە گەمەی هیچ قەدەرێک .. کەچی نازانم، وەک لە ئەفسانەکان ڕوودەدا .. خۆم بینی یەوە وام لەسەر خاکێکی ترو دەنێو خەڵکێکی دیکەدا .. ترسێک بوو بەواهیمەو ڕاپێچام .. مەیلی پشوویەک، مەیلی خۆشاردنەوەو خۆ دزینەوە لە دڵ ڕەش و لەپ ڕەشەکان، خۆ چەند هاوڕێیانی دڵسۆزم لەوەختی خنکان گوریسیان بۆ هەڵدام تا لەو گێژەنە دەربازبم، لەو هەڕەشەو دڵە ڕاوکێ یە، بەلآم مەیلم بە مانەوەو وورده شەڕەکانی خۆم لەگەڵ دێوو درنجەکانی نیشتمان، یان هیچ نەبێ گوێ گرتن لە ئاخ و قەهری کوڕو کچە لاوەکان .. سەدەها حەزو خەونی کوژراو کە لە هەوڵی زیندووکردنەوەیان دا بووم وای دەکرد دەست درێژ نەکەم، نەبا دەستم بگاتە گوریسەکەو لەبری ڕزگاربوون لە خنکان وەک ماسی بکەومە سەر وشکەلآن و بەردەلآنی مەنفاو بمرم .. من دەبوو لەو دوو شوێنەدا بمرم: یان دەنێو نیشتمان .. وەلێ مەرگێکی دواخراو وەک ئەو کەسەی لە ژووری سێدارەدا چاوەڕوانی پەتی قەنارەیە .. بەلآم نازانێ کەی! یان دەبوو لێرە، لە مەنفا، بەزیندوێتی چاوان بمرم. خۆ

هەردووکیان بۆ من هەر نیگەرانی و دڵەڕاوکێی مەرگە.

من تازە تاماوم ئاسوودەنابم، قەتیش بەمانا تەقلیدی یەکەی ئاسوودە نەبووم. هەرچەندە من «زۆربا» ئاسا بۆ مەرگ و دۆڕانەکانی خۆم توانای سەماشم هەیە، توانای قاقاو تریقە، بۆئەوەی لێرەو لەوێ دڵم شەق نەبات خەندە لەسەر لێوانمەو جارجارەش بەدەنگی بەرز گریاوم و دەگریم .. من تەواو .. تیاچووم .. چونکە ئیدی لەمڕۆوە تا لە مەنفا بم بەدرۆ دەژیم .. ئێرە جێگەی هەموو کەس بێ .. هەست دەکەم جێگەی من نی یە .. بەڵام من وەک ئەو کۆترەم لێ هات کە بەنیوەشەو لە هێلانەی خۆم دەریان کردم .. پاش ئەوەی چاوانیان کوێر کردم .. من لە نێوان وێنەی «مەسیح» و «دۆنکیخۆت» ون بووم و تیاچووم .. ئاخر وایە .. هەموو پێغەمبەرێک لە نیشتمانی خۆی غەریب و دەرکراوە، خۆ من دەزانم پێغەمبەر نیم .. وەلێ منیش پەیامێکی خۆمم هەبوو: هەر بەقەد بەرماڵی دایکم، بەقەد خەمی خوشکە بێوەژنەکەم، بەقەد خەونێکی بچکۆلەی کاکە لاس ـی کوڕم، بەقەد حەزی شەرمنی کچەکەم، بەقەد ئەو پارچە فریزەی حەوشە چکۆلەکەمان لە هەولێر کە باوکم وای دەزانی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل ـە، من وام دەزانی لە وڵات دەبوو «مەسیح» بم.. خۆ هەمووجمان شاعیرانە خەونمان بە خەڵاسی خەڵکەوە دەدی، مەسیح بە خوێن ڕشتنی خۆی توانی پەیامی خۆی بگەیەنێتە هەرچوار قوژبنی دونیا، وەلێ نەوەی من و دوای منیش: هەر یەکەمان .. هەزار حەیف و مەخابن، مەسیحێکی دۆڕاو بووین، بەسەرچوو سەردەمی خۆ لەخاچدان. هەرزوو زانیمان لە خاچ دەدرێین، بێ ئەوەی پەیامی زۆر سادەو شەرمنمان بەکەسێک بگات. خۆ زۆرجاران دەبوومە «دۆنکیشۆت»: وام هەست دەکرد هەموو هاوارو دادو فیغانێک بۆ منە، بەڵام لە دواجاردا بووین بە هەمان وێنەی کاریکاتۆری «دۆنکیشۆت»، ئەسپەکەی ژێرم چەندە پیربوو: تۆپی .. ئەو شمشێرەی دەستیشم تەختەبوو .. ئەرێ بەڕاست من شەڕم لەگەڵ دێو و درنجی نیشتمان دەکرد یان لەگەڵ پەروانەکانی ئاشی با؟ ئەرێ من لە نێوان وێنەی مەسیح و دۆنکیشۆت کامەیان بووم؟ هیچیان .. چونکە لەم چاخەداو لە وڵاتی ئێمە نەباوی «مەسیح»ە و نە «دۆنکیشۆت» بەهەموو کاریکاتۆری خۆیەوە. لە

نامـەیەک دا «بـەخـتـیـار عـەلی» بۆی نـووسـیـبـوم: «ئاگـات لە خـۆت بێ، لە وڵاتـی ئێـمـەدا پاڵەوان و گـاڵتـەجـارِ وەک یەک دەکـوژرێن»، من خـۆم کە قـەت خـەونم بەوەوە نەدەدی ببـمـە پاڵەوان، من کە هاوارم دەکرد ناچاربووم .. چونکە توند مـەچەکیـان بادەدام، تا حـەدی شکان، دیارە بوون بە پاڵەوان لە پاش مـەرگیش هـەر هیچ ناکات، وەختێک تۆ کەمترین لە خەونەکانی خۆت نەهێنابێتـەدی، خۆ نەدەکرا وەک گاڵتـەجارِیش بمرین، ئێمە کە گومانمان لە وێنەی پاڵەوان هـەبێت .. بۆچی ببین بـە گـاڵتـەجـارِ، من لە یەکێک لەم دوو وێنـەیە یان لە هـەردووکیـان هـەڵاتم، تۆ باس لـە قـەدەر دەکـەیت.. هـەرچەندە ئەم وشـەیە رەهەندێکی غـەیبی هـەیە، بەڵام خـۆ کەس بەقەد ئێـمە ژیانی هـاوچەرخـانەی پڕ نەبووە لە ئەفسانەو خورافات، بەتایبـەتی ئەو وەختەی ویستی ئینسـانی بـۆ هەڵبژاردنی رێگاکان لە ئێمـە دەسـەنرێتەوە، وەختێک «نا» لە فەرهـەنگی زماندا نامێنێ. وەختـێ خـەونی شـۆرِش و هـەڵگەرِانەوەو راپـەرِین پوچەڵ دەبنـەوە، وەخـتـێک گـۆرِان ڕوودەدا، بەڵام بەرەو خـراپـتـر .. نەک چاکـتـر، وەخـتـێ مـەرگەسـات لەسـەد وێنەدا خـۆی دووبارە دەکاتەوە، وەختـێ دێو و درنج و دەعەجانیەکانی ئـەم سـەردەمە بە ناوی شـۆرِشـەوە لە ئـەشکەوتە تاریکەکـانەوە دێن و جگەلە قـرێژ و خـورافـات هیچ لەگـەڵ خـۆیان ناهـێنن، وەخـتـێ سـەدەها لە برادەرانمان بـە فـریوی چەند دروشمێکی ساختـەو درۆ دەکوژرێن، وەختـێ هیچ پەنجەرەیەک نامێنێ لە وڵات، لەمـاڵەکـەت دا، کـە دەیکەیتـەوە بەسـەر قـەسـابخـانەدا نـەروانێ، ئیـدی بۆ قـەدەرێکی سـتـەمکار سـواری سـەرمـان نەبێت؟ من و تـۆ .. هـەر هـەمـوومـان، چ لێـرەو چ لەوێ، کـوتومت لە «فـلادیمـێـر» و «ئەسـتـراگـۆن» دەچـین، چاوەرِێین «گۆدۆ»یەک بێ و لـەو قەدەرە ستـەمکارە قوتارمـانکات، فلادیمێر و ئەستراگۆن لە شـوێنی خـۆیاندا نـاجـوڵێن. بەڵام خـۆ «لەکی» و «پۆزۆ» بەدنیـادا دەگـەرِان، کـەچی لە دوا پەردەدا بەکوێری و کـەرِو لاڵی دێنـەوە، من تاقـەتم چوو ئەوەندەی لە پەردەی یەکـەمی شـانۆگـەری ژیانی خـۆمدا چاوەرِێبـم، من هـاتم تا بگـەرِێم .. بـەڵام کێ نـاڵـێ وەک «لەکی» و «پـۆزۆ» کــەرِو لاڵ و نـابـینـا نـابم؟ من نـازانم .. چاوەرِوانی من لە هـی فـلادیمێرو ئەستـراگۆن زۆر کـۆمیدی ترە، چـونکە «گۆدۆ» ی ئەوان بـە نادیاری خـۆی هەمـوو فـەزاو دونیـای خـەون و خـەیاڵی ئـەوانی

داگــیــرکــردووه، چ گــاڵتــەجــاڕیە من لێــرە چاوەڕوانی پارچە کــاغــەزێکم «دۆکۆمـێنتێک» کە بتوانم بە دڵنیاییـەوە سـەفـەر بکەم، سـەیرە .. لە کـۆتایی سەدەی بیستەمدا من دەبێت ساڵانێک بۆ لەتە کاغەزێک بکوژم تەنها بۆ ئەوەی لە وڵات نەکوژرێم .. خـەونی من چکۆلە بوو .. کەس لەو فـەرمانڕەوایانەی ئەوێ تێــمــان نەگــەیشت، مـن خــەونم بە بـوونی باخــچــەیەکی چکۆلـەوە دەدەی لە ناوەڕاسـتی شـار کـە پڕبێ لە کـوڕو کچی عـاشق، من جگە لە چەند حـەرفێکی ئازا هیـچی دیکەم نەبوو، وتنـی سـادەترین حـەقیـقـەت کە بەر لەتۆ نـەوترابێت کارەساتە، ئیدی من دەمم لەو حـەقیقەتە حەرامانە دەدا. گرفـتەکە لەوەدابوو کە ئیـدی لە وڵات بواری خـەونبـینین نەمـا، کـارەسـاتە گـەر مـرۆڤ خـەون نـەبینێ، مـردنی خەون مـردنی دەمـاخە، ئەوەش دۆزەخی ڕاسـتـەقینەیە، تەواو شـۆڕش و هەڵگەڕانەوەو ڕاپەڕین بوون بە درۆی گـەورە، سـیـاسـەتیش بوو بـە دوکـان و بازاڕ، خـاک بوو بـەو سـۆزانیـەی یـان ئەو ژنەی باوک و بـراو مـێـرد گـەوادی بەسەرەوە بکەن، ئێمەش لەو قاڕی بازاڕە هیچمان پێنەکرا، چیتر بوار نەما لە ناوئاخنی ڕۆمـان و چیرۆکیک دا جێی ئەو هەمـوو بێوەژن و پیرێژن و قـەیرەکچ و هـەتیـوانـە بکەیتــەوە، پرســە لە ژمــارە نەدەهـات، گـۆڕسـتــانـەکـان ئاوەدان کرانـەوەو باخـچـەکـانیش چۆڵ، کـچـە هـەژارەکـانی گـەڕەکـە مـیللیـەکـانی وەک کـوران و قـەرەجـاوا لـە بری سێ چوار کـیلـۆ برنج خــەتەنە دەکــران، کــەچی دەسـەڵاتدارو سیاسـەتبازو پەرلەمـانتارو وەزیرەکـان .. هەر هەمـوو ئەندامـانی زۆربەی حیزبەکان موو لە سمێڵیـان نەدەجوڵا، گەنجەکانمان لە نێوان سەفەرو خۆکوشتندا تیاماون، ئیدی نە چیرۆک و نەڕۆمان و نەداستان و نەخودا فریای ئەو هەموو ئازارە ناکەوێت.

فیکر چ بکات لە وڵاتێک کە مـۆدێرنترین سیاسـەتباز لەبری یاریگا تەکێ و خـانەقـای زیکر بکاتـەوە، وەختـێک براکان پەنجە لە خـوێنی یەکدی وەردەدەن، وەختـێک وڵات دەبێ بەو خـانوەی نە دەرگـای هـەیەو نە پەنجـەرە، وەختـێک هـەر هەمـوو مێرگ و پاوان و ڕووبارو کـانیاوەکـان دەبنە کێڵگەی مین «لوغم». ئیـدی وامان لێهاتبوو وەک پیرێژنە کـۆستکەوتوەکان، باوان شێواو، لە کەشکەئەژنۆی خۆمان بدەین و ڕووەو قەدەرێکی نادیار سەرهەڵبگرین، من لە بیابانی وڵاتەوە

بۆ بیــابانی مــەنفــا درێژترین ســەفــەرم کـرد، ناکـرێ بڵـێم ئەوێندەرێم بەجێ هێـشـتـووە، چونکە هەمـوو بێـوەژن و هـەتـیـوو قـەیرەو شـەل و کوێرو برسـی و هاورێ کـوژراوەکـانم لەگـەڵمـا هاتن، لە خـۆشـتـرین باخـچـەو پارک دا لێم ناگەڕێن، دەنێو سەماگاکـان دا کـە کچانی خـولقاو لە شـیرو شلیک دەبینم ســەمــادەکــەن، من ئەو کچ و ژنانەم دێنەوە بەرچاو کــە لە پرســەکــاندا قــژ دەکەنەوەو کـراس لەبەرخۆ دادەدڕن و لە داخی کوشتن و مەرگی ناوادەی مێرد و باوک و براکانیان لەخۆدەدەن .. من تـەواو .. مەحاڵە ئاسوودەبم .. هـەربۆیە ترس و هـەڕەشـەی مـەرگ لـەخـۆم دەڕەوێنمـەوەو گـەرەکمـە بگـەڕێمـەوە دۆزەخـی وڵات کـە بە سـووتانەکـەی ئاشنام .. مـادامـەکێ هـەمـوو قـوڕو چڵپـاوی وڵات و کۆڵانـە پیس و تەنگەبەرەکان، ماڵە ساردو تاریکەکـان، زەلکاوەکان هـەر هـەموو وان لە ناخـمدا .. دەبێت چ جیاوازیەکی هـەبێت ئێرەو ئەوێ، من گوایە هـاتووم لێـرە پشـوویەک بدەم، بەڵام پشـویەک دوای گـرانەتا، پشـویەک کە کـتـومت لە پشـــووی ئـەو پیـــاوە دەچێت کـــە شـــێـــرپەنجـــە «ســـەرەتان» لـەســـەر پێـــخـــەف خستویەتی.

من هەنووکە لەو ورچە تەنیاترم کە مێیەکەی لێ جیادەکەنەوە و دەیکوژن، وا هەست دەکەم دەبێت من ئەو قـوتبی باکووره کێوماڵ بکەم و بکەومە دوای بۆنـی خــوێنی مـــەیوی ســــەر بەفــرەکــە، بەڵام نـا .. من بۆنـی خــوێنی خـــۆم پەراگەندەی ئەم سەهۆڵبەندانەی کردم ..بەڵام چ دەکەی؟

بۆ من گـەر شـەوە تـاریک و درێژەکـانی وڵات نەبوایە چـی ڕووەو ئەم قـوتبی باکوره ڕاوی دەنام، من کتومت لە پاڵەوانەکانی خۆم دەچم، نۆبەرەی «حەسار» .. لەوەدەچێت تـا مـاوم دەبێت ڕابکەم .. وای لە شــەوانی پڕ ترس و بیــمی ئەوێ، شـەوانی خـەونی ناخـۆش و پەت و سێدارە، شـەوی پڕ لە ڕاچەنین بەدەم خەوەوە لە شـەقژنی پڕ لە تۆقینی دەسرێژی تەقە، شـەوانی خڕ دەرگا داخستن لە تـرسی دزو ڕەشــەبا، شــەوانێک کــە قــەڵای دزان بوو نـەک هـی مــێـردان، شـەوانێک کە خشـپـەی پێی پشیلە و گـەمـەی کزەبایـەک بە گەڵا لە حـەوشـەدا سرپیان دەکردین، پڕ لە وەڕینی سەگە بەرەڵا و گریانی هەتیوە بێ ماڵەکان، پڕ لە شێت و مـەستە نامەردەکان، شـەوانی نووستن لەسەر تەختەی چایخانەکان،

شەوانی مەستبوونی سیاسەتبازەکان و خوێن خواردنەوەی شەهیدەکان لەبری شەراب، شەوانی نوکتەبازی و شەهوەتبازی پیاوماقوڵەکان، شەوانی نەگەڕانەوەی ئەو کوڕە کاکۆڵ ڕەشانەی بەدوو دروشمی درۆ ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکران و بەیانی بە دارەبازە دەهاتنەوە ماڵ، من کوشتمی چاوەڕوانی ئەو ژنانەی سۆمایی چاویان داهات ئەوەندەی چاو ببڕنە دەرگا وازەکان بەڕووی ئەو کوڕو براو مێردانەی لە کەند و لەندەکان کوژران، کوشتمی قەهری ڕووناک نەکردنەوەی ئەو ژوورانەی کوتوپڕ چراکان تیایاندا وەنەوزیان دەداو دەمردن، وای لەو هەموو ئاگردانە ساردو حەکایەتە مردووەکانی داپیرە ددان کەوتوەکان، شەوانی میل بادانی ڕادیۆ و گەڕان بەدوای هەواڵی کوژرانی کانی و غلۆربوونەوەی کەرتە شاخەکان، هەواڵی مردنی دوا شۆڕشی هەڵگیرساو لە پاش سەد ساڵ لە تەقینەوەو هەڵگەڕانەوەو ڕاپەڕین و مل نەدان، شەوانی پڕ لە هات و هاواری هاوڕێیان لەسەر ئەوەی خیانەت بەڕۆژ چ ڕەنگێکە و بەشەو چۆن خۆ دەنوێنێ .. ئاخ لە شەوانی پڕ لە قەباحەتی وڵات .. تا ئێرە وڕێنەی شەوێک لە شەوانی مەنفایە، هەر خودای خەم خۆی دەزانێ شەوانی دیکەم چەندە لەم وڕێنانەی لە ڕۆحی تاریکی خۆیاندا بۆ هەڵگرتووم؟

تۆ لە سیحری نووسین دەپرسیت .. ئاخۆ ئێرەش دەبێ بەو جێیەی هەمان هەناسەی تیابدەم؟ نیتشە دەڵێت: ئێمە خەریکی هونەرین تا نەخنکێین. بۆ من ئێرەو ئەوێ چ جیاوازیەکی نیە، مادامەکێ غوربەتەکە لە ڕۆحمایە، من زۆر مناڵکاربووم بەو غوربەتە ئاشنابووم، نامەوێ فەلسەفە بەو غوربەتەوە بکەم، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەو غوربەتە ڕۆحیەی من بەتەنها جێگۆڕکێی جوگرافی نیە، وەلێ ئەو جێگۆڕکێیە قوڵتری کردەوە، مەسەلە بۆ من تێکچوونی پەیوەندیە .. ئاخر کێ بەقەد ئێمە لە مێژووی خۆی، چ وەک خاک و چ وەک نەتەوە، بە غەریب کراوە، بەکەڵەگابوونی سێ زمانی وەک عەرەبی و تورکی و فارسی بەسەر زمانی خۆماندا، لەبەردەم دەربڕیندا غەریبی کردین، ئێمە لەسەر خاکی خۆمانین و غەریبین، ئێمەین هەتیوەکانی دونیا .. من هەرزوو بە نووسین تەعویزم بەوغوربەتە دایەوە، بۆ من ئەو منە من و ورتەورتە ناوی نووسینە،

نووسینەوەی مێژووی ترس و شەرمی خۆم و خەڵکی بوو، من تەنها ئەو وەختە دەنووسم کە هەناسە لە قوڕگما بتاسێ، کە لەخەمان خوێنم کەف بکا، بۆ من فیتنەی نووسین لە فیتنەی خۆ ڕەحەتکردن دەچێ، هەردووکیان پێویستیان بە بڕێکی زۆر لە خەیاڵ هەیەو بە دزییەوە دەکرێن، هەردووکیان دەرەنجامی جۆرێک لە تێکچڕژان و گرژبوون و دڵەڕاوکێ و مەیلە بە خاوبوونەوە، چ جیاوازی هەیە ڕشتنی مەرەکەب و ڕشتنی شەهوەت؟ من تا زۆر گرژنەبم نانووسم، من لە وڵات زوو گرژدەبووم، لێرە نەک هەر گرژم، بەڵکو زۆرجار لوول دەبم، جارێ ئەو لول بوونە بۆ من گرێ و گواڵەو زەحمەتە بکرێمەوە، نازانم کەی دەکرێمەوە؟

من جارێ لە قۆناغی چاو کردنەوەم وەک بێچووە پشیلە، من بەقەرزو قۆنتەرات نەهاتومەتە ناو دنیای نووسین، مەسەلەکە پێویستیەکی ڕۆحیە، تەڵاقدانی نووسین یان خۆلێ مارەکردن بۆ من مایەی تێڕامانە، خۆ ئەزموون و ئازارەکانیش وازوو نابنە داهێنان. من هەمیشە حەزدەکەم بژیم و دوایی لەوە ورد دەبمەوە چیم لەلا جێدەمێنێ و بە چی هەناسەم سواردەبێ؟ کەی ئاوس دەبم و کەی دەزێم؟ نازانم .. مەبەستم نیە بیزانم، بۆ من فیتنەی نووسین لە سروش دایە نەک لە پیشە، هێشتا لەلام نەبووە بە پیشە، من وەک پێغەمبەران: نازانم کەی خودای داهێنان جوبرائیلی خۆی دەنێرێ و لە بن گوێم دەخوێنێ، من پتر گوێ لە دەنگەکانی ناوەوە دەگرم.

ئێرە ئەگەر زەریاش بێ زەریایەکی کپ و خامۆشە، من هێشتا هیچ گێژەنێکی ئەوتۆم نەدیوە، من لەگەڵ خۆمدا گێژەنی زەریاکانی خۆمانم هەڵگرتووە، بێ شک لێرەش، لەبنی ئەو زەریایە شەڕی نەهەنگ و ماسی هەیە، لە دارستانەکانیدا پڵنگێک بەدوای مل شکاندنی ئاسکێکەوەیە، وەلێ لەمنەوە دیارنین، لێرەش دەرک بە ڕق و خۆشەویستی دەکەم، بە شکۆمەندی مرۆڤ و بەزینی، وەلێ وردەکاری ئەم حاڵەتانەم ڕاو نەکردووە، لەوەدەچێت هێشتا من لەسەر یادەوەریەکانی خۆم بلەوەڕێم، ئەمڕۆی من لێرە بۆ بەیانی دەبێ بە یادەوەری، با پێش زەمەن نەکەوین، درۆی خۆپەناگرتن لە مەنفا لێرەوە دەست پێدەکا کە هیچمان ناتوانین ڕابردوو یان یادەوەریەکانی «دوێنی» تەڵاق بدەین،

ئەو یادەوەری یە خـوێناوی و زامـداره هـەمـیـشـە خـوێنی لەبەردەڕوا و هەر ئەوەشـە ناهێڵێ ئاسـودەبین، بێ یادەوەریەکی بریندار من ناتوانم بنووسم، کە دەشنووسم نـاتوانم هـەست و نەست لەیـەکدی جـوێ بکەمـەوە، مـن تەواو بەربۆ «خودنائاگاهی» بەرەڵا دەکەم چونکە لەوێدا شتە شاراوەکان دەتەقنەوە.

من نـازانم ئێـره بـۆ من چ جـیـاوازیەکی دەبـێ؟ مـادامــەکێ من کـوڕی ئەو یادەوەریە تاڵانەم تـازە مـەحـاڵە دەسـتبـەرداری نووسین بم، چونکـە من هێشـتـا قەرزی کۆنم زۆر لەسـەرەو دەبێ بە نووسین بیاندەمـەوە، پاککردنەوەی حسـابی من لەگەڵ دونیایەک کـە هـەر زوو فڕێیدامە دەرەوە، من دوا ووتەو سیـحری خۆم نەنواندووه .. هێشـتـا پێڕەوگـەم و ئـەوەی کردوومـە گڕوگاڵی خـولقـاندن بووە، ئاخ کە ئازار لە داهێنان گەورەترە .. !

بۆچی وا هەست دەکەم هیچم نەوتبێت؟

نووسـین بۆ مـن سـی ی دووەممـەو هـەنـاســەی پێـدەدەم، بێگومــان بـۆ من فـیـتنەی نووسـین تەنـها لەوەدایە کە مـێـژووی شکەست و هەرەس و نوشـوسـتی خۆم دەگێڕمەوە، ئـەم غوربەتەش ئەوەندەی تر وێرانی کردم و هـەست دەکەم من خیانەتم بە هـەموو ئەو شتە خۆشەویستانە کرد کە جێمهێشتن.

من زۆرجاران لەخۆم و هاورێکانم دەپرسم: کـوردستـان ئەو باوکە دڵ ڕەقـە بوو کـە هـەرهـەمـوومـانی ڕاونـا .. یان ئەو دایکە بێـوەژنـەبوو هـەر هـەمـوومـان، کوڕانی نابەڵەد بووین و دڵ ڕەقانە بەجێمانهێشت.

من تا هەنووکە لە نێوان ئەو دوو وێنەیەدا تیاماوم، لەوەدەچێت کـوردستـان: هـەردووکیان بێ، بەلأم بۆ من پتر لەو باوکە دڵ ڕەقەچوو کە لەماڵ، بەنیوەشـەو، دەریکردم .. وای لە مـەترسی بانگەشـە بۆ «ئیـرۆس» پەرسـتی وەخـتێ هـەمـوو خەڵکی لە عەشقی «تاناتۆس»دا تواونەتەوه.

من بەخـوایشـتـی خـۆم نەهاتمە دەرەوە: تارمـاییـەک لە شـێـوەی خـودا کـە ڕەختـە و فیشـەکی لەخۆدابێ ڕاویـنام، لە پێشـەوەی سـوپایەک دەهات: لە دێو و درنج .. لە خـێـو .. لەو سـیـخـوڕانـەی تاریکی ڕاوەشــەو پیـری کـردن، بەدەم شۆڕشـی ڕەش و سـەفەری بەپەلەی بەناو شاری پڕ عیشوەو مـوحیبەتی ئێمـەدا تێپەڕی و خاپوری کرد.

من هێشـتـا لە هەناسـەبڕکێی ئەو غارغارێنە نەکوتووم .. کـەی هەناسـەم هاتەوەبەر قسە لەسـەر فیتنەی نووسـین دەکەین.

**هیوا**: تۆ چوویت چرایەکت لەو مـاڵە حـەرامـەدا ڕۆشن کردەوە کـە ئێـمـە بە تاریکیـەکەی ڕاهاتبـووین و بەشەرمـەوە دەچووینە ژورێ و بە شەرمیشـەوە لێی دەدواین. لێ تۆ لە ڕووناکـیــەوە دەتنووسی و کـە دەشــهـاتیـتـە دەرێ بـاسی نهێنیـیـەکانی خـۆمـانت بۆ دەکـردین، باسی گرێ و ئاڵۆزییـەکان؛ ئەو مـاڵەش مـاڵی «سـێکس» بوو، ئەو باڵەخـانە ئەفسـانەییـەی کە ڕەنگە زۆربەی تەقـینەوەو داهێنـانەکـانـی ئەدەبی کـوردی ئەو چەپاندنە هاندەرو پـاڵپـێـوەنەری بووبێت، جودا لـەو داهێنانەی کـە لە ئەدەبی خـۆرئـاوادا هـەیە بەهـەمـوو جـیـاوازیەکـانی تێڕوانینیان بۆ «سێکس»؟

**شێرزاد**: بیـرمـە زۆر منـاڵ بووم، هەرچوار پێنج سـاڵم تـەمـەن بوو، وەک تارمـایی خـەونێک دێتـەوە یادم، لە گـەڕەکی «گـڵکەند» و لە هەولێـر بـووین، گـۆڕسـتـانی «خـوراسـان»ی نزیک گـەڕەک شـوێنی یاریگامـان بوو، ڕۆژێکیـان لەگەڵ کچە دراوسـێیەکی خۆمان کە هاوزای خۆم بوو یاریمان دەکرد، پاشان کە گەڕاینەوە مـاڵەوە، زۆری پێنەچوو دایک و باوکی کچەو هەندێ لە خـەڵکی گەڕەک و مناڵ و مـەزن بە هاتوهاوار و شـاتەشـات هاتنە ناو حـەوشـەکەمـان و منیـان لە باوەشی دایکم دەرهـانی .. بوو بە شــەڕو هەرایەک نەبێـتـەوە .. من زەندەقم چوو .. سـەرەتا دایکم بەرگری لێدەکردم .. منیش نەمـدەزانی مەسـەلە چییـە .. دواجـار بۆ ڕازی کـردنی ئـەو خـەڵکە داخـدارەی هـاتبـوونـە سـەرمـان کەوتە لێدانی من .. دواجار کە شـەڕەکە کوژایەوە منی داناو تێیگەیاندم کە من کـارێکی زۆر خـراپم کـردووە، دیاربوو کـچـەی هـاوڕێم لـەوەخـتـی میـزکـردن و گـووکـردن دەرپێی بەجێ هـێـشـتـبـوو .. بەڵام ئیـدی بەملی منداهـات کـە من دەرپێی ئـەو کـچـۆڵەیەم داکـەندووە و تەعـەرووزی نامـوسـیم کـردووە .. پاش دۆزینەوەی دەرپێیەکە لە گۆڕسـتان بـووە مایەی ئەوەی بەدوای منی تاوانباردا

بگەڕێن .. ئیدی ئەوە یەکەمین گرێی من بوو لەگەڵ شتێک کە من دەمزانی چیە .. دیارە تا ساڵ تێپەڕی دەکرد من پتر بەو حەرامە ئاشنا دەبووم و دەمزانی چ وێرانەیەکی دروستکردووە، تا تەمەن هەڵدەکشاو وورد دەبوومەوە پتر حاڵی دەبووم کە لە پشت زۆر لە کارو کردەوەکانی مرۆڤ ئەم وزە کوژراوە ئیشی خۆی هەیە.

هێدی هێدی لە ڕۆح و خولق و ڕەوشتی خەڵکی نزیک دەبوومەوە، دەمبینی لەسەر ئاستی میللی: دەنێو گۆرانیەکانماندا، نوکتەکان، جنێوەکان، خەون و خەیاڵ و ختورەکان ڕەنگدانەوەی ئەو وزە کوژراوە دەبینی، ناوی ئەندامەکانی سێکس و زایەندە وەکو خۆیان بێ شەرم و دوودڵی دەوترێن، بیرمە شەوان کە منداڵ بووم، میوانەکانمان بە ژن و پیاوەوە چۆن بە جۆرێک لە ڕەمزو هێمای ئاشکراو هەندێ جار بێ پەردە لەو گرێ و کێشەو مەیلە سێکسیانەی خۆیان دەدوان. بەتایبەتی ئەو وەختەی ماڵمان لە «ڕەواندوز» بوو .. وابزانم تابەرەو چیاکان هەڵکشێی حاڵەت و بازنەکانی سێکس و عیشق و ئەڤین پتر دەکرێنەوە، تا بەرەو دەشتەکان داگەڕێیت کۆت و بەندەکان توندتر دەبن، دیارە بۆئەوەش هۆکار زۆرن.

من هەمیشە لە هەڵکۆڵینی «نائاگاهی – لاشعور»ی خۆم و خەڵکیدا بووم، من هەر زوو دەبوو بچمە ناو شەوەزەنگەکانی دڵ و دەرونی خۆم وخەڵکی، ئەشکەوتە تاریکەکانی ڕۆح بگەڕێم بە دوای ڕازو نیازە کوژراوەکان .. مەیل و هەوەسە خنکاوەکان، داهێنانی ئەدەبی و هونەری کە نزیکە لە خەونبینین یان جۆرێکە لە خەونبینین: بۆ من هەمیشە تێپەڕاندن و پەڕینەوەبوو بۆ ناوچە «حەرامەکان»، نزیک بوونەوە لەو حەرامە حەڵاڵترین کاری من بوو، بەلامەوە ئاساییبووە بۆ شکاندنی ئەو تەلیسمەو گومانکردنی لە بە پیرۆزکردنیدا سەری خۆم دانێم، دیارە بازنەکانی بە پیرۆزکردن و حەرامکردن لە وڵاتی ئێمە زۆر تێکەڵکراون، چەپاندن و کەپکردن «کبت» SUPPRESSION ڕەنگڕێژی کەلتووورێکە کە هەیە، جا چ سەرچاوەکانی «ئاین»بن، یان دابونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ من ئاشکرایە کە کەلتوری عەرەب – ئیسلام دەیەها حەرامی لەگەڵ خۆی هێنا، خۆ گەر حەرامێکیش بەر لە هێرشی ئەو

کەلتورە هەبوو‌بێت، ئەوە کەلتوری ئیسلام تۆختری کردەوە، پانتایی سەرەکی ئەو حەرامەش لەوێدا هەر «سێکس»ە، هەر خۆی کارکردنی ئایین سورِانەوەیە لە چواردەوری «فۆبیای سێکس»، فۆبیا بە  مانای ترس و تۆقین.

من هەندێ جار کارم لەسەر ئەو تێکشکاندنە رۆحی و رەوانی و بەدەنیە کردووە کە ئەو «فۆبیا»یە دروستی دەکات کە تیایدا چەپاندن «کبت» دەگاتە چڵەپۆپە کە جگەلە «نێرفوزە – عصاب» هیچ نادا بەدەستەوە، من ویستم ئەم حاڵەتە لە ئاستە میللیەکە، ئەو چاونەترسیەو شکاندنی کۆدو بەندی حەرامەکان بگەیەنمە ئاستێکی هونەری و ئەدەبی بالآ، تێناگەم بۆ دەبێت قسەکردن لەسەر گرێ و گواڵ و کێشە دەرونیەکان کە مەیدانێکی گەورەی سێکس و سۆزدارییە وا ترسناک دەکەوێتەوە، ئەو هەموو شەرم  وشکۆیە .. بۆ؟ ئەو رۆحە کۆنەخوازە چ قازانجێکی هەیە؟ بۆچی دەبێت تۆماری ئەو هەموو شت و حاڵەتانەی ملیۆنەها کەس شەو و رۆژی پێدا تێپەردەبێت گوناه بێت؟ گەر مەسەلە «حەرام»ە کە نەبێت، ئەوە خەڵکی زۆر بەسادەیی و هاکەزایی ئەو شتانە هەڵدەرێژێ، نەوتنی ئەم حەقیقەتانە رەوشت و ئەدەب نیە، بەڵکو ترس و ریاکارییەکە ... من هەر زوو ئەو بەرگی درۆو ساختەبازی و ریاکاریەم لە نووسینی خۆم وەلادا، بۆ من  چوونە ناو خەونی خەڵکی بوو بە خەمی یەکەمم.

جێمس جۆیس دەڵێت: من ناتوانم بنووسم گەر هەست و نەستی خەڵکی بریندار نەکەم. بۆ منیش ئەو هەست بریندارکردنە «بەمانا ئەدەبیەکەی» ئەو وروژاندنە، نزیک بوونەوە لەو ناوچە حەساس و حەرامانە مەبەست بوو .. بەبەرنامە رێژی ئەو کارەم نەکردووە، خۆی سیحری نووسین و دەردەکانی ئینسان ئەوەیان پێکردم، لای من تۆمارنەکردنی ئەو شتە شاراوانە، گرێ و گواڵ، حاڵەتەکانی مەراق و گینگڵ و عوساب خیانەتە، تۆمارکردنی ئەمەکدارییە بەرامبەر بە مرۆڤ و کێشە هەڵاسیاوەکانی، مەسەلەی سیحری داهێنان نەبێت هیچ جیاوازیەک لە نێوان تۆمارو شتی سەرزاردا نابینم، گواستنەوە و پەرینەوە لەمبەرەوە بۆ ئەو بەر بەرەوا دەبینم، هەرچی خەیاڵ و ختورەو خەونێک کە مرۆڤ هەیەتی و دەیبینێ، لای من، تۆمارکردنی رەوایە،

هیچ پاک و پیسیەک لەوەدا نیە مادامەکێ مرۆڤ خۆی تێیدەکەوێت.

خوێنەر گەر خۆی ئەقڵێکی تۆکمەو پاکی هەبێت: لە نێو دونیای ئەدەب دا هیچ شتێک بە پیس نابینێ، پیس لە ڕوانگەی من و تۆدا دیوێکی ئەخلاقی هەیە کە هەندێ جار ئەو جۆرە ئەخلاقە دژ بە ڕۆحی داهێنانە، چونکە ئەخلاقێکی تەقلیدی و گەنیوە، ئەخلاقی ڕاستەقینە ئەو ئەخلاقە تەقلیدیە ڕەتدەکاتەوە، زۆر لە نووسەران ئامادەن بە نوکتەیەک لەو حەرامە نزیک ببنەوە، بەڵام ناوێرن بە داهێنانێکی ئەدەبی لێی نزیک بنەوە، دیارە بۆ خەڵکی ئاسایش هەر هەمان شتە، من وا هەست دەکەم جیاوازی ڕۆشنبیری سەرزارەکی «شەفاهی» لەگەڵ ڕۆشنبیری تۆمارکراو لەوەوە هاتبێت هەموو تۆمارکردنێک بۆنی بە پیرۆزکردنی لێدێ، چونکە لە دیدگای ئێمەدا تۆمار هەر شیاوی کتێبە ئاسمانیەکانە، فەرمودەکانی پێغەمبەرانە، یان پیرۆزی ئەو کتێبانەی کە لە دونیای فیکرو ئایدۆلۆژیادا چونەتە ڕیزی کتێبە ئاسمانیەکان، ئیدی بە قەولی زۆرکەس ناکرێ نووسین و تۆمار ئەوەندە دابەزێت باس لەو شتە پڕ لە عەیب و شورەییانە بکات کە دەکرێت مرۆڤ بەس لەسەر دیوارەکانی ئاودەست و ژوری نووستن بیریان لێبکاتەوە، یان تەنها لە تیاترۆخانەکاندا و لەگەڵ لەشفرۆشەکان دا ئەو حەیایە نەمێنێ.

فرۆید دەڵێ: ڕەوشتی باو و موحافیزکارانە لێناگەڕێ نێرو مێ بگەنە «ئۆرگازم – دوا پلەی ڕەحەتبوون»، من لەو بڕوایەدام کە حەرام و بڕوا هێنان بەو حەرامە وادەکات نووسەر سەربەستی داهێنان بدۆڕێنێ، من کە دەرکم بەوەکرد چیتر تاقەتم نەما لەگەڵ هاوەڵەکانما لەو ژێر زەمینە تاریکانەدا خۆم بشارمەوە، دەبوو بێمە دەرەوە، دەبوو چرایەک داگیرسێنم تا وابکەم لەو ماڵە تاریکانەدا خەڵکی جوانتر یەکدی ببینن، من دژی خوڵقی شەمشەمە کوێرەم، چارەنووسێکی ئەبەدی نیە وەک نووسەر ببمە ئەو سیخوڕەی هەر بەشەو ڕاودەکا، من خۆم گیرۆدەی دەستی ترس و شەرم و عەیبە و حەرام بووم، کوڕی ماڵ و خێزان و گەڕەک و شارێک بووم کە بە «حەرام» دیوارەکانی هەڵچنرابوو، ڕایەڵی بنمیچی، ڕایەخی، خۆراکی، گریان و خەنین و پرسەو شایی: هەر هەمووی حسابی حەڵاڵ و حەرامی لەگەڵ دەکرا، بۆیە دەبوو

هێزێکی لەبن نەهاتوو پەیدا بکەم و بەهێزی «٦٠» ئەسپ تەکان بدەم و خۆم لەو هەموو حەرامانە ڕزگاربکەم، سوپاس بۆ کتێبەکان کە لەم هەوڵە کەمێ سەریانخستم، سەلمان ڕوشدی واتەنی: شەرم خەڵکی ئێمەی کوشتووە. منیش هەروا دەڵێم: شەرم کردن لە سەرەکیترین پێویستی ئادەمیزادە کە ئەویش خۆشەویستی و سۆزدارییە.

من چیتر نەمتوانی ڕێزی گوناهی یەکەم بگرم، دەمویست گوناهی یەکەم وەک کارەسات و دەرەنجام وەرگرم، وەک ئەفسانەیەک کە مێشکی زۆرینەی خەڵکی تا حاڵی حازر لەو «تەوەهوماتە» ڕزگاری نەبووە، وەلێ ئەو گوناهە تا ئەبەد هەق و ڕەوانیە، پیرۆزنیە، ناکرێ مرۆڤ تا ئەبەد لەسەر ئەوە لەداربدرێ و بە نەفرەتبکرێ، من حەزمکرد لە ژیانی ئەدەبیم دا وەک مناڵەکەی ناو چیرۆکی «بەرگی ئەفسوناوی» «ئەندەرسن» پاک و ڕاستگۆو نەترس بم، کە دیارە وەک وەزیرو گزیرەکان درۆ نازانێ و بە پادشا دەڵێ: «تۆ ڕووتی پادشا»، کەچی ئەوانی تر دەیانەوێ بە پادشا بسەلمێنن کە بەرگێکی ئەفسوناوی لەبەردایە لەوەختێکا کە ڕووتە، هەڵبەتە من دەمزانی لەسەر ووتنی حەقیقەت مرۆڤ چۆن لەداردەدرێ، بەڵام ئیدی داهێنان لە هەموو پیرۆزەکانی ئەم دونیایە پیرۆزترە، من خۆم کە پەروەردەی ناو ئەو کەلتورە بووم کە کاری خۆی لەسەر چەپاندن دەکات، دەبوو زوو بتەقیمایەتەوە، هیچ نەبێت خۆ بەتاڵبکەم، خۆ ڕەحەتکەم، دوایی تێگەیشتم .. نەخێر .. خۆ بەهەزارەها کەس هەمان دەردو گرێ و گوالّی منیان هەیەو هەبووە، من کە «نائاگاهی» خۆم دەتەقاندەوە، کە خۆم بۆ خۆم شیکاری حاڵەتە ڕەوانیەکەی خۆم دەکرد، دەمدی بەسەدەها کەسی تر هەمان حاڵەتی من دەژین، من زاتێک نەبووم کە لە ئەستێرەیەکی دیکەوە هاتبێ، هاوخەمم زۆربوون، هەربۆیە لە ماوەیەکی کەمدا بە خوێنەرانم گەیشتم، بۆ من مایەی شاگەشکەبوون بوو نەک لە خۆبایبوون، جگە لەوەی گەیشتمە قەناعەت کە کلیلی دەرگاکانی داهێنان شۆڕبوونەوەیە بەناو زاتی خۆمدا، ئەو نهێنی یەی مەرجە هەموو نووسەرێک پێیبگات.

من قەت نەمویستوە کۆپی واقیع وەک خۆی بکەم، بەڵکو بۆ من بە قسە هێنانی شتەکان و کەسەکان تا ئەو سنوورەی کە ئەوانی تر پێیناگەن و

تێینـاگەن، یان پێیناوێرن، یان تێیدەگەن و خـۆیانی لێگێل دەکـەن، بۆمن ئەو پەڕی ئامـانج و خـولیـابوو، دیارە لە  وڵاتی ئێمـەدا سێکوچکەی حـەرام هەیەو نووسـەر حـەرامـزادەیە گەر بیـەوێ دەم لە  کێشـەکـانی سێکس و سۆزداری بدات، چونکە یەکسـەر تێکەڵ دەبێتەوە بەمـەسـەلەی ئاین و حـەڵاڵ و حەرام کە ئەویشیـان هـەر هێڵی سوری بەدەورداکێشراوە، قسـەکردن لەسـەر کێشـەکانی سۆزداری و پەیوەندی نێرو مێ قسـەکردنە لەسـەر پەیوەندیە  کۆمەڵایەتیـەکانی .. شۆڕبوونەوەیە بەنێو چینە شاراوەکانـی ئەو پەیوەندیە، قسەکردن لەسـەر ئەو یاسـاو دەسـتـورانەی کـە ڕەنگرێژی ئەو پەیوەندیـە دەکات، یان گومـانکردن لە ڕاسـتی و دروسـتی پـتـەوی ئەو کـۆمـەڵگایە، ئەویش دەمـانبـاتـەوە نێـو دونیـای سـیـاسـەت کـە حـەرامـە، ئیـدی بازنەکـانی ئاین و سـێکس و سـیـاسـەت وەها تێکەڵن کـە گـەمـەکـردن بە چەرخـێک لەو چەرخـانە وادەکـات بـە شـێـوەیەکی میکانیکی هەموو چەرخەکانی دیکە بسوڕێنەوە.

من لەسـەرئەوەی لە چیرۆکەکانما جنێو هەیە: تاوانبارکرام. من تێناگەم کە ملیۆنەها کەس لە ژیانی ڕۆژانەیان دا جنێو بەیەک دەدەن و بەمشێوەیە تەعبیر لە توڕەبونی خـۆیان دەکـەن، بۆ دەبێ لە چیـرۆکـێکدا شـیـاونەبێ پاڵـەوانێک جنێوبدات؟ لەبەر حورمـەتی  حورمـەتداران ئەو جنێوە قوتبداتەوە، دیارە لای ئێمـە « ئـەدەب» یانی ڕاگرتنی حـەیاو حورمـەتی ڕیاکارانـە، دیارە لە ئەوروپاو ئەمریکاش کەسـانی وەک لۆرانس و جۆیس و فلۆبێر و مۆپاسـان و ناباکۆف و مۆراڤیا .... و دەیـەهـای تر بە هـەمان تۆمـەتی «بەدڕەوشتی» و لادان لە خـوڵقی باوی کـۆمـەڵگا تاوانبـارکـران، بەڵام ئەو داهێـنەرانـە توانیــان ئاڵۆزترین و جـوانتـرین پەیوەندی کـە هی نێـرو مـێـیـە تۆمـاربکـەن. ئەمـڕۆکـە گـەنجـێکی هاکـەزایی ئینگلیـزی تێنـاگـات بۆچی خــەڵکی بـە چاوی ترسـەوە لە ئـەدەبی «لۆرانس» ڕامـاوە، لەسـەر نووسیـنی ڕۆمانی –مەدام بۆڤاری– بوو کە «فلـۆبێر» دادگـایی کرا، گـوایە کـەی ڕەوایە ئافـرەتێکی بـە نامـوسـی فـەرەنسـی ئەوەندە عـیـشـقـبـاز بـێ و وا زوو زوو دۆسـتـەکـانی بگۆڕێ، بەڵام ئیـدی حـەقـیـقـەتی سەرکەوتنی ئەدەب لەوەدایە کـە «شاراوە» و «نادیار» تۆماردەکاو پێشبینیەکان دێنەدی، نووسـەر ئەرکێکی پێغەمبـەرانەی لەسـەرشـانە، بەومانایەی کە پەیامی

هەیە، زۆرجاران گەیاندنی ئەو پەیامە دژ بەهەواو هەوەس و خولقی باوە. من دەمزانی جۆرەها «سانسۆر» هەیە، وەلێ هەر زوو تەقەلامدا کە ڕێز لەهیچ جۆرە سانسۆرێک نەگرم، دیارە هێشتا ماومە، ئومێدەوارم لەم بوارەدا بێحورمەتی زیاتر بنوێنم، من لە هەوڵی ئەوەدام پێ لە شتە پیرۆزەکان بنێم و فێڵ لە هەموو سانسۆرەکان بکەم، چونکە سانسۆر چەکی دەستی دەسەڵاتدارانە، داهێنانیش شەڕە لەگەڵ هەموو شێوەکانی دەستەڵات، مێژووی ئەدەب مێژووی فێڵکردن بووە لە شێوەکانی چاودێری، دەسەڵاتداران ئەو هەقە خواهانەیە بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن، حەرام و بە پیرۆزکردن دوو کۆسپی گەورەی بەردەمی داهێنانن.

چەندە لەبەردەمیاندا بنوشتێیتەوە ئەوەندە پتر خۆت سوک دەکەیت و جوانی دەدۆڕێنی، هەر بەناوی ئەو حەرامەوە بوو کە لە کوردستان باڵە ئیسلامیەکان فێربببوون بە پارەیەکی باش هەر هەموو ژمارەکانی «ڕشتەی مرواری» عەلادین سەجادی – یان دەکڕی و دەیانسوتان، دیارە لای «سەجادی»: کۆکردنەوەی ئەو نوکتەو سەرگوزشتە میللیانە «کە بەشێکی لە بازنەی سێکس» دەسوڕایەوە میرات و کەلتوورەو دەبێت تۆمار بکرێ، کە دەکرا لە داهاتودا کەسێک لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دەوری بکاتەوە و قسە لەسەر هەندێک لایەنی کەسیەتی کوردی بکات کە لە نێوان حەرام و خۆدەربازکردن لەو حەرامە چی بەسەرهاتووە، دیارە ئەم جۆرە تۆمارو نوکتەو سەرگوزشتانە کە سەرزارەکی دەوترێنەوە بۆ کەسانی سادە چەکن و تەعبیر لە شتە شاراوەکانیان دەکا، هەمیشە ئەو مەزاق و تەنزە بۆ کەسانی ژێر دەستەو هیلاک بەدەست تابۆ و حەرامەکانەوە دەروازەی تەقینەوەبووە بۆ شتە شاراوەو خەفەکراوەکان.

هەندێ لە نووسەرە عەرەبەکان کە دەرکیان بەم ڕێگرتنە کردووە زۆر لە کتێبە حەرامەکانیان بە زمانی بیانی نووسیوەو ئەوسا کراونەتەوە عەرەبی. دیارە نووسەرانی ڕاستەقینە زۆر بەوردی سەیری دەمی خەڵکی ئاسایی دەکەن و لەوەوە دەیانەوێ شۆڕببنەوە ناو ناخی کەسەکان، هیچ شورەییەکی تیا نییە هونەرمەندانە زمانی بازاڕی بگوێزیتەوە ناو داهێنانی خۆت

بەمەرجێک جێیکەیتەوە .. ڕاوکردنی خەراپترین و ڕەشترین و بەدترین خەیاڵ لە ئەدەب دا ڕەوایە، ناکرێ مێژووی سروشتی و دۆخ و سوڕی ژیانی ئاژەڵ چۆنە، دۆخ و سوڕی ژیانی مرۆڤیش هەروا ببینین، چونکە بێگومان مرۆڤ بونەوەرێکی ئاڵۆزترە، دیارە پتریش شارستانیەت و پەیدابوونی مەعریفەت ئاڵۆزتری کرد، هەرچەندە هەر مەعریفەت بوو وای کرد چەندین هەنگاو لە خۆناسین نزیک بینەوە، ئێمە خۆمان بەرپرسیارین لەبەردەم غەریزەکانی خۆمان .. ئیدی ئەم خۆدۆزینەوەیە هیچ مانایەکی نیە، بەلایەنی کەم من لەگەڵ «فرۆید»دام کە قسەکردن لەسەر نائاگاهی کارێکی ڕەوایە، دڕدان بەو شەوەزەنگەی ناو ناخی مرۆڤ نزیکترین داواکاری داهێنانە، مەرج نیە هەموو کردەوەکان هەستەوەری و هەڵبژاردەی مرۆڤ بن.

چیبکەین تا بگەینە ئەو ناوچەو هەرێمانەی مرۆڤ بە ڕووتی دەبینرێ؟ جگە لە ئەدەب من پانتاییەکی دیکە بۆ ئەو ڕووتبوونەوەیە نابینم. ئەگەر هونەرو ئەدەب ئەو ئاوێنەیەبێ .. بۆچی دەبێت تەڵخی بکەین؟ یان بەدەمامکەوە سەیری ناو ئاوێنەکە بکەین؟ دیارە ئاوێنەی ئەدەب دیتنی ڕۆحە ئەو وەختەی ڕەنگەکانی دەگۆڕێ. زۆرکەس داوامان لێدەکەن کە ئاخۆ ناکرێ بە تەکنیک و تەکتیکێکی وا بنووسین کە فێڵ لە هەندێ لەو خوێنەرە مێشک پوتانە بکەین کە بەناوی ئەخلاقەوە بۆ هەمیشە لە بۆسەدان؟ گرفتەکە ئەوەیە من واهەست دەکەم لەم بوارەدا زۆرماوە بوترێ، بەمەرجێک ئەدەب بێ، هەرچی تەکتیک و تەکنیکێک بەکاربێنین عەقڵی پاشکەوتە هەر ڕازی نیە، نوچدان لەبەردەم ئەوانەدا خیانەتە بە ڕۆحی هونەرو ئەدەب، قسەی من لەسەر گرفتە شاراوەو ڕۆحیەکانی مرۆڤە «نێر و مێ» بەهەموو ڕەهەندە ئاڵۆزەکانیەوە، قسەی من لەسەر کوشتنی «ئیرۆس»ە، ئیرۆس بەو مانایەی کە هەرچی ژیان جوان دەکاو بونیاتی دەنێ لەلای ئێمە دەکوژرێ، دیارە تا هەنووکە «تاناتۆس» بالادەستە کە دەگاتە ئەوەی هەموو بڕواو ئایدۆلۆژیەکان، چ ئاسمانی بن وچ ئەرزی، هەر هەمووی ڕووی لە مەرگ دۆستیە.

ئەگەر «مەنزومەیەکی» پیرۆز هەبێ: ئەوە من کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی دەکەم، چونکە مرۆڤ خۆی و کێشەکانی لە هەموو شتێکی دیکە پیرۆزترە،

هەر شتێک لە ناسینی مرۆڤ نزیکم بخاتەوە لەلای من پیرۆزە، پاشان نووسین بۆخـۆی پرۆسـەیەکی خـۆناسین و ئەوی دی ناسـینە، هەڵوەشـاندنەوەو ڕووتکردنەوەو ڕەخنەگرتن لەو چەمکە پیرۆزانە کاری نووسەرە، دەنا ناتوانێ بانگەشە بۆ بە سیکولاربوون و ڕادیکالبوونی خۆی بکات، لێدان لە تەقلید ئەرکی یەکەمە، تەقلید بەو مانایەی کە لەقۆناغێکی چەقبەستوودا بەندمان بکات، گومان و پرسیاری گەورە ئەو مینانەن «لوغم» کە من گەرەکمە لە ژێر باڵەخانەو ساختمانی بە درۆ وەستاوی دابنێم تا بیتەقێنمەوە، ئازایەتی «ئادەم» یان بڵـێم ئازایەتی «حـەوا» لەوەدابوو کـە زاتی ئەوەی کـرد ئادەم هانبدات لە درەختە حەرامکراوەکە بخوات، ئیدی دوای ئەوە مەعریفەت هاتەگۆڕێ، مەعریفەت بەو مانایەی کە هەستکردنە بە گوناه و پاشان بەوەی کە شەرمیان لەخۆکرد «عەورەتیان» هەیە، من شەیدای ئەو ئازادیەم هەتا گەر گوناهیش بەرهەمبێنێت: من چاک دەزام کە لە میوەی ئەو درەختە حەرامە دەخۆم و خەڵکی دەترسێن، یادەوەری بنیادەم سیخناخە بەو گواناهە کە دەکرێ سیحرو فریوی سێکس و سۆزداری بێ.

ئاین پەروەران لەوەدا دژی خـودای خـۆیان دەوەسـتنەوە، چونکە خـودا ئازادی گوناهکردن و حەرامخواردنی دا بە ئادەم و حەواو دەستی نەگرتن .. کەچی هەندێ پیاوی بەستەزمان و کەللەپوت دەیانەوێ ببنە خوا و دەستی ئێمە بگرن تا لەو حەرامە نەخۆین، ئەوەیان مەحاڵە .. هەموو پاشەکشێیەک لەم مەیدانەدا دۆڕاندنی سیحرو نهێنی و گەوهەری ئەدەبە .. دەی با چرای زیاتر هەڵبکەین، چونکە هەر هەموو وجودی ئێمە نوقمی تاریکیە..!

**هیوا**: تۆ بە قاچی بریندارەوە لەسەر ووردە شوشەی ئەو پەنجەرانە سەمات دەکرد کە بە بەردەکانی تۆ شکابوون، ئەو پەنجەرانەی کە پەنجەرەی یەقینی چیرۆکنووسەکانی پێش خۆت و سەردەمی خۆت بوون، ئەو سەماکردنە لای تۆ دەکرێت بکرێتە شوناس؟

**شێرزاد**: دیسانەوە دەڵێم: گەر نووسەرێک ئەوەندە هاروهاج نەبێ بەکەڵکی چی دێ؟ بەڵێ کە من هاتمە ناو دنیای چیرۆکی کوردی .. چیرۆکنووسەکان زۆربەیان لە یەقینێکەوە دەیانووسی کە سەرچاوەی لە ئایدیۆلۆژیای حیزبێکەوە گرتبوو، ئیدی دوو قەناعەتی دیارو ڕۆشن لەبەرچاوبوون: تۆ یان لە بەرژەوەندی چینایەتیەوە دەنووسی، دیارە مەبەستم بەرژەوەندی چینی پرۆلیتاریایە، یا تۆ بەڕۆحی ناسیۆنالیستی یەوە دەنووسیت و مەسەلە نەتەوایەتیەکە دەستت دەگرێ و ڕێی جوانی و داهێنانت نیشان دەدا، دیارە یەکەمیان بە ناوی ڕیالیزمی سۆشیالیزم وێرانەیەکی لە ئەدەبی زۆر لە میلەتانی دونیا دروستکرد، بەتایبەتی لای ئێمەی کورد.

دیارە من گاڵتە بەهیچیان ناکەم .. هەردووکیان گەر بە هوشیاریەوە کران پیرۆزە، بەڵام من لەو جۆرە چیرۆکانە کە بە دوو مەیلی جیاواز دەنووسران یەکدیان پێ خیانەتکاربوو .. مرۆڤم نەدەدی .. هەمیشە پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکانە چ کرێکاربوونایە و چ پێشمەرگەیەکی خاک و نەتەوەپەرست سوپەرمان بوون .. ئەو جۆرە پاڵەوانە خوێنی لێ نەدەڕژا .. هەناسەی نەدەدا، نانی نەدەخوارد .. دڵداری نەدەکرد .. تەنها دەیزانی تێبکۆشێ .. تێکۆشان و بەس، گرفتەکە ئەوەیە لە ئەدەب دا هەمووشتێک هەبێ یەقین نیە .. یەقینێک کە وابکات تاکڕەهەندانە شتەکان و حاڵەتەکان ببینێ، یەقینێک کە ڕەگوریشەیەکی زۆر غەیبیانەی هەیە کە ناکرێ نووسەرێکی هاوچەرخ کە مەیلی گەڕان و پشکنینی ناخی مرۆڤی هەیە خۆی پێوە ببەستێ، هەموو جۆرە یەقینێک واتلێدەکا چەق ببەستی و ئارامیێکی وات دەداتێ کە قەت نەتوانی داهێنانێکی نوێ بەرهەمبێنی .. من لەو چیرۆکانەدا نە مرۆڤم دەدی کە خوێنی، گۆشتی هەبێ، نە زمانێک کە هالاوی ژیانی لێ هەڵبستێ، وەختێ ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسمی نووسەر جڵەوکێش دەکا، سەربەستی دەدۆڕێنێ و ناتوانێ لە ناو زمان -یشدا ئازادبێ و پاڵەوانەکانی بە پێی قەرەوێلەکەی «پرۆکرۆست» کورت و دێژ دەکا، واتە ئەو کەسەکان دادەتاشێ و نەک خۆیان بۆ خۆیان خولقابن .. زۆرجاران لەگەرمەی نووسین دا خۆم دەدەمە دەست پاڵەوانەکانم ئاڕاستەم بکەن، چونکە، ئەوانیش بۆخۆیان زیندوون و دەجوڵێن و

ژیانی خۆیان هەیە، من نازانم چەند پەنجەرەو دەرگام بۆ ئەوە کردۆتەوە، یان بە قەولی تۆ چەندە ئازابوویمە تا لەسەر شووشەی ئەو پەنجەرانەی بە بەردی من شکاون سەمابکەم .. لەو هەولەدا لە خەمی هیچ جۆرە جیاوازی و شوناسێک دا نەبوویمە .. من ویستوومە وابێ: کەسەکانی دەیانخولقێنم چەندە بۆنی ژیانیان لێدێ بە هەموو ڕەنگە جیاکانی ژیانەوە، ئەوەی منی ترساند ئەو هەموو پاڵەوانە «فلات»ە Flat بوون کە چیرۆکنووسەکان وایاندەزانی خولقاندنی سۆپەرمان ئەو یەقینپەرستیە قوڵترو پیرۆزتر دەکا کەدیارە وانی یە .. من مەبەستم بوو لەپاڵەوانی فلاتەوە «تەخت و یەک دیو» بگوێزمەوە بۆ پاڵەوانی خڕ یان «بازنەیی» Round کە دەبێ بسوڕێیتەوە بەدەوریدا تا لە هەموو لایەکەوە ببینی .. ئەوەش لەوەوە هاتووە کە من پاڵەوان بە هەموو ترس و شەرم و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خۆیەوە دەخەمە سەرکاغەز، بۆ داهێنان هەموو پێش مەرج و یەقینێک دەبێ ڕەتبکرێتەوە. ئەو یەقینە لەکوێوە هاتبوو؟ بە قەناعەتی من هەموو چیرۆکنووسە کوردەکان لە شانەکانی حیزبێک لە حیزبەکانەوە پەروەردە دەکران، بۆ نموونە: حیزبی شیوعی یەکەمجار بۆ نموونەی ئەدەبی کرێکاری و پرولیتاری ڕۆمانی «دایک»ی دەخستە بەردەستان، حیزب هەمیشە، هەرچەندە مۆدێرنبێ، قەناعەتی چەسپاوی خۆی هەیەو خاوەنی کۆمەڵێ ئایەت و سورەتی خۆیەتی کە ئیدی لێلادان لەو چەمک و پرنسیبانە لە عورفی ئایدیۆلۆژیای حیزب دا خیانەتە، دیارە ئەوەش هەر ڕەگێکی ئاینی هەیە. نووسەر یان ئەندامی حیزب هەموو گومان و پرسیارێکی لێ دەسەنرێتەوە، کۆمەڵێ حەقیقەتی نەگۆڕی دەخرێتە بەردەم کە بوار بۆ هیچ جۆرە مەعریفەتێک خۆشناکا .. مەعریفەت بەو مانایەی پرسیارو گومان دروستبکات .. نووسەر لە حیزب دا دەبوو بە مناڵێکی سیحرلێکراو .. دۆعا و نوشتە لێکراو .. تەنها ئەو حەقیقەتەو یەقینەی لەبەرچاوبوو کە حیزب پێی فرۆشتبوو .. زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکنووسەکانی کورد لەو شانە حیزبیانەوە بەڵگە نامەی خۆیان وەرگرتبوو. هەر حیزب بوو بڕیاری دەدا ئەو نووسینە یا ئەو پاڵەوانە چەندە هەڵگری دروشمە پیرۆزەکانی حیزبە .. یان یەقینەکانی حیزبە .. چەندە وەک «بافل»

دەکـرێ ڕەمـزی هەمـوو پرۆلیـتـاریێکی شـۆڕشگێـڕبێ یان وەک «جـوامـێـر» پێشـمـەرگـەیەکی گیـان لەسـەردەسـتبێ، ئیدی چیرۆکی کـوردی پڕە لەو وێنە کاریکاتۆریانـەی کە کـەس ناهێنێتـە پێکەنین، یان لـە هەفتـاکـان دا هەندێ لە چیرۆکنووسـە کوردەکـان لە ژێر کارتێکەری فـیکری وجودی و عـەبەسـی، یان خـــۆنـزیـک کـــردنـەوە لە ئـەدەبێکی ئـازاد کـــە تـەقلیـــد شـکێنەو دەوێـرێ دەم لەمـەسـەلەکـانی سـێکس و سـۆزداری بدات، بـەڵام زوربەی ئەو شـتـانەی لەو سـەردەمـەدا نووسـران هـەمـوو شـتێک بوون، تەنهـا چیرۆک نەبێ، چونکە هیچ کام لەو هەوڵانە لە قەناعەتێکی فـیکری و هونەری قوڵەوە نەهاتبوون، بەڵکو زۆر دەستکردو خـوازراوبوون، لاسایی کردنەوەیەکی تەمبـەڵانەبوون، واتە سوڕانەوە لە هـەرسـێ بازنەکـەدا گـێـژخـواردنێک بوو، نە ئەدەبی کـرێکاری خـولقـاو نە ئەدەبێکی وا کـە بۆن و بـەرامـەی خـاک و نەتـەوە بدات وەک دەیانخـواست، نە ئەدەبێکی وا کە دەیویست لە شـەپۆلە تازەکانی فیکرو ئەدەب خـۆی مارەبکات، دەکرێ لەو قـۆناغـەدا چەند چیرۆکێک ڕزگاری بووبێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی کە نووسران ڕەنگێکی جیای بۆخۆی دروستنەکرد، دیارە خۆ جیـاکردنەوەی نـووسـەر و « شـوناس»یان جێ پەنجـەی دیار بەتەنهـا بڕیارێک نیـەو بیگـەیتێ، هـەمـوو نووسـەرێک حـەز بەو شـوناسـە تایبـەتیـە دەکات، بەڵام حـەز شتێکەو واقیـعی ئەدەبی و هونەری شـتێکی دیکە .. مـەسـەلەکە کۆششـی بەردەوامـی خـۆتەو ئـەو عـەشـقـە زۆرەی کە لەگەڵ ئەدەب دا هـەمـانە، من نازانم شـوناس و سـەمـای جیـای من چییـە .. بـەڵام گـەر هەمبێ هەر لەو عـیـشـقـەوە هـاتووە، یەکـەمین هەنگاویش بۆ ئەوە کوشـتنی یەقـین و بڕوا چەسـپـیـوەکـانە، «هێنری میللەر» واتەنی: من هـەمیشـە دەمویست ئەو نیـوە ڕووە تاریکەی مانگ ڕۆشنکەمـەوە کە لـە کـەسـێکەوە دیارنیـە. ڕەنگە ئەو هـەوڵـە بەیەکێک لە ڕەنگە زەقـەکانی ئەو شـوناسـە لە قـەڵەم بـدەم، وابزانم هێـشـتـا سـەدەها پەنجـەرەی یەقـینـی تر مـاوە بیشـکێنین، سـەدەها دەرگـاش مـاوە بیکەینەوە .. دەرگـاکـانی گومـان و پرسـیار .. من ترسم لەوەهەیە شـوناسـێکم هەبێ، چونکە ئەوەشـیـان جۆرێکە لـە یەقین دروسـتکردن، یەقـینی کـامڵـبوونی هونەری کە مـەرجـە هـەر هەمـوومـان بـە هەزارپێ لێی ڕابکـەین .. دەبا لـەو سـەمـایە بەردەوام بـین بێ

ئەوەی لەوە بڕوانین کێ سەیرمان دەکا، کێ بەو سەمایەمان شاگەشکەدەبێ، سەماکەر گەر لەسەمای خۆی وردبۆوە ئیقاعی تێکدەچێ، لای سەماکەر مەبەستی یەکەم سەمایە نەک هیچ شتێکی تر، سەماش لە سەماکەر جیاناکرێتەوە.

**هیوا:** مەبەستم لە جیاوازی ئیقاع و [شوناس و سەمای جیای تۆ] لە نێو هەراوزەنای تەقلیدیەتی ئەو سەروەختەیە، بێ باک و چاوقیم لە دوڕاندنی ئەو حورمەتە کۆمەڵایەتی یە، کە داوای لە نووسەر دەکرد لە کارخانەکانی ئایدۆلیژیادا پاڵەوانە سوپەرمانەکان بخولقێنێت، «گوڵی ڕەش» ئەگەرچی بە قەهرو توڕەبوونێکی چینایەتیەوە دەرکەوت لێ جیا لەشەرگەکانی ئایدۆلۆژیا، دەکرێ لەوێوە پشکردنی یەکجارەکی تۆ بێ لە تەقلیدیەت.

**شێرزاد**: بەڵکو بەر لە «گوڵی ڕەش»ەوە .. کۆمەڵە چیرۆکی «تەنیایی»، لە هەندێ نموونەدا، هەر هەمان هەوڵی پەڕینەوەیە لەتەقلیدی یەت بەرەو دۆزینەوەی جۆرێک لە نەغمەی تایبەت بەخۆم. هەقی ڕەخنەگرو خوێنەرانیشە کە وای ببینن یان نەیبینن.

**هیوا**: هەر لەسەردەمی فرۆیدەوە وەک بە تیۆرکردن و لێدوان لەسەر دەستەڵاتی باوک و تێکشکانی؛ کە ئەمە لە بەرهەمی ئەدەبی خۆرئاوادا کردەیەکی نوێ نییە؛ بەڵام تۆ لە کۆمەڵگەی کوردی باوکسالاریدا، وەک یەکێک لە ئیبراهیمەکانی ئەدەبی کوردی دادەنرێیت بۆ شکاندنی بتەکانی باوک، دەستەڵاتی ڕەها، و خوێندنەوەیان، دواتر بوونیان بەکردەی نووسین لەلای شێرزاد حەسەن، ئایا دواتر لە مەحاڵی بەبێ بت ژیاندا چی دیت پێیە بیڵێیت؟

**شێرزاد**: دەکرێ ئەو هەوڵ و کردەیەش- وەک نزیک بوونەوە لەمەسەلەکانی

سێکس و سۆزداری هەر بەشێک لەو سەما جیایە یان لەو ڕەنگ وشوناسە جیایە بێ. دیارە ئەفسانەی «ئۆدیب» هەر لەخۆیەوە نەهاتووە، بەقەولی «بەختیار عەلی» کەجارێکیان وەسفی منی کرد بە «ئۆدیب» ێکی شەرمن، یان هەندێ لە پاڵەوانەکانم ئەو «ئۆدیب»ە شەرمنە بن، دیارە قەناعەتی «بەختیار» وابوو کەیەکەم جارە هەست بکەین لەئەدەبی کوردیدا ئۆدیبێکی شەرمن پەیدا ببێ. دە چاکە .. گەر وابێ ئەوە دەبێ بەسەرەتایەکی باش بۆ هەڵگەڕانەوە لەدەسەڵاتی پیرۆزی باوک، دیسانەوە ئەوەشیان دەبێ بەشکاندنی تەقلیدو شەق هەڵدان لەچەمکی «بەپیرۆز کردن». هەندێ کەس هەوڵەکانی من لەو بوارەدا بەرتەسک دەکاتەوە تا ڕادەی ئەوەی کەگوایە «پەیوەندی نارێکی نێوان من و باوکم» وایکردوە ئەم چیرۆکانە بنوسم .. دیارە ئەوە سەقەتترین جۆری ڕوانینە کەهەندێ لەنوسەران و ڕەخنەگران بەنیازێکی خەراپەوە دەری دەبڕن، دیارە ئەوانە کوێ ئەو سیستمە نابینن کەلەکۆمەڵگای کوردیدا هەیەو هەموو پایەکانی لەسەر سستمی «باوک سالاری-پاتریارکی» دامەزراون کەتیایدا «باوک» بەماناڕەمزیەکەی، بەمانا واقعیەکەی تیایدا دیکتاتۆرو حوکمڕانە، دەکرێ ئەو باوکە بەمانا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکە هەر ئەو دیکتاتۆرەبێ کە ڕۆڵەکانی خۆی دەخەسێنێ، کردەی خەساندن لەلای ئێمە کردەیەکی بەرچاوە، لە ماڵ، لە مەکتەب، لە مزگەوت، لە تەکیە، لە ناو شانەکانی حیزب دا بەردەوامە، دەکرێ بڵێین سوڕی ژیانی مرۆڤی کورد بە کۆمەڵێک کردەی خەساندنی ڕۆحیدا تێپەڕدەبێ کە دیارە خەسێنەر تیایدا «پەتریارک»ە و خەسێنراوەکانیش فەرزندەکانی. گەر لە یەکەی خێزانەوە دەستپێبکەین تا دەگەین بەناو شانەکانی حیزب هەر هەمان مۆڵگەی پێکهێنانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە دووبارەو دەبارە «چەوساندنەوە و خەساندن» بەرهەم دێنێ، لەم جۆرە خێزان و دەزگاو خانەو گروپانەدا کە هێزی مادی و مەعنەوی والە چنگ «باوک»دا ڕۆڵەکان هەمیشە گرگن و ملکەچ دەبن، من دەبوو قسە لەسەر کڕینەوەی ئادەمیەتی خەسێنراوەکان بکەم، دەبوو لەو سیستمە هەڵگەڕێمەوە و بەگومان بم کە پیرۆزی خۆی لەسەر «خەساندن» بونیاد ناوە، بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەمیشە وێنەی باوک دێتە پێشێ و هەمیشە خەساندن بۆتە

میرات، ئەوە بەدوای ئەوەش خۆی بەرهەم دێنێتەوە، ڕەنگە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی گێرۆدەی دەستی «وێنەی باوک» بێت، بەڵام هیچ شوێنێک تا هەنووکە وەک ڕۆژهەڵات بەدەست ئەو وێنەیەوە زەلالەتی نەبووە، ئێمەش بەشێکین لەو ڕۆژهەڵاتە.

هەموو باوکەکان، چ باوکی کۆمەڵایەتی بێ و چ سیاسی، پیرۆزی خۆی لە ئاسمانەوە قەرزکردبێ یان لە ئەرزەوە، هەر دەبێتەوە بە وێنەی دووهەمی خودا، چ مامۆستابێ و چ ئەفسەرێکی سوپاو چ سەرۆکی حیزب، چونکە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان جەغت لەسەرئەوە دەکەن کە دەبێ ڕۆڵەکان گوێڕایەڵی باوکەکان بن، پێچەوانەی ئەوە دەگمەنە، ڕۆڵە گرگنەکان ملکەچی باوک دەبنەوە یان خۆیان دەبنەوە بە وێنە دوپاتکراوەکانی باوک.

زەقترین نموونەی ئەو کوڕو کچە ترسنۆک و گرگنانە کە لەبەردەم باوک دا «سەرۆک یان حیزب»دا دەلەرزین زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بوون، کەکاتی خۆی بێ حیکمەت نەبوو من ناوم نان – قەرەقۆز – یان بووکەسەماکەرە هەرواش دەرچوون. ئەو پرۆسەی خەساندنە دەسەڵاتێکی یاسایی وەرگرتووە یان بۆتە فەرمانێکی پیرۆزی ئاین، باوکان بۆئەوەی ڕێ لە هەڵگەڕانەوەی کوڕەکانیان بگرن، چیرۆکی «گوێڕایەڵی ئیسماعیل بۆ ئیبراهیم –ی باوک» دەگێڕنەوە، کە چۆن بێ پرس ملی خۆی خستە بەر چەقۆ تا بیکا بە قوربانی، من ویستم گومان لەو دەستورە پیرۆزە بکەم، من خەونم بەوەوە دەدی «ئیسماعیل»ەکان فێربکەم نەبنە بەرخی بەردەستی قەساب، تۆ من بۆ «بت شکاندن»ە کە بە «ئیبراهیم» دەشوبهێنی، دەشێ شوبهاندنێکی دروستبێت، بەڵام لە بیرمان نەچێ «ئیبراهیم» دیسانەوە هەر ئەو باوکە بێ باک و کوێرەبوو کە بە حوکمی دەسەڵاتێکی پیرۆز، یان خەیاڵ و واهیمەیەکی خۆی ویستی ئیسماعیل–ی کوڕی سەرببڕێ، لێرەدا ئیبراهیم چەندە لە هیتلەرو مۆسۆلۆنی و سەدام و خومەینی دەچێ کە هەر هەمان واهیمەی دەستەڵات بوو کە وای لێکردن ڕۆڵەکانی خۆیان بکوژن یان بەکوشتنی بدەن، بۆیە ئیبراهیم هەڵگری دوو وێنەی دژ بەیەکە، من حەزم کرد گومانێک بخەمەناو ئەو دەستەڵات و یەقینە پیرۆزە، تا کوێ چووم نازانم، لە تێڕامانم بۆ خێزان و کۆمەڵگەی

کوردی بۆم دەرکەوت هەموو مێژووی تاک و کۆمەڵی ئێمە گیرۆدەی ئەو دەستەڵاتە خواهانەی باوکە کە بۆتە میراتێکی پیرۆز، شەڕی حیزبە کوردیەکان شەڕی دەستەڵات و شەڕی باوکەکانە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی وەک خێزانی کوردی تەنها یەک باوکی پێ ڕەوایە، دەبوو گومان لەو هەموو باوکانە بکەین کە جگە لە دەستەڵاتی خۆیان هیچ نابینن، من لەو مەسەلەیەدا حەزمکرد ئەو بزنە سەرشێت و هەڵەتەیەبم کە لەڕێ لادەداو بۆ خواردنی لاسکە گیایەک لە مێگەل جیادەبێتەوە، چش لەوەی شوانەکە دەیکوژێ، من لەسەر گومانکردن لەو دەستەڵاتە پیرۆزە زۆرم پێکرا، خۆ ئیبراهیم -یش پاش شکاندنی بتەکان بەئاسانی بۆی نەچووەسەر، گەر ئەو توانی تاوانی شکاندنی بتە بچکۆلەکان بخاتە ئەستۆی بتە گەورەکە، ئەوە لەبەردەم ئێمەدا هیچ بتێکی گەورە نەبوو .. هەموو ئەو بتانەی شکاندمان خشت و ڕێک لێکدەچوون، بۆیە ئاشکرا هەموو تاوانەکان ملی خۆمانی گرتەوە، هەر لەسەر ئەو «بت شکاندنە» پەڕاگەندی قوتبی باکور بووم، ئاخر چەندە شەرمە نووسەر لەناو گاران دا بەتەنها ڕەشەوڵاخێک بێ.

دەبوو چیتر ئەو زەلیلیە قبوڵ نەکەین، خەساندن و ڕەوشت، یان گرگنی و گوێڕایەڵی، یان ئەدەب و حەیاو ترس و شەرم لە فەرهەنگی ئێمەدا یەک مانایان هەیە، هەر بەم یاساو دەستوری پیرۆزی خێزان و عەشیرەت و خێڵ و تایەفەو بنەماڵەو گروپ و حیزبەوە دەخەسێنرێین، بۆ هەمیشە چەوساندنەوەو ڕۆحی زەبرو زەنگ بە میکانیزمێک کاردەکات کە کۆمەڵێک لە دەستەڵاتداران خەڵک و عەوام بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەڵام بۆ ئێمە کە هوشیاریمان بەدرۆی ئەو دەستەڵاتە هەبوو .. دەبوو نەترسێین و لە ژێر چەتری ئەو هێزە پیرۆزەی باوکەکان بێینە دەرەوە، کە دەکرێ ئەوەندە بەهێزنەبن، چونکە هێزی فشۆڵی باوکەکان لە بێ هێزی و لاوازی کوڕەکانەوەیە، دیارە هەر ترسە وامان لێدەکات لە ژێر سایەی هێزێکدا خۆمان حەشار بدەین، لە نۆڤلێتی «حەسار» من باس لەو ترسە دەکەم، دیارە کەسەکان وەک یەک خەون بە ئازادیەوە نابینن، زۆرن ئەوانەی لەسەربەستی دەترسێن، «ڕاپەڕین» و دەرەنجامەکانی سەلماندی کە ئێمە چەندە لەسەربەستی دەترسێین، نازانین چی لە ئازادی

بکەین، وەختێ «حەسار» دەرِمێ پاڵەوانەکانی ناو حەسار پاش قەیرێکی کەم لەسەرفرازی دێنەوە ناو حەسار، من لە شیکاری ئەوەدام کە باس لە مێژووی درێژی بە کۆیلەبوون و بەندەواری مرۆڤی کورد بکەم کە نازانێ چۆن ئازادبێ، بەداخەوە خەساندن و کۆیلەبوون لە کۆمەڵی ئێمەدا بەردەوام خۆیان بەرهەم دێننەوە، دەکرێ لەبەرگ و شێوەی جیادابێ، لەلای ئێمە دەستەلاّت بۆخۆی وەک دەستەلاّت بەپیرۆزکراوەو دەپەرستریێ، بێ ئەوەی لە شوناسی ئەو دەستەلاّتە ووردبینەوە، یان بێ ئەوەی بزانین لە کوێوە هێزی خۆی وەرگرتووە، دەنێو ئەو جۆرە سیستەمەدا کەسێتی سوڵتەوی دروستدەبێ کە دەکرێ «سادی – ماسۆشی»بێ، کە دیارە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەم کەس لەدەرەوەی ئەو بازنەیەدا دەژی .. کە هەم حەز لە ئازاردانی خوار خۆیەوە دەبینێ و هەم لەزەت لەوە وەردەگرێ لەسەرەوەرا ئازار بدرێ، هەر شێوازی ئەم دەستەلاّتەیە کە وادەکات وەختێ کورەکان دەستەلاّت لە باوکەکان دەستەننەوە دەبنەوە وێنەی دووهەمی باوک، لە «حەسار»دا کوری نۆبەرە، بکوژی باوک، نایەوێ یان ناتوانێ ببێتەوە بە باوک، خۆی و شۆرِشەکەی دەدۆرِێنێ. چونکە کەسەکان ناتوانن لە پاش عومری درێژی بە کۆیلەبوون ئازادبن.

لە شانۆگەری – شەوی بکوژان –ی نووسەری کوبی «خۆزی تریانا» ئەو خوشک و برایەی خەون بە کوشتنی باوک و دایکی خۆیانەوە دەبینن، لەیەکەم هەلدا کە بۆ کورە دەرِەخسێ هەمان رۆڵی چەوسێنەرانەی باوکی دەبینێتەوە، خوشکەکەی خۆی دەچەوسێنێتەوە، دیارە یەکەمین پاڵەپەستۆی ئەو چەوساندنەوەیە لە خێزانی کوردیدا دایک دەگرێتەوە، هەر ئەو زاتەیە کە کورو کچەکانی لەسەر ترس و شەرم و ملکەچی پەروەردە دەکا، چونکە خۆی ملکەچ و ترسنۆک و شەرمن پەروەردەکراوە، دیارە هەر زەلیلکردن و سووککردنی دایکە یان بە گشتی ئافرەتە کە وایکردووە کۆمەڵگەیەکی زەلیل و ترسنۆک بخولقێ، ئەوەیان رێک کۆمەڵگەی کوردیە، لە هەموو چیرۆکەکانی من ئەو دایکە زەلیل و ترسنۆک و ملکەچە هەیە. لەتەک باوکێکی کەللەشەق و دیکتاتۆر. وەلحاسڵ لەهەموو شوێنێکا ئەو تۆلاز و جحێلانە «بە کورو کچەکانەوە» هەوڵدەدەن لەگەڵ ئەو بونیاتە دەستەلاّت ئامێزەی نێو کۆمەڵگا

خۆڕابێن، ئەویش لە ڕێگەی ملکەچکردن بۆ هەموو یاساو دەستورو شەریعەتە چەوت و چەوێڵەکانیان، هەرهەمان ئەو سیاسەتی ملکەچکردن و خۆڕاهێنانەیە وایکردووە خۆتواندنەوەو وونکردنی دەنگی دلێرانەی تایبەت بە نووسەر بدۆڕێ. شاعیرێکی ڕوسی وەک «بلوک» داوادەکات لاوان هەر هەموو بچنە ناو سوپای سورو «ئاراگۆن» بڵێ: «ئەی حیزب .. ئەوا هاتم و بمگرەخۆت .. تۆ لەمەودوا باوکی منی»، ڕازی بوون بە حیزب وەک جێگرێکی باوک مەغزایەکی ئاشکرای هەیە، لای ئێمەش حیزب هەر هەمان ڕۆڵی هەیە بۆیە کەم نووسەرمان هەیە لە دەرەوەی دەستەڵاتێک بەتەنیا خۆی هەبووبێ. من بۆخۆم لەم بوارەدا خێزان و مەکتەب و مزگەوت و خانەی حیزبی لەیەکدی جوێناکەمەوە، هەر هەموو کاریان خەساندنی تاکی کوردیە بۆیە دەبوو هەر هەموویان ڕەتبکرێنەوە.

پیاوی ئازاد یان ژنی ئازاد جگە لە ئازادی هیچی دیکەی پێ قبووڵ نیە، من لەوەتەی «ئازادی»م ناسیوە هەروام بیرکردۆتەوە، لەتەک مندا خەڵکی تریش هەن، هەموو شێوەکانی کۆڵۆنیاڵی کردن لەلای ئێمە مایەی هەڵوەشاندنەوەیە. گەر لەو پێکهاتە شێواوەی خێزانی کوردی پێدزکە بکەین دەبینین زۆربەی حیزبەکانیش هەر بەهەمان میکانیزمی کۆنترۆڵکردن و کۆلۆنیالی کردنی مەردومەکان بەڕێوەدەچن، میکانیزمی خۆسەپاندن و کوشتنی تاک، خۆ زۆربەی حیزبەکانی دنیاش هەر وابوون .. بۆ مەسەلەی خەساندنی تاکەکان دەستگاکانی کۆمەڵ و دەستگاکانی دەوڵەت هاوکارن، باشترین نموونەی هونەری لەم بوارەدا فلیمی «دیوار»ی «پارکەر»ە.

تاکی ئێمە بە درێژایی عومری بەدوای وێنەی باوک دا عەوداڵە، باوک وەک سایەو سێبەر و پەناگا، دیارە پاش گەورەبوون و کەمێ دەرچوون لە خێزان حیزب باوەشی بۆ دەکاتەوە، مەسەلە بەتەنها پیرۆزی ئایدۆلۆژیاو چین و خاک و نەتەوە نی یە، دیوێکی شاراوەی ترسە لە تەنیایی، لەوەی لە دەرەوەی حیزب دا کەس «پیاو» نییە، کەس خاک پەرست و خەڵک پەرست نییە، کەچی لەوێدا ژن و پیاوەکان دەبێ واز لە ڕەنگ و دەنگی خۆیان بێنن.

دیارە ئێمە لە هەموو وێنەکانی باوک بەگومان بووین، هەربۆیەشە دەبوو

حوكمی «رافزی»مان بەسەردا بدرێ، ئەم دیدگایەی ئێمە بۆ پیرۆزی دەستەڵات بە درێژایی مێژووی میللەتەکەمان کاری خۆی لەسەر هەست و نەستمان دا جێهێشتووە، هەرکەسێک، نووسەر بێ یان کەسێکی ئاسایی گومان لەو پیرۆزییە بکات، بەئاسان لەسەری تێناپەڕێ، بەڵام وا خەریکە نەوەی نوێ بە تەواوی لەو یاسا پیرۆزە دەکەوێتە گومان، وا خەریکە بتەکان بشکێنن کە ناتوانن هیچ لە قەدەری ئێمە بگۆڕن. بەداخەوە هۆی مانەوەی ئەو جێگرانە «ثوابت» وەکو خۆیان پەیوەندی بە نەگۆڕینی جۆری ژیان و گوزەرانەوە هەیە، ئەگەر واشی دابنێین کە گۆڕاوە، ئەوە زۆر نەگۆڕاوە، یان لەڕەگەوە نەگۆڕاوە کە وابکات کوودەتایەک بەسەر ئەو چەمکە گشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بونیادی دەستەڵاتەکەدا بکات، کە دیارە هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە شێوەیەکی پەیوەندی قۆناغی «زراعی – کشتوکاڵ» بەڕێوەی دەبات، کەبوار لەبەردەم هەڵتەکاندنی ئەوبونیاتە زەحمەت دەکا.

لە ڕاستی دا زۆربەی کەسەکان خولقێکی موحافیزکارانەیان هەیە کە لەسەر چەقبەستن و نەگۆڕان وەستاوە، هەتا گەر جاروبار بیەوێ لادات .. ناوێرێ و دەگەڕێتەوە سەر خولقی ئەسڵی خۆی، لەوەدا نووسەرانیش بەشدارن، بەڵام لە دونیادا هەمیشە ئەو نووسەرانە پێشەنگ بوون کە لەو ترس و دوودڵیەدا نەژیاون و شەقیان لە تەقلیدی وڕۆحی موحافیزکارانە هەڵداوە، لەوەدا جۆرە زەرەرێک هەیە، ئەویش دۆڕاندنی حورمەتی کۆمەڵایەتیە .. دیارە زۆر لە نووسەرانی کورد لە خەمی ئەو حورمەتەو ڕیاکارەدان، بەژمارە کەمن ئەو نووسەرانەی ئەو باجە قورسەیان داوە، دیارە ئەوەش پەیوەستە بەوەی بایی چەند حەقیقەت لەلای هەریەکەمان پیرۆزە، من بۆ خۆم بە گومانم لە هەموو ئەو چەمکە پیرۆزانەی کاریان پێ کراوە، لەهەموو ئەو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە لەدەرەوەڕا وەک ساختمانێکی وەستاو و تۆکمەو پتەو دیارە، بەڵام لە ناوەوەڕا ڕزاوەتەوە و هەلاهەلایە، چیتر باوی ئەوە نەماوە ڕێز لە هەرەمی پیرۆزی ئەو دەستەڵاتە بگرین، دەستەڵاتە ڕەهاکان، لەم بوارەدا شت زۆر ماوە بوترێ، کوودەتای دیکە پێویستە، هەڵگەڕانەوەو ملنەدان .. بەڵام خەمی سەرەکی من ئەوەیە کە هێشتا لە کۆمەڵی کوردی دا کەس نایەوێ

دەستبەرداری بتەکان بێ، هێشتا ماوە تێبگەین بتەکان هیچ لە قەدەری ئێمە ناگۆڕن .. هێشتا دەبینن خەڵکی دەگەڕێنەوە نێو «حەسار»ەکان .. نێو قەڵاکانی باوک .. نێوان ئێمە و گەیشتن بە تامی ئازادی سەفەرێکی زۆر درێژە، ئێمە هێشتا لەو سەفەرە سەختەدا هەنگاوی یەکەممان نەناوە .. ئەوەش حەقیقەتێکی تاڵەو دەبێ بوترێ .. ئەو حەقیقەتەی لە پاش ووتنی ڕەنگە هەلاهەلابین .. بەڵام دەبێ بیڵێین. من جارێ بەووتنی ئەم حەقیقەتە دەمم تەڕکردووە. کە تەواو پێی مەستبووم، ئەوسا دەبینین شەڕەکە چەندە گەرم و خۆش دەبێ ..!

**هیوا**: ئەو لایەنەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دنیای نووسەران خۆیانەوە هەیە، هەر ئەو بۆچوونەی تۆیە کە بۆتە هۆی ئەوەی تائێستا نووسەرانی کورد خاوەنی دەستەڵاتێکی ڕۆشنبیری ئازادکراو و بەجورئەت نەبن لە هەڵوێستەو ڕاوەستانەکانیدا بەرامبەر دەستەڵاتی کوردی، بەڵکە هەمان لەت و پەتی و دابەشبوون دەبینی کە بۆتە هۆی نەبوونی تەنها داوێکی باریک بۆ پێکەوە دانیشتن و دیالۆگ کردن، ئەمەش هەمیشە هەیکەلێکی بێ هەیبەت و لاوازی دروستکردووە و نمونەیەکی مشەوەهی حیزبی کوردییە، لە بەرامبەر دەستەڵاتی کوردی خۆیداو هەم پێناساندنی پایەی ڕۆشنبیری خۆی لە بەرامبەر ڕۆشنبیری دنیادا.

**شێرزاد**: هێشتا ئەو پرسیارە زۆر ڕەوایە: ئایە ئێمە لەڕووی چەندییەتی و چۆنێ تی یەوە ڕۆشنبیری ئازادمان هەیە؟ هەمیشە وابووە کە نووسەری کورد لەبەردەم دەستەڵاتی سیاسی دا خۆی بچووک بینیوەتەوە، لەت وپەت بوونی هەر پابەستی عەقڵی خێڵەکی یە، حیزبیش لێرە هەر هەمان پێکهاتەی خێڵە، ڕۆشنبیر نەیوێراوە لەدەرەوەی ئەو خێڵەدا بەتەنیا لەسەرپێ ی خۆی بوەستێ، هەمیشە ڕۆشنبیر لەبەردەم سیاسی دا شەرمن و پاشکۆ بووە، خۆی هۆیەکەشی ئەوەیە دەستەڵاتی سیاسی سیحرو توانای خۆی هەیە، گەر لە

نێــوان ڕۆشنبـــیــران و دەســتــەڵاتداران دا شـــەڕێک هـەبووبـێ، ئەوە لـەبەر نابەرابەری ئەو دوو هێزە ڕۆشنبیران نوچیان داوە. ڕۆشنبیر قەڵەم و کاغەزی هەیە، لە بەرامبەردا دەستەلاتدارانی سیاسـەت پارەو چەکیان هەیە. دونیای مـەعریفـەت و فـیکر لـەلای ئێـمـە چۆتـە ناو خـانەی کـەمـالیـاتەوە، هـەر بۆیە کاریگەری مەعریفەت لە کۆمـەڵی ئێمـەدا زۆر لاوازە. چەقە چەقی سیاسـەت چونکە قسەکردنە لەسـەر ئاستی ئەو دروشمـانەی خەڵک ئاسان تێیان دەگا، بۆیە هەمیشە دەستەڵاتداران بەو «ئینشا» هێچە خەڵکیان فریوداوە، ڕۆشنبیر، کەسێکە، مادامەکێ لە هەڵکۆڵینی بەردەوام دایە و قسەی لەسـەر هەڵتەکاندنی بونیاتەکانە هەمیشـە لە بەرچاوان بەڕافزی و لەڕێ لادەر حیسابی بۆ دەکەن، دەستەڵاتدارەکانیش هەندێ جار خۆیان بەشدارن لە ناشیرین کردنی وێنەی ڕۆشنبیر، گەر بەشداریش نەبن، بێ دەنگ دەبن لەبەردەم تووڕەبوونی عەقڵی تەقلیدی کەجار هەیە دەگاتە ئاستی هەڕەشەی ژیان.

بۆیە ڕۆشنبیر یان دەبێ، لە کۆمەڵی ئێمـەدا پاشەکشە بکات، یان شێوازی شـەڕەکان بگۆڕێ، یان بـۆ ئەوەی کـەمـێک لە قسـەکـردنی خۆی بکات، ناچار دەبێ، بچێتـەوە نـاو یەکێ لە حیزبەکان تا وای لێ دێ دەنگی دلێرانەی خۆی بدۆڕێنێ و ببێ بە نووزە نووزێکی بێ مانا.

لە چاکترین حاڵەت دا «مـەنفا» هەڵدەبژێرێ و لەوێ وە شـەڕ لەگەڵ ناوەوە دەکـات، دیسـانـەوە گـەیاندنەوەی ئەو دەنگە دوورە بەنـاوەوە هـەر زەحـمـەت دەکەوێتـەوە، چونکە هـەر دەبێ بەکـەنالی حیزبـەکانەوە تێ بپەڕێ، ڕۆشنبیری ئازاد بێ میدیاو بڵاوکردنەوەی ئازاد زەحمەتە. کە ئێمە نیمانە.

لە ڕاستی دا پەیمانێکی نهێنی لە نێوان سیاسـەتبازەکان و نووسـەران دا هـەیە، لە نەوەی باوان، کە هـەردوولا بەیەکەوە دەست لەناو دەست کاردەکەن کە ئەو ڕۆحـە «پاتریارکی یەتە» هـەر بمێنێ و ڕێ لەو ڕۆڵە چاونەترسـانە بگرێ کە لە نەوەی تازە لە خـەمی لـەڕێ لادان و خـۆجیاکردنەوەدان، بەداخـەوە لە نێوان ڕۆشنبـیـرانی کورد بـارسـتـایی ڕقـێکی ئەسـتوری هـەیە، هەتا دەگـاتە ئەوەی بەناوی سـەنگەری جیاوە بەنگەشە بۆ کوشتنی یەکدی بکەن، ئێمـە دەکرا لە یەکدی جیابین و کەچی توانای گفتوگۆمان هەر بمێنێ، چونکە تەنـها لەڕێ ی

ئەو پردەوە دەتوانین شەڕی شارستانیانە لەگەڵ یەکدی بکەین، نەخشەی ڕۆشنبیری ئێمە لەبەردەمی خۆمان دا والآنی یە، چ جای لەبەردەم ڕۆشنبیری دونیادا، تۆ سەیری کە حیزبەکان لە چیابوون شەرمیان لە نووسەران و هونەرمەندان دەکرد و بگرە بۆ زۆر لەمەسەلە چارەنووس سازەکان پرسیان پێ دەکردن، بەلآم لە قۆناغی پەڕینەوە لە شاخەوە بۆ شار .. ئەو هەیبەت و سەنگەرە نەما.. ئێستا نووسەرو هونەرمەند بەتەنها فەرمانبەرێکە لەناو حیزب دا، تا ڕادەی ئەوەی نووسەرو هونەرمەند بوونەتە هەڵگری شەیپوورەکانی شەڕ.

ئەوەتا لەهەموو ئەورووپاو ئەمەریکا نەمانتوانیوە یەک ڕێکخراوی یەکگرتوومان هەبێ، بەڵکو چەندین ڕێکخراوی جیا هەیە بەناوی یەکێتی نووسەرانەوە، من بۆخۆم داواکاری نووسەرانی کوردستانم بردە لای «وەزیری کەلتووری» لە فنلەندا کە ناوی «کلاس ئەندرسن»ەو شاعیرو مۆسیقاژەنە، کەوتم ئێمە دوو سێ شاری گەورەمان لە کوردستانی باشور بەدەستەوەیە، بەلآم دوو «وەزیری ڕۆشنبیری»مان هەیە، پێ ی سەیربوو، من نەمتوانی ئیمزای وەزیرێکی کەلتووری کوردی بخەمە بەردەستی، لەبەرئەوەی دوو وەزیری کەلتووریمان هەیە.. خۆش بەحاڵمان، لە هەموو وڵاتێکی دونیا یەک وەزیری کەلتووری هەیە، لەچی ئێمە حوکمەتیش نین و دوو وەزیرمان هەیە، من بۆ خۆم تەریق بوومەوە، چونکە داواکاری یەکان مۆری یەکێتی نووسەرانی بەسەرەوە نەبوو، چونکە لەدوای ڕاپەڕینەوە، لە پاش ملمـلانێ ی سیاسی «یەکێتی نووسەران» هەر لە خۆیەوە بەبێ ئەزیەت هەڵوەشایەوە، لە دەرەوەش هەمان بەزمە، هەموو دونیا «pen club»ی خۆی هەیەو لقێکە لە «pen»ی جیهانی، کەچی هی کورد لەلایەن حیزبێکەوە قۆرغ کراوە، نەک بۆ چوار پارچەکەی کوردستان، کە هەنووکە بۆتە شەش حەوت پارچە، بەڵکو بۆ کوردستانی باشووریش یەک ڕێکخراو نی یە، لەسەر ئاستی سەندیکایی نیمانە. لەسەر ئاستی ڕۆحی و فیکری و ئەدەبی هەر نیمانە .. من هەست دەکەم نەک کوردستان وەک خاک هەلاهەلایە، بەڵکو لە گاوان و شوان تا دەگا بەنووسەرەکانی سەد پارچەو هەلاهەلایە، «سادات» واتەنی: ئێمە لەسەر ئەوە

ڕێک کەوتووین کە قەت ڕێک نەکەوین .. برا برۆ .. چ نەهامەتیەکە.

لەلای ئێمە ئەوەندە مەسەلە شەخسی یەکان زەق دەکرێنەوە، ئەوەندە ناچینە ناو دیاردەکان و ڕووداوەکان و حاڵەتەکان کە جێ ی باس و مشت و مڕو لێکۆڵینەوەن، هەندێ جار بەناوی سەنگەربەندی و جیاوازی ئایدۆلۆژیاوە تەقە لەیەکدی دەکەین، مەسەلەش دیوێکی شاراوەی ئەوەیە ڕقمان لە داهێنان و جوانی ئەوی دیکەیە.

ئەو پەرت بوون و دوژمنکاری یەی نێوەندی ڕۆشنبیری بوارێکی چاکی ڕەخساندووە کە ڕاوکردنی ئێمەمانان لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە ئاسان بێ. ئیش و ئەرکی ڕۆشنبیری «گرامشی» وەک پێناسەی کردووە ئەوەیە عەقڵی هەیە و بیردەکاتەوە، وەلێ لای ئێمە زۆر کەس عەقڵی تەڵاق داوە، یەکەمین کاری ئێمە ئەوەبوو کە لەسەر هەق و جوانی و خێر شەڕمان هەبێ و لە پێناویان دا بجەنگین .. لەبەرەی چەوساوەکان دا بین .. زۆربەمان نەمانکرد .. زۆربە وازیان لە پەیامی خۆیان هێنا. دەنێو سێرکی سیاسەت و دەستەڵاتداران دا بووین بە لێبووک «مهرج».

**هیوا**: بەباری گشتی دا هەوڵدانەکان بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی تا هەنوکە بە شەرمەوە خۆیمان پیشاندەدات، ئاوێتەیەکە لە شەرمۆکی زمانێکی دێهات نشینی .. تەقلیدیەت لە تەکنیکی نووسین .. هەژاری و بێ خوێنی فەنتازیا .. مۆڵەق بوون لە هەمبەر خۆسەپاندنی زۆرەملێیانەی کارەساتەکان... تادوایی. ئەمەش لە فەزای پیشاندانی ئەو سنوورە بە سیاسیکراوەوە دزەیکردووەو سەرلەونوێ لە ئەدەبدا بەرهەمدەهێنرێتەوە، بە چەشنی غەرقبوون لە حوزنی تراژیدیاکاندا و نەبوونی توانا لە جیا پیشاندانەوەیان لە ڕۆماندا، ڤێجا هەژاری یان نەبوونی میتۆدی جیاواز و بە جورئەت لە هەمبەر بارە مێژوویی و ڕووکارە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەکەیدا، کە ئەمانەش بۆخۆیان کەم تازۆر هاوبەشیەکن بۆ پێکهاتەکانی دروستبوونی ڕۆمان. ئاکامی حاڵ دەبینین بەگشتی هەوڵدانەکانی ڕۆمان لای ئێمە هێندەی تر غەریبمان دەکات بەو

کائنەی کە ناوی ئینسانی کوردە.

تۆ بڵێ من بەم ئاوڕدانەوە سەرپێی و خێرایە توانیبێتم ئەندێشەکانی تۆ بوروژێنم بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا؟.

**شێرزاد**: لەناو پرسیارەکەدا تۆ هەندێ کورتە وەڵامی خۆت داوەتەوە کە دەکرێ بۆ من کلیلی کردنەوەی هەندێ دەرگای داخراوبن. جارێ بەر لە هەموو شتێک ڕۆمان لەدایک بووی شارستانی یەتەو هەر پەیدابوونی ڕۆمان و پەیدابوونی شار پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە. بێ هوودە نی یە کە «جۆرج لۆکاش» دەڵێ: «ڕۆمان داستانێکی برژوازیی یە»، کۆمەڵگەی برژوازی: واتا پەیدابوونی هەراو ملمـلانێ و بەیەک دادانی زۆر کە دەکرێ لە هەموو هونەرەکان پتر (ڕۆمان) لەسەری بلەوەڕێ.

بێ گومان یەکێک لەو هۆیانەی کە ڕۆمان لەلای ئێمە دواکەووت، وەک شانۆو سینەماو چیرۆک، بەئاستی جیا، دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانمان لە شارستانیەتێک کە خولقاندنی هونەرێکی وا بەپێویست بزانێ بۆ دەربڕینی کێشەو ململانێکان، جگە لەوەش: هۆیەکی زەقتر تەمەن کورتی «نووسین و تۆماری کووردی»یە بەگشتی. هەرچەندە من بەرپەرچی هۆی یەکەم دەدەمەوە: کە دەکرێ لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی کە ململانێ و بەیەکدادانی خۆی هەیە ڕۆمانووسێک پەیدابێ.

بەداخەوە نووسەرانی ئێمە هەتا نەیانتوانیوە کەڵک لەو داستانە میللی یانەی خۆشمان وەربگرن کە غەرقە لە فەنتازیاو ڕەنگە بۆ خولقاندنی هەمان فەزای فەنتازیا جێی کەڵک و بایەخ بێ، ئەو سامانە بە بەرەکەتەی کورد کە لەبواری داستان و حەکایەت و ئەفسانەدا هەیەتی تا هەنووکەش کەڵکی لێ نەبینراوە.

کەچی بە پێچەوانەی ئێمە نووسەرانی ئەمەریکای لاتینی زیرەکانە کەڵکیان لەو بونیاتە حەکایەت خوانی و فەنتازیایە وەرگرتووە. وێڕای ئەوەش کە ئاوڕی ڕابردوو دەدەینەوە: سەرەتای ڕۆمانی کوردی لە بازنەکانی سیاسەتەوە سەری هەڵداو هەر لەناو ئەو بازنەیەشدا خۆی خنکاندووە، دیارە هەر هەموو بەر

لەعنەتی سیاسەت کەوتوون، ئەوە بۆخۆی نەنگی نی یە گەر هونەر لە تەکیا نەدۆڕێ. هەتا «قەڵای دمدم»ی عەرەبی شەمۆ بەو نیازە نووسراوە تا دەگا بە «پێشمەرگە»ی ڕەحیمی قازی و «ژانی گەل»ی برایم ئەحمەد و تا دەگا بەو ڕۆمانانەی لەم ساڵانەی دواییدا نووسراون، دەکرێ «ژانی گەل» لەو هەوڵانەی دوایی جوانتربێ. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە هەر هەموو مێژوو دەگێڕنەوە، دیارە من قەناعەتم بەوە هەیە کە ڕۆمان ئەو «تەفاسیلە حەیاتیانە» تۆمار دەکا کە مێژوو بۆخۆی فەرامۆشیان دەکا .. ئەمەیان بۆچونێکی «سەلمان ڕوشدی»یە، شۆڕبوونەوە بۆ ژیانی نهێنی کارەکتەرەکان و دەرخستنی ئەو پانتایی یانە لە ڕۆحی مرۆڤ کە بەئاسانی نابیندرێ: یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕۆماننووس کە نووسەری کورد خۆی لێ دەدزێتەوە یان پێی ناوێرێ، خۆ هەمووو ئەوانەی هونەر دەخولقێنن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو لابەلا کار لەناو مێژوودا دەکەن، بەڵام بێ ئەوەی دووبارە مێژوو بەرهەم بێننەوە. دیارە لە پشت هەر ڕۆمانێکی جوان ڕۆماننووسێکی پڕ ئەزموون و ڕۆشنبیر خۆی حەشارداوە، کە من ئەوەندەی ئاگام لە نەخشەی ڕۆمانی کوردی بێ، تاک و تەرا، نەبێ .. ئەوانی دیکە ئەشهەدو نیازیان پاکە کە ڕۆمان دەنووسن، بەڵام هوشیاری بە ڕۆمان نووسین و نیازپاکی جیایە.

«میشال بۆتۆر» لە نێوان شیعرو فەلسەفەدا تیامابوو: کەوتە ڕۆمان نووسی تا هەردووکیان بەیەکەوە گرێ بدات، ڕۆماننوسەکانی ئێمە نە لەخەمی «خەمە فەلسەفیەکان»دان و نە لە وەزیفە گەورەکانی شیعر حاڵی بوون، سەرەتا باسی «لەعنەتی سیاسەت»م کرد کە بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕەسمی کە حیزب ڕەسمی دەکرد نووسەریان پێ گۆش دەکرد، بەڵام خۆ «مارکیز» و «ئێستۆریاس» و زۆرانی تر لە ڕۆماننوسانی ئەمەریکای لاتینی هەمان خەمی سیاسی بۆتە خۆرەی گیانیان، بەڵام ئەوەتا بە ڕۆح و هەناسەی شیعر ڕۆمان دەنووسن و باس لە دیکتاتۆرەکانی ئەمەریکای لاتین دەکەن.

دیارە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانووسی ئەوەیە کە ئەوپەڕی سەربەستی دەوێ چ لە بواری بیرکردنەوەداو چ وەک سەرچڵی هونەری کە ڕۆمان بۆخۆی دەیخوازێ .. بەڵام هێشتا نووسەری کورد بڕوای بە «تابۆ»کان هەیە و ئەو

ناوچە حەرامانەی کە بۆی دیاری کراون پێی تێنەخات: ئەوەیش لەوەدا کەحورمەتی کۆمەڵایەتی خۆی دەپارێزێ، لەناو ئەو هەموو شکستە سیاسی یەدا ژمارەی سۆپەرمانەکان زۆرن، ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانی جوانی دونیا قسە لەسەر «فەزاحەتی» ئینسان دەکا، کەچی نووسەری کورد تابنا گوێ ی لە «فەزاحەت»دا غەرق بێ توخنی ناکەوێ .. عومری درێژی «سانسۆر» لە نائاگاهی نووسەری کورد دا تەئسیرێکی زۆر خەراپی بەجێ هێشتووە کە ئەگەر هۆشیاری یەکی زۆر پەیدا نەکەین: مەحاڵە ئەو ترسە شاراوەیە هەڵتەکێ. چەندە بڕوامان بە «سانسۆر» هەبێ، ئەوەندە پتر کێڵگەی «بێ پیت و مردوو» بۆ سەر زەمین بە گشتی و نووسینی ڕۆمان بەتایبەتی زیاد دەکەین. هەربۆیەشە هەڵبژاردنی «سیاسەت» بۆ نووسینی ڕۆمان؛ هەتا لەپاش وەدی هێنانی ئازادی نووسین و نەبوونی سانسۆر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر هەموومان ڕێکەوتووین کە ئەوەیان هەڵبژاردنێکی پیرۆزە، پیرۆزی مەسەلەکەش بەسە بۆ ئەوەی دڵخۆشمان بکات کە دەنووسین: بێ ئەوەی لە خەمی ئاستی هونەرەکەدا بین.

هەژاری ڕۆمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئەو ناوچە لوغم ڕێژانەی کە نووسەر ناوێرێ پێ یان تێبخات، دیارە لەبەر کەمی ژمارەی ڕۆمانی کوردی ئەو مەسەلەیە بە زەقی دەرناکەوێ، بەڵام خۆ بۆ چیرۆکیش هەمان بۆچوون بەڕاست دەکەوێتەوە. چونکە هەمیشە دوو جۆر نووسەر هەن کە زۆر جیاوازن لەیەکدی: نووسەرێک هەمیشە لە دەرەوە دەوەستێ و دەترسێ و دوورە پەرێزە، نووسەری دووەمیان ئازاو بوێرەو هەمیشە لە ناوەوە کار دەکا، من واتێ بگەم لای ئێمە کەمن ئەو نووسەرانەی بەردەوام لە پرۆسەی «هەڵکۆڵین» دابن، دیارە هەر ئەوەشە وادەکا نووسەر نەتوانێ دەرک بە هەموو گۆڕانە ئینسانیەکان بکات، وەختێ هەڵبژاردنی کارەکتەرەکان، گۆڕانی ئینسانی و کەشفکردنی لە پشت دەمامکە کۆمەڵایەتی یەکان کە پڕە لە درۆو ڕیاکاری. ئەگەر پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕووی شتە شاراوەکان، چ لە ژیان و چ لە هونەردا، کاری مرۆڤی ئازاو نووسەری ئازایە .. ئەوە لە کۆمەڵگای ئێمە کە مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی پڕ نهێنی یەو سەرقاپی نراوەتەوە، شۆڕبوونەوە بۆ ناو ئەو زاتە

داخراوانه هەم قەدەغەیەو هەم زەحمەتە .. کە دیارە بۆ ئێمە زۆر زەحمەتترە کە بونیادی کۆمەڵ بڕوای بەو خۆداخستن و حەرامانە هەیە.

من وابزانم بۆ بەشێک لەو نەنگیانەی کە تۆ لە ڕۆمانی کوردی دا دەست نیشانت کردن، کە لەوەدا چیرۆکیش دەگرێتەوە: ئەوەیە کە زۆربەی نووسەرەکان ناتوانن کۆنترۆڵی ئەو بابەتە بکەن کە هەڵیدەبژێرن، ڕەنگە ئەو مەوزوع و ڕووداوانەی دەبنە کەرەستەی ڕۆمان، لەلای ئێمە ئەوەندە گۆڕانی گەورەی بەسەردانەیەت، مەبەستم ڕاوکردنی «بابەتە» کە نووسەر دەتوانێ بەئاسانی بەدوای بکەوێ، چونکە کۆمەڵی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای فەرەنسی یان ئینگلیزی تووشی ئەو ئیقاعە خێراو فەوزایە نەبووە کە تیایدا زەحمەت بێ زنجیرەی ڕووداوەکانت لەدەست دەربچێ، لای ئێمە باکگراوندی کۆمەلایەتی و پەیوەندی تاکە کەسەکان بە یەکدی و جۆری ژیان و گوزەران کەم تازۆر ڕووخساری دیارە.

ئەی چیە وای کردووە نووسەر نەتوانێ بەدوای بابەت بکەوێ؟ یان تەنها لە قۆناغی کۆپی کردنی واقیع دا گیربخوات؟

وای بۆ دەچم کە بێ دەستەلاتی هونەری و کەم مەعریفەت لە پشت ئەم ئیفلیجی یە وەستاوە. کەمن ئەو نووسەرە کوردانەی کە خزماتیان بەو «٥» هەستە کردبێ کە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، دیارە ڕۆمانووس پێویستی بەوەیە کە هەستی زیاتر قەرز بکات، کۆلن ولسن واتەنی: دەبێ «چاوی چۆلەکە»ی هەبێ و هەر چواردەوری خۆی جوان ببینێ.

دیارە ئەرکی گەورەی ڕۆماننووس ئەوەیە کە مانایەک بدۆزێتەوەو ئەو ژیانەی لێ ی دەدوێ لە هەست و نەست نزیکی بخاتەوە، بۆ ئەوەش جگە لە پێنج هەستی تیژ پێویستی بە «جیهانبینی» هەیە، چونکە تەنها بە بوونی جیهان بینی ئەزموونە ئینسانیەکان ڕێک دەخرێن و وەک هەر دیمەنێکی سروشتی دەکەونە بەر هەست و نەستی خوێنەر. دیسانەوە نووسەری کورد لە خەمی خولقاندنی جیهانبینی دا نەبووە، بۆ نموونە: ئەو ڕوانینێکی تایبەت بەخۆی نی یە وەختێ لە «ئایین» دەڕوانێ، لە «مردن»، لە «خۆشەویستی»، لە «سێکس» ... هتد. مەسەلەی دۆزینەوەی ماناش لەوەوە دێ نووسەر بە چ

«ئەخلاق»ێکەوە لە دونیاو دیاردەکانی دەوروبەر دەڕوانێ. مەلەکردنی ئێمە هێشتا لەم بوارەدا مەلەکردنێکە لە تەنکاودا، کاری ئێمە لە «ڕووبەر»دایە، نەک لە «قولایی»، زۆرجار لەلای ئێمە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی وای لە نووسەر کردووە کە تاک ڕەهەندانە و تاک لایەنانە سەیری دونیا بکا، بۆ نموونە لە ژێر کاریگەری «ڕیالیزمی سۆشیالیزم» چی بە ئەدەب نەکرا؟ ئەگەر لە «بۆکاشیۆ»وە دەست پێبکەین کە دەکرێ یەکەمین هەوڵی ئەو بگەڕێتەوە بۆ نووسینی ڕۆمان وەک دەرئەنجامێک بۆ گەندەڵ بوونی چینی مام ناوەندی لە کۆمەڵگای ئیتاڵی ئەو سەردەمە کە تیادا هەتا قەشەکانیش کەوتبوونە ناو تۆڕی بەدڕەوشتی وەک لە کارەکتەرەکانی ئەو نووسەرەدا وەدەردەکەون، خەڵکەکە وای لێهاتبوو پشت لە بەها ڕۆحیەکان بکاو ڕوو لە بەها مادیەکان بکات، گەر ئەو شیرازە پچڕان و لێک ترازان و گەندەڵ بوونە بابەتێک بێ بۆ خولقانی ڕۆمان، ئەوە کەم و زۆر ئەمڕۆکە کۆمەڵی کوردیش لەو گەندەڵ بوونە بێ بەش نیە .. هەرچەندە هێشتا زۆرن ئەوانەی قەناعەتیان وایە کە کۆمەڵگای کوردی وای لێ نەهاتووە، بەلام وانی یە، ئێمەش خەریکە وەک کۆمەڵگا شارستانیەکان «بەهاکان» لەلامان ناجێگیرو لەق و لۆق دەبن. ئێمەش شێوە فەسادی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری بە خۆمانەوە دەبینین، ئەگەر ڕۆمان لە دونیادا قەرزاری ڕۆمانی ئینگلیزی بێ: بەتایبەت لە سەدەی هەژدەم و لەسەر دەستی «ریچاردسن» و «فیلدینگ» و «سمۆلێت» و «ستێرن»: ئەوا هەر ئەو چوارەو هاوەڵەکانیان شەڕیان لەسەر گەڕاندنەوەی «بەهاکان» بوو .. خۆ دەکرێ ئێمەش، هەتا گەر شەرمنانە، بێ، شەڕ لەسەر پیرۆزی بەها ئینسانی یەکان بکەین، بەلام یەکەم جار مەرجە خولقێنەرەکە هەبێ بە هەموو مانای ئەفراندنەوە. هەرچەندە گومانی ئەوە دەکەم کە پیاوێکی خوێندەوارم لێ ڕابپەڕێ و بڵێ: بەلام لە ڕووی مێژوویی یەوە، گەر قسان بکەین، ڕۆمان پێ بەپێ لەگەڵ سەرهەڵدانی جۆرێک لە تاکڕەوی «فەردانیەت»ەوە هاتە پێشێ، بەتایبەتی لە قۆناغی بەرکەماڵ بوونی دیموکراسی دا کە ڕێ بە «تاک» دەدا دروست ببێ، کە دیارە لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەتەواوی گەشەی کردو لەسەدەی بیستەمدا بووبە لازم و مەلزوم، دیارە جوگرافیای ڕۆمان هەر

لەسـەدەی نۆزدەهەم دا «ئینگلتـەرەو فـەرەنسـاو ڕووسـیـا بوون» ئـەویش پاش گەشەکردنی چینە مام مامناوەندی یەکان. ئەوەیان ڕاستە کە لەناو کۆمەڵی ئێمـەدا «تاک» بەهەمـوو مـانای تاکیـەتی دروست نەبووە، بەڵام خـۆ بەدیوی ئەودیودا سـڕینەوەی ئـەو «تاک»ەش و گیـرخـواردن لە قـۆناغی «مـێگەلیـزم»دا خۆی بابەتێکە، عـەرەب واتەنی، موغـریە بۆ نووسین، لە ژێر سـایەی حوکمی تۆتالیتاری دا چەندین ڕۆماننووسی گەورە پەیدابوون کە شەڕیان بوو لەسـەر کرینەوەی «فەردییەت» «بۆریس باسترناک» لەسەر ئەوە شاربەدەرکرا.

درۆیە گـەر بڵـێین مـرۆڤی کـوردی تووشی ئـەو غوربـەتە نەبووە کـە مـرۆڤی ڕۆژئاوایی تووشی بووە، با بەئاستی جیاوازیش بێ، ئەو غوربەتە هەتا لەڕووی سیاسی یەوەش زۆر قـووڵە و مرۆڤی کورد لەسـەر خاکی خۆیەتی و غـەریبـە، بەڵام کوا کەڵک لەم غوربەتە بینراوە.

تۆ لە پرسیـارەکەتدا باس لە «خۆ سەپاندنی زۆرە ملێیانەی کارەساتەکان» دەکەی .. ئەوەش (لە فـەزای پیشاندانی ئەو سنوورە بە سیاسی کراوەوە دزەی کردووەو سـەرلەنوێ لە ئەدەبدا بەرهەم دەهێنرێتەوە، بە چەشنی غەرق بوون لە حوزنی تراژیدیاکان دا و نەبوونی توانا لە جیا نیشاندانەوەیان لە ڕۆمان دا.)

زۆر بەکورتی ڕۆماننووسی ئێمە تا هـەنووکە وا تێگەیشتووە کـە ئەدەب بە گشتی ئەرکی شێوەیەک لە شێوەکانی «لاواندنەوەو دڵدانەوە» بێ ئەوەی هەوڵ بدات خـوێنەر ڕووبـەڕووی پرسـیـاری قـورس بکات کـە وەڵامـدانەوەی حـازر بەدەست نەبێ، بێ ئەوەی گەڕانێک دروست بکا: گەڕانێک بۆ حەقیقەت، چونکە لە بنەڕەتدا گێڕانەوەی مێژووی پڕ کارەسات خەمی یەکەمەو نەبوونی پرسیارو گـومـان و خـۆبەسـتنەوە بە یەقین و ڕەهاو بەها باوو چەسـپـیـوەکان وادەکا نووسەر شەبەنگێکی ڕەنگاوڕەنگ نەدا بەدەستەوە. مەسەلە بەتەنها گێڕانەوەی حـەکـایەتێک یان ڕووداوێک نی یە لە ڕۆمـان دا، بەڵکو مـەسـەلە سـروشـتی جیوەیی ڕاستی و حەقیقەتەکانە کە دەبێ بە مۆتیڤ بۆ نووسین، جگە لەوەش دۆزینـەوەی «ئیـقـاع» لە نووسـینی ڕۆمـان دا هەروا کـارێکی ئاسـان نی یە، نووسـەرانی ئێمـە وەختـێ لە چیـرۆکی کورتـەوە دەپەڕینەوە بۆ ڕۆمـان هەر بە هەمان ئیقاعی چیرۆک ڕۆمان دەنووسن، ئەوە گەر نووسەرەکە لە ئەساسدا بۆ

چیرۆکیش ئیقاعی هەبێ، کورتە چیرۆک ڕووی لە شیعری لیرکی یە، نەک داستانی، هەناسەی داستان ئامێز بۆ ڕۆمانە پتر، هەندێ ڕۆمانی کوردی هەن هەست دەکەی کە مۆنتاژکردنی چەند چیرۆکێکی کورتەو کەلێنی گەورەی تیایە. لێرەدا مەسەلە مامەڵەکردنە لەگەڵ زەمەن دا چ لە چیرۆک و چ لە ڕۆمان دا .. هەر ئەو خۆسازدانە لەگەڵ «زەمەن»دا ئیقاع دەپارێزێ یان دەشێوێنێ.

بۆ ئەوەی لە کێشەی ڕۆمانی کوردی نزیک بینەوە: من حەزدەکەم بەراوردێک لە نێوان ڕۆمانی ئێرلەندی و هی کوردا بکەم. کێشەو بابەتی سەرەکی لە ڕۆمانی ئێرلەندی، بەبێ گۆڕان، کێشەی تاکە لە بەرامبەر کۆمەڵ دا، ئێرلەنداش وەکو کوردستان، بەڵام بەڕادەیەکی کەمتر، خاوەن ئەوکۆمەڵگایە نی یە کە توانای قەبوڵکردنی «تاک»ی هەبێ، هەربۆیە دەبینی هەتا ڕۆماننوسێکی گەورەی وەک «جێمس جۆیس» پەیدا دەبێ و کەچی هەر هەموو پاڵەوانەکان لە «مۆنۆلۆژ»دا غەرق دەکا، هەربۆیە ئیرلەندا جوانترین کورتە چیرۆکی بە دونیای ئەدەب بەخشیوە، لەوەدا کەمتر ڕۆمانی گەورەی دابێ، هەموو نووسەرە گەورەکانیش «مەنفا»یان هەڵبژاردووە، مەنفا چ وەکو جوگرافیاو چ وەک زمان، بەڵام هەموو ئەوانەی ڕۆمانی ئیرلەندیان خولقاند، بۆخۆیان وەک نووسەر لە کۆمەڵگای ئیرلەندی هەڵگەڕانەوەو کەوتنە هەڵکۆڵین و شیتاڵکردنی، دەشێ نووسەرێکی وەک «ئۆسکار وایلد» نموونەی بەرجەستەی ئەو کەسە زۆر لە ڕێ لادەرەبێ، چ وەک ئەدەب و چ وەک ژیان، «جێمس» گەورەترین سەرچڵی لە ئەدەبی هاوچەرخ داکرد .. ئێمە لە ئەدەبی کوردی داهێشتا لەوە شەرمنترین، گەر نەڵێم بێ تواناترین، کە کاری وابکەین، بەڵام ئێمە کەلتووری ڕۆژهەڵاتی «عەرەب، فارس، تورک» زەمینەی فیکرمان تۆو دەکا، بەتایبەتی ئەو ڕۆح مەزهەب گەرایی یە کە «یەقین و قەناعەت» دروست دەکا، وەلێ نووسەرانی ئێرلەندا پشتیان بە کەلتووری ئینگلیزی و ئەوروپی یەوە ئەستوورە.

دیارە بۆخۆی مەسەلەی هەژاریمان، لە بواری ڕۆمان دا، وەکو هەموو بوارەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر، بگرە هی ژیانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دا، بۆ چەندین هۆی زاتی و مەوزوعی دەگەڕێنەوە،

کە من دڵنیـام هەمـوو ئەو هـەوڵانەی دەدرێن تا هەنووکە جێ ی ئەوەن دەست خۆشـیـان لێبکرێ، تەنها لەبەر ئەوەی دەیانـەوێ ئەو ترسـە لەخۆ بڕەوێننەوە، چونکە یـەکێک لە هـۆیەکانـی نەنووسـینـی ڕۆمـان «ترس و رەهـبـەتە لە ڕۆمـان» خۆی، ئەو ترسە بەجێ یە تا ئەو ڕادەیەی کە نووسەران ئیفلیج نەکات.

چی بکەین؟ ئەوەتا «سـەلیم بەرەکات» ڕۆمانی جوانی هەیەو کوردەو فەزای نووسـینەکـانی کەڵک بینینە لە کەلتووری کوردی وەلێ بـە عـەرەبی دەنووسـێ، «یەشـار کـەمال» بە تورکی دەنووسـێ .. خۆ ئەوانەش کوردن، بەڵام ئەوەتا کە قسە لە ڕۆمـانی کوردی دەکەین نازانین چی لەوان بکەین: چونکە زمـان بەخۆی خـاسیـەتی یەکـەمی داهێنانی ئەدەبی یەو ئـەوان بە حوکمی زمـان دەچنەوە ناو ڕۆمانی عەرەبی و تورکی ئەگەرچی فەزایان فەزای کوردیش بێ.

دیارە مـەسـەلەی سـەلیم بەرەکات و یەشـەر کەمال و لـە عێراق – یش «مـحی الدین زەنگەنە» کـە بە عـەرەبی ڕۆمـان دەنووسـێ، مـشت و مـڕی زۆری لەسـەرە. چونکـە ئەگـەر خـاسـیـەتی یەکـەم بۆ داهێـنانای ئەدەب «زمـان»بـێ: ئەوە ئەم نووسـەرانە لە ئـێـمـە دەشـۆرێن، بەڵام گـەر «ئەدەب» بۆخـۆی سنووربـڕبێ و لە خـەمـە ئینسـانیـەکـان بدوێ و سـیـفـەتێکی ئینتـەرناسـیـۆنـالی بدا بەخۆی، ئەوە موڵکی هەمووماـنە، خۆ گەر هەر جوگرافیـایەکی دیاریکراو بۆ داهێنان خاوەن فـەزاو زەمـینەو مـۆرکی خـۆی بێ ناچارین قـسـە لـەسـەر «مـحلیـەتی» نووسین بکەین، بەڵام دواجـار کە دێینە سـەر ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب «سـەلیم بەرەکـات» دەچێـتـەوە ناو ڕۆمـانی عـەرەبـی و «یەشـار کـەمـال» دەچێـتـەوە ناو ڕۆمـانـی تورکی و لـە ژیانامـەدا دەنووسـرێ، هەندێ جـار، کـە ئەم نووسـەرانە بەڕەچەڵەک کوردن.

بەڵام گەر ئـەم ڕۆمانانە کران بە ئینگلیزی و فـەرەنسـی – یش گەر کەسێک شـارەزای کەلتـوری دونیـای کورد نەبێ .. هەروا دەزانێ ئەم فـەزایانە: فەزای تورک و عـەرەبن. سـەلیم بەرەکات، بە ئاشکرا دیارە کە کەڵکی لەم حەکایەت و ئەفـسـانـەو خـەرافـات و داسـتـانـی کـوردی وەرگـرتووە، بەڵام گـەر خـوێنەری فـەرەنسی شـارەزای کـەلـتـوورو کـەلەپووری کـوردی نەبـێ: نایزانـێ .. ئەو سـروشـتـەی «یـەشـار کـەمـال» دەینەخـشـێنێ هەر دۆڵـی ئەنەدۆڵ و چیـاکـانی

زاگرۆزە؛ وەلێ بۆ خوێنەرێکی ئینگلیزی ململانێ ی مرۆڤ و ئەو سروشتە کەوتۆتەوە ناو جوگرافیای تورکیا .. بەهەرحاڵ ئەمەیان کێشەیەکی دیکەیەو من وەڵامی درێژترم هەیە کە لێرەدا وام لێ دەکا لە پرسیارەکەی تۆ دەربچم. دەگەڕێمەو دەڵێم: تا ئێستاش شەرەفی نووسەری کورد لەوەدایە کە بەکوردی دەنووسێ، دوایی بیر لەوەدەکرێتەوە داهێنانە یان داهێنان نی یە .. هەربۆیە بۆ ئەم قۆناغە دەبێ پێشوازی لە ڕۆمانە خراپەکانیش بکەین .. بەڵام بەو مانایە نایەت کە ئیفلیجی خۆمان تاسەر بەوە پاساو بدەینەوە کە بەکوردی دەنووسین .. چونکە مێژووی ئەدەب هەموو ئەدەبێکی ئیفلیج فەرامۆش دەکا .. مەسەلەکە لەلای من وایە کە تاسەرپێ دەکەوین ڕەنگە چەندین موغامەرەی سەرنەکەوتوو ئەنجام بدەین، گرفتەکەش ئەوەیە کە ئێمە لە بواری ڕۆمان دا هیچ پێشینەیەکمان نی یە، واقیعی سیاسی کورد و لەت لەت بوونمان و نەبوونی دەزگای گەورەی چاپەمەنی و ئەو غەدرەی مێژوو لێمانی کردووە، هەروەها ئەو غەدرەی کە خۆشمان لە فرسەتە مێژووییەکان لە خۆمانمان کردووە، جوگرافیایەکی لەت و پەت، «دوالیزمی زمانەوانی» کە وای کردووە لە عێراق و سوریا بکەوینە دوای زمانی ئاغایان و حوکمڕانانی سەردەستە «عەرەب»، لە ئێران: «فارسی»، لە تورکیا: «تورکی» .. بۆخۆی ئەوانەش هۆی بچکۆلە نین. کوردی بووە بە زمانی دووەم و زمانی پاشکۆو زمانی کۆیلە، کەلتووری عەرەب – ئیسلام لەم بوارەدا وێرانەیەکی دروست کردووە، نەبێتەوە.

وای لەو هەموو حەرامانەی کە مەحاڵە ڕێ بدات داهێنانی گەورەو موغامەراتی فیکر و ئەدەبی و گەورە بێنە کایەوە. «سەلمان ڕوشدی» ڕاستە کوڕی کەلتووری هیندی یە، بەڵام لە کۆمەڵگای ئینگلیزی دا دەژی و کەڵک لەو کەلتوورە سەربەست و دەوڵەمەندە وەردەگرێ و ئەوسا بە هوشیاری یەوە دەکەوێتە سەر موغامەرەی فیکری و ئەدەب.

بەداخەوە من لە چەندین بۆنەی تردا وتوومە کە نووسەرانی کورد، زۆربەیان عەقڵی سیاسی، لێ یان دەخوڕێ، هەر لەو خەمەوە هاتوونەتە ناو ئەدەب، بێ ئەوەی ئەدەب بۆخۆی، لەلای ئەوان،ماڵێکی سەربەخۆی هەبێ، ئەوەتا من گوێم لە مامۆستا «برایم ئەحمەد» دەبێ کە دەڵێ لە خەمە

سیاسیەکانەوە پەلاماری ڕۆمانی داوە .. هەر لەبەرخاتری لەعنەتی سیاسەت و مەملەکەتەکەی ڕۆمان تەلاّق دەدا، «جۆیس» و «مارکیز»یش هەمان خەمیان هەبوو .. وەلێ ئەوان چونکە لە ئەرکی پیرۆززی ئەدەبیان ڕوانیوە .. سەیردەکەی گەورەترین شەڕیان لە ڕێ ی ڕۆمانەوە کرد .. هەتا شەڕە سیاسیەکانیش.

لەم قۆناغەدا چارمان ناچارە کە پێشوازی لە هەموو هەوڵێک بکەین و پاشان بکەوینە تەتەڵەکردنی «گەنم وزیوان» لەیەکدی. من بۆخۆم بەرامبەر چیرۆک و ڕۆمان کۆڵێ حەساسم و ناکرێ سەرپێ یی لێ ی بدوێم، قسەکردن لەسەر ئەدەبی خەڵکی پێویستی بەو حەساسیەتە هەیە کە بەشەرەف و ئەمەکەوە لێ ی بدوێ ی، دەنا دەبێ بە غەدرو تاوان لێکردن لە تواناو بەهرەی خەڵکی، من بۆیە خۆم کەمتر دەچمە ژێر باری ئەوەی هەر بە هەوەنتە سەرسامی خۆم دەرببڕم، چونکە ڕەنگە پێوانەی من بۆ ڕۆمانی جوان و دانسقە لەگەڵ هی کەسێکی تر جیا بێ، من دڵنیام چێژ بینینی ئێمە لەیەکدی جیاوازە، هەریەک لەو ڕۆماننووسانەی کورد بیگری خوێنەری خۆی هەیە، گەرچی لەوەش دڵنیام کە تیایەتی، هەتا ژنەکەیشی، نایخوێنێتەوە، بەهەرحاڵ .. من خۆم بەو دادوەرە نابینم کە حوکم لەسەر چاک و خراپی شتەکان بدەم، ڕەنگە هەبێ واتێبگا کە ئەوە وەلاّمێکی دیبلۆماسیانەبێ بۆ خودزینەوە .. دەکرێ وابێ .. مەترسی حوکم دان لەلای ئێمە لەوەدایە کە تۆ گەر ڕۆمانی کەسێکت بەدڵ نەبوو .. وەکو ئەوە وایە ڕۆماننووسەکە بە پیاو نەزانی. گەرچی ڕەنگە ڕۆماننوسەکە هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستی خۆم بێ و ڕۆمانەکەی پەسەند نەکەم، من کاتی خۆی دوای دەرچوونی «گوڵی ڕەش»م لە گفت و گۆیەکمدا ستایشی ڕۆمانەکەی «بەختیار عەلی»م کرد .. هەرچی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی کورد هەیە، هەربەڕاستی، لێم زویربوون و هەندێکیان جنێویان پێدام، چونکە ناوهێنانی یەک کەس لەناو دە کەسدا، لە عورفی ئەوان، سڕینەوەی نەوەکانی ترە.

بەگشتی .. من بۆخۆم پتر ئومێدم بەنەوەی تازەیە، جیا لە ئەزموون و هوشیاری نەوەی پێشین، فەزاو و دونیاو جیهانبینی تازەو جیاواز، بێ شک لە

ئەرشیفی نووسەرانی تازەو پێشین هەندێ ڕۆمانی جوان و نووستوو هەن، جوان و نووستوو دەنێو خەیاڵ و دڵدا .. چ دەنێو دەلاقەکانی ماڵ دا.

من دڵنیام لە نەوەی نوێ دا ئەو ڕۆماننوسە «حەرامزادانە» پەیدا دەبن و پەیدا بوون کە تەقلید شکێن، بەداخەوە .. نەوەی پێشین هێشتا بڕوایان بە «حەرامەکان» ماوە، هەربۆیە لە شوێنی خۆیان دا وەستاون. وەلامەکەم بە نموونەیەکی زیندووی ئەدەبی دێنمەوە لەسەر مەسەلەی ڕۆمان: «مارتن ئەیمز»ی ڕۆماننوسی کوڕی «کینگزلی ئەیمز»ە کە ئەویش ڕۆماننوسێکی بەناوبانگە. لە کوڕەکەیان پرسی: جیاوازی نێوان تۆ و باوکت لە ڕۆمان نووسین دا چۆن دەبینی؟ لە وەلامدا ووتی: باوکم لە نووسینی ڕۆمان دا بڕوای بە جۆرێک لە «حەرام» هەبوو .. من نیمە، بۆ نموونە: باوکم بڕوای وایە کە هەمیشە دەبێ لافیتەیەک بەسەر دەرگای «ژووری نووستن»ەوە هەڵواسرابێ و بنووسرێ [تکایە مەیەرە ژوورەوە] .. من بڕوام وایە دەبێ، لەسەر لافیتەکە بنووسرێ [تکایە برۆ ژوورەوە] .. من بڕوام بەوەیە لە ماڵدا نە حەمام و نە ژووری نووستن جێ ی عەیبەو مەترسی نین. دیارە منیش هەروای دەبینم کە نەوەی نوێ خەریکە و بەتەمایە پتر هەموو ژوورەکانی کە لە ماڵی ڕۆمان دا جێ ی دەبێتەوە بپشکنێ. هەر ئەو گەڕان و پشکنینەش وامان لێ دەکا پتر حەز لەموغامەرەی ئەدەبی بکەین و چاوەڕێ بکەین .. دەی با هەمووان بەخێربێن .. زەرەر نادات .. با هەبێ..!

**هیوا**: هەیبەتی تۆقێنەری باوکە مردووەکان گەورەترە لە زەبری تۆقێنەری ئەو باوکانەی تا ئێستا لە ژیان دا ماون، چونکە لە ڕۆژی مردنی باوکەکانەوە چەند بەرابەری تەمەنی خۆیان لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەژێنەوە، ڕۆمانی «حەسار» خوێندنەوەیەکی وریایانەی کۆمەڵگە بت پەرستە کوردیەکەی ئێستایە، پەژیوان بوونەوە و ترس لە تەنیایی و ئازادی و بێ حەسار ژیان، درێژبونەوەی ژیانی مەنفایە لەلای هەمووومان، ئێمە چۆن بتوانین تازە لەگەڵ ژیان دا ئاشتبینەوە کە خەونەکانمان پێش خۆمان دەکوژرێ؟

**شێرزاد**: دەقاودەق وایە .. لە زۆر شوێنی ئەم دونیایەداو بەتایبەتی لای خۆمان مەحاڵە باوکەکان بمرن. بەڵکو ئەو سیحرەی مەرگ دەیبەخشێ بە باوکەکان گەلێ گەورەترو بەمەوداترە لەوەی کە خەیاڵ بۆی بچێ.

باوکەکان کە دەژین ئەو پانتایی یە داگیر دەکەن کە تیا دەجووڵێن و زەبرو دەستەڵات وەگەڕ دەخەن .. بەڵام کە دەمرن هەر هەموو فەزاو دونیای فەرزەندەکانیان داگیردەکەن، شکۆمەندی و هەیبەت و ویقاری گەورە لە دوای مەرگەوە دێن. مەسەلەی پەرستنی وێنەی باوک نەتەنها لەوەوە نایە، فرۆید واتەنی، کوڕەکان لە پاش کوشتنی باوک، هەست بە گوناە بکەن. بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە کە فەرزەندەکان لە دەرەوەی دەستەڵات و سیحری هێزی باوکەکان ناتوانن بژین، بەتایبەتی لەپاش تەمەنێکی درێژی بەکۆیلەبوون و ئەسارەت.

باوکەکان بەتەنها بەقەد ئەو تەمەنەی کە لەژیان دا بوون ناژینەوە، بەڵکو گەلێ لەوەپتر ڕۆحی زاڵیان حوکمی خۆی دەکا.

بەڵێ .. لە «حەسار»دا باس لەترسی مرۆڤی کورد دەکەم .. ترس لەبەرامبەر ئازادی .. ئێمە لە ڕاپەڕین دا توانیمان بەندیخانەکانی دەرەوە برمێنین، وەلێ نەمانتوانی یەک دیوار لە بەندیخانەکانی ناو زاتی مرۆڤی کورد برمێنین، ئەوەش تاڵترین حەقیقەت بوو کە درکمان پێ کرد .. دیارە «فرۆم» واتەنی ئاسودەگی یەکی زۆر لە مل کەچ کردن و نوچدان و پاشەکشێ دا هەیە .. تەسلیم بوون بە هێزێکی بالا خۆڕزگارکردنە لە پرسیاری ئازادی و ڕووبەڕووبوونەوە لەبەردەم سەربەستی دا.

تۆ لە مێژووی باوکە سیاسیەکانی کورد وردبەرەوە: لە نێوان هەرەس و نوچدان و مل خستنە ژێر پەتی قەنارە هیچ هەوڵێکی دیکەیان نەبووە، لەوەدا کە هەندێکیان مەنفایان هەڵبژاردووەو هەندێکیان پەتی قەنارە .. سەد بەرابەر سیحری دەستەڵاتی خۆیان لەپاش مەرگ فەراهەم کردووە. ناکرێ ئەو هەموو هەرەس و نوشوستی یە بۆ هاوکێشە سیاسی یە چەوتەکان بگێڕینەوە، دەبێ لە پشتی یەوە هۆکارێکی شاراوە هەبێ کە ئەویش هەڵاتنە لەبەردەم ئازادی

بەڵام لە ڕێ ی مـانایەکی تراژیدی یەوە کـە مـەرگ دەبێ بەدوا ڕەمـزو لەوێ وە هیچ بوارێک لەبەردەم شیکارێکی عەقلانی داجێ ناهێڵێ، چونکە مانا تراژیدی یەکـان دواندنی سـۆزەو غـەرابـەتێک دەدا بەهەڵاتن لـەبەردەم ئازادی دا. خـۆی مـەرگی وا پاڵەوانبـازانە جۆرە فریوێکی تیایەو من وا هەست دەکەم پەیوەندی «مـەرگاوی» ئێمـەو دونیای دەرەوەمـان هـەمـوو فـەزای لێ داگیـرکردووین و تا ڕادەیەک جۆرە ئامـادەگی یەک بۆ مەرگ لە ئارادا هەیە .. گەر وا نەبێ .. دەبێ مـێـژووی ئێمـە پڕبـێ لە ڕابەرو باوکی ئەوەندە غـافڵ لە دوژمنـی کـە ئیـدی لە دونیای ئاژەڵان و مەلانیش غافڵەتی وا نادۆزینەوە، غەفڵەتی نێچیر لە ڕاوچی.

بەهەرحـاڵ، حەسـار، هەر بەم نیـازە نووسـراوە کە تۆ ئاماژەت بۆکردووە .. هەرچەندە من بۆ ئەو نۆڤلێتە دژی یەک جۆرە خوێندنەوەم.

بەڵام من لەوە دڵنیـام کە ڕزگـاربوون لـە وێنەی باوک لە کۆمـەڵگەی ئێمـەدا، لەم قـۆناغەو قـۆناغی دواتریش، مـەحـاڵە، چونکە ئەو جـۆرە «سوڕە» بەردەوامـە، بۆیە کـوژرانی خەونەکـانمان هـەر بەردەوامـەو ئاشت بوونەوەش لەگـەڵ ژیان بەم نزیکانـە، دیسـانەوە، مـەحـاڵە. من لەوەدا تا سـەر ئێسـقـان ڕەشـبـینـم، چونکە هەمـوو کـردەکـان ئەو بە مـەحـاڵ بـوونە دووپات دەکەنەوە. ئەوەیان مـیـراتێکەو نەوە لەدوای نەوە لەیەکدی وەردەگرێ، حیزب کە دەبوو پێکهـاتەیەکی مۆدێرن و شـارسـتـانی بێ، شـەق لەو پەیوەندی یە ناکـۆک و ناجـۆرەی (بـاوک و کـوڕ) هەڵداو پشت لە عورفی خێڵ بکات، کەچی هیچ دەزگایەک بەقەد حیزبی کوردی ئەم وێنەیە دووپات ناکاتەوە، وێنەی باوک، باوکێکی تۆقێنەرو بەزەبرو زەنگ کە جێ ی خــودا دەگـرێتــەوە، گــواســتـنەوەو پاراســتنی ئەم وێنەیە بەهـەمـان میکانیـزمی خێڵ دا تێ دەپەڕێ. ڕامـاڵینی ئەو باوکـانە لەسـەر عەرشەکانیان لە ڕۆژهـەڵات بـۆتە خــەونێکی مــەحــاڵ، هـەر ئەو مــەحــاڵەیە وا دەکــا نـۆبەرەی «حەسـار» و بکوژی باوک لەگەڵ لاشەی باوک دا لەهەمـان گۆڕدا بژی، نۆبەرەی حـەسـار کە بڕیاری دا باوک نکوژێ، کوشـتیـشی، وەک خـۆیشـی لەگـەڵیا مـرد، ئەو ئاژاوەیـەی دوای کـــوشـــتـنی باوک بـەرپـادەبێ، ئـاژاوەی پـاش مـــەرگی دەسـتـەڵاتەو ئیـفلیج بوون لەبەردەم ئازادی یەک دا کـە کـوڕو کچـە کۆیلـەکـانی حەسـار پێ ی ڕانەهـاتوون، وەدەست هێنانی سـەربەسـتی وەک زەرووڕەت بەقەد

تێ گەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سەربەستی یە زەحمەت نی یە.

من لە «حەسار»دا نیازم نی یە تەمجیدی دەستەڵات بکەم، دەستەڵاتی باوک، من قێز لە هەموو شێوەکانی دەستەڵات دەکەمەوە، سەرچاوەی ئەو دەستەڵاتە هەرچی یەک بێ، وەلێ بڕوام وایە کە مەسەلەی ئازادی و ژیان دەنێو ئازادی دا بۆ زۆر لە کۆمەڵگا جیاکانی سەر ئەم ئەرزە هێشتا دوورەو زۆری ماوە. لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا ئازادی ڕەها نی یە، هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکان گەیشتنە بەو خەونە، بەڵام هەمیشە لە دەرەوە کۆمەڵێ یاساو ڕێسای ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئایین و ...هتد ئەو خەونە گەمارۆدەدەن. من لە حەساردا بەتەنیا قسە لەسەر هێزی خواهانەی «باوکەکان» ناکەم، بەڵکو قسەم لەسەر کوڕو کچە خەسیوەکانی نێو حەسارە کە بێ باوک ناژین، واتا بێ دەستەڵات، بێ زەبروزەنگ، مانایەک بۆخۆیان نادۆزنەوە، تاکە ئاوەدانی یەک لە دەرەوەی حەساردا گۆڕستانەو تاکە مرۆڤێکی سەرچڵ زێوانێکی شەهوەتبازە کە لە دەستەڵاتی باوکی «حەسار» دەربازی بووە، بەڵام ئەویش بۆتە پاسەوانی مردووەکان، هەموو کەسەکان کەسانی سوڵتەوین، کەسانی سادی – ماسۆشین، کەس لەو پەیوەندی یە ناڕێکە دەربازی نەبووە، ئەو کەسانە دەقاودەق ئێمەین، ئەوە فەرزەندە خەسیوەکانن باوک دروست دەکەن، «رایش» واتەنی: گەر ملیۆنەها سەربازی خەسیوو گرگن نەبووایە، هیتلەر چۆن دروست دەبوو، هەموو باوکێکیش بۆ خۆی چاوەڕێ ی دەستەڵاتێکە، ڕەمزێکە لەسەرەوەڕا حوکمی بکا، هیتلەر دەیوت: من قەدەر حوکمم دەکاو مێژوو لێم دەخورێ، هەموو «باوکەکان» لە مێژووی مرۆڤایەتی دا چکۆلەو ترسنۆک و خەسیو بوون، بۆ زیاتر خۆسەلماندن دەبوو ترسی خۆیان بشارنەوەو وەک مێگەل خەڵک لێ بخورن، هەموو دکتاتۆرێک بەناوی خۆشەویستی یەوە خەڵک دەکوژێ، هەمیشە بۆ تاوانەکانی خۆی پاساوی ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی دێنێتەوە.

ئەم ڕۆحی زەبرو زەنگە هەر بەردەوامەو وڵات چۆڵ و مەنفاکان ئاوەدان دەکاتەوە، من دێڕە شیعری شاعیرێکی ئینگلیزیم لەیادە کە وەختێ شەپازللەیەک لە مناڵەکەی خۆی دەداو دەڵێ:

«بمبووره ڕۆڵەکەم .. شەپازللەیەکم تێ سرەواندی
ئەوە دەستی من نەبوو .. دەستی باوکم بوو .. کە تاوی هانی»

ئیدی وایە بۆ هەموو شێوەکانی زەبرو زەنگ و کردەی خەساندن هەر ڕۆحی زاڵی باوکە لێمان دەخورێ .. لەو پەیوەندی یە ناڕێکەوە چیرۆکی زەلیلی ئێمە دەست پێ دەکات.

**هیوا**: بۆ یەکەم جار لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن دا، ئەو پاڵەوانە دەرکراوانەمان بینی کە لە چیرۆکی کوردیدا جێیان نەدەبۆوە! تۆ دەستی پاڵەوانە فەرامۆشکراو و تەنیاکان، تاکە زەلیل و یاخی و ماندووەکانت گرت و هێناتنەوە ئەوماڵەی کە لێوەی دەرکرابوون.

لێرەوەیە تۆ داکۆکی لە ئازادییە بچکۆلەکانی تاک دەکەیت کە لە خانەکانی بە کۆمەڵ ژیان و بەگەلە مردندا خرابوونە تاقە تاریک و نهێنیەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە؟

**شێرزاد**: هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە تەنیا نەبین .. وەلێ هەمیشە تەنیاین. جوانترین کورتە چیرۆک لەو تەنیایی یە دەدوێ (تەنیا .. هەمیشە تەنیا)ی گی.دی. مۆپاسان-ە. کە دەکرێ بۆ خۆی لەم بوارەدا بەتەنها قوتابخانەیەک بێ. نەک هەر پاڵەوانانی نووسەرە جیاکان لە دونیادا تەنهان .. نووسەرەکان بۆ خۆشیان هەر تەنیان و تووشی غوربەتێکی ڕۆحی گەورە هاتوون.

هەر هەموومان یان ئەوەتا «ئەمیر میشکینی»ی دوستۆیڤسکی-ن، یان «مێرسۆ» - غەریبەکەی ئەلبێر کامۆ. من بیرم چوو لە باسی ڕۆماندا بڵێم: زۆربەی ڕۆماننوسەکان هەر لە «بۆکاشیۆ»وە تا دەگاتە «سێرڤانتس» تا دێینە سەر ڕۆماننووسەکانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمی ئینگلیزی و ڕووسی و فەرەنسی هەر هەموو هەستیان دەکرد لە کۆمەڵگە دەرکراون .. زۆربەشیان لە چینی ناوەند یان ژێرەوە بوون کە بەزەحمەت چینە سەردەست و بورژواو ئۆرستۆکراتەکان قەبووڵیان دەکردن، ئەو نووسەرانە توانیان لە ڕێ ی

ڕۆمانەوە هێرش بەرنە سەر ئەو چینە بالآیانە .. «فیلدینگ» و «ڕیچاردسن» بوون توانیان وا بکەن ژنە ئۆرستۆکراتەکان لەبەردەم ئاگردانەکانیان ئەو شتە حەرامانە بخوێننەوە.

ڕۆماننوس ئەو بونەوەرە دەرکراوە بوو کە لەڕێ ی نووسینەوە جارێکی تر هێرشی بردەوە سەر سێنتەری پەیوەندی یە کۆمەلآیەتیەکان و هەزارو یەک پرسیارو گومانی وروژاند. هەربۆیە «کۆلن ولسن» دەڵێ: ئەوەی ڕۆمانی ئینگلیزی کردی .. «مارکس و فرۆید و داروین» بەسەریەکەوە، نەیانکرد.

لە ڕاستی دا کورتە چیرۆک بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان دا، هونەرێکی تاک دەنگی یە یان بڵێین تاکە کەسی یە بەپێی پێناسەکەی ڕەخنەگرو چیرۆکنووسی ئیرلەندی «فرانک ئۆکۆنۆر»، گریان و ناڵەو هاوارێکی زۆر لیریکیانەیە «غنائی»یە لەبەردەم چارەنووسی نارێک و ناپوختی ئادەمیزاد، ئەگەر ئەو چەند چیرۆکە کەمەی لێ دەرکەین کە باس لە خۆشی و شادمانی و سەرکەوتنی خۆشەویستی دەکا، وەک ڕۆمان نی یە کە مامەڵەی لەگەڵ چەندەها و جۆرەها کێشەو ململانێ ی بەناو یەکدی دا چوو هەبێ، ڕاستە بابەتەکانی چیرۆکیش هەردەبێ قووڵ بن، وەلێ زۆریان ئەو بابەتانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕاو دەکرێن و دەکەونە بەرچاوان .. تاک ڕەهەند: لە پاڵەوانێکی سەرەکی یان ئەوپەڕی دووان .. دەکرێ پاڵەوانێکی سەرەکی و چەند کارەکتەرێکی لاوەکی تێبکەوێ، درەوشانەوەیەک لە ساتەوەختێکی کورت: هەر ئەوەندە قاوەیەک فڕبکەیت، جێگیربوونی لەیەک شوێندا، بەکورتی «یەکانەیی» ڕەگەزەکان لە چیرۆکی کورت دا بەرجەستە دەبن.

پاڵەوانی تەنیاو فەرامۆشکراو دەرکراو تا بڵێ ی زۆرن، من خۆم هەر لەسەرەتاوە ئەو کەسە تەنیاو پەڕاگەندەو غەریبانە سەرنجیان ڕاکێشام: بێوەژن و قەیرەکچ و کوڕە عاشقێکی دڵساروو شەرمن، دەکرێ بڵێین زۆربەی پاڵەوانەکانم لەم جۆرە کەسانەن کە نەک هەر فەرامۆش کراون .. بەڵکو کەسیش نایانبینێ، کێ لە خەمی «دەروێش بایز» لە «ڕیشۆڵە»دا نزیک دەبێتەوە کە لەدەرەوەی شار سەرگەرمی ڕاوە ڕیشۆڵەیە، کێ بەئازارەکانی ئەو «مەلاکوێرەیەی» ناو چیرۆکی «گرێ» دەزانێ؟ کێ پاڵەوانی «ترس» و «شاعیر»

و «ئەو شـەوەی سەگم تیا خۆش ویست» دەبینێ .. پاڵەوانی «میم» و «ڕەنگاڵە» و.... کورە هـەر هەمـوویان .. مـن بەر لەوەی بزانم فـەلسـەفـەی کورتە چیـرۆک «تاک دەنگی یە» و دۆزینەوەی پاڵەوانە فەرامـۆشکراوەکانـە .. هەر بەحوکمی خـولقی زۆر شـازی خۆم لـەو سەقـەت و کوێرو ئیفلیج و کەسـە نەبینراوانە ورد دەبوومـەوە، هەر لـەوەدا هەسـتم کـرد هیچ دادپـەروەریەک و حـیکمـەتێک لەو دونیایەدا نی یە .. هاوسەنگی کە ئایدیالیستەکان بڕوایان پێ یە .. من گاڵتەم پێ دێ .. مادامەکی پڵنگ دەتوانێ ئاسک بخوا .. پشیلە کوکوختی دەخوات ..

من لـە «ئەوینێکی کپ»دا کـە لە سـاڵی «١٩٧٥»دا نووسـیم باس لە ئەڤـینی مەحـاڵی کوڕێکی کوێرو کچێکی قەمبوور دەکەم، کە بەڕاستی هەردووکیـان دراوسـێ ی من بـوون .. هـەر لەوسـاتـەوە تاهـەنووکـە من هـەر ئەم جـۆرە کارەکتـەرانە سـەرنجم ڕادەکێشێ. پێویست ناکا بەدوای ئەو کەسـە تەنیاو زەلیل و ماندووانەدا بگەڕێم، کۆمەڵگەی ئێمە سیخناخە لەم جۆرە زاتانە. گەر بڕوا بەو ئەفسـانەیە بێنین کـە ئادەم و حـەوا لە بەهەشـت: هەردوو فـریشـتـە بوون، هـەردوو بەجـووتە لە «تەناغـومێکی حـەیوانی دا» دەژیان، وەلێ کـە فڕێ درانە سەر زەوی و بوون بە دوو ئینسان ئەو «تەناغومە» ون بوو...

هەر لەو ڕۆژەوە ئادەم و حەوا تەنیاو ماندوو بەدوای یەکدی دەگەڕان. بوون بە ئینسـان جۆرێکە لە مـەحکومیەت بە تەنیـایی .. هەتا دیکتاتۆرەکانیش کە ملیـۆنەهـا کـەس دوایان دەکـەوێ هەر زۆر تـەنیـاو قـوڕبەسـەرن، ئەو هەمـوو تەئکیدە لەسەر عەزەمەت بەڵگەی ئەوپەڕی تەنیایی و ترسە لە فەرامۆشکردن.

پاڵەوانی کـورتە چیـرۆک، لەبەرجـەسـتـە ترین نموونەی زیندووی خـۆی دا، پاڵەوانەکـەی «چیخـۆف» کە هیچ کـەس ئامادە نی یە گوێ ی لێ بگرێ، تەنیـاو فـەرامـۆش کـراوە، دەرکراوە، مـاندووە، مـەراقێکی گـەورەی لە دڵدایە و کـوڕە تاقـانەکـەی مـردووە، شـەو بەشـەو نـانی خـۆی پەیدا دەکـا، ئەو پاڵەوانە «عەرەبانـچی یە» بە گـالیسـکەکـەی شـەوانە خـەڵکی دەباتەوە مـاڵەکـانیـان، لە خەمی کوڕە تاقانەکەی دەیەوێ قسە بۆ هەموو ئەو کەسانە بکات کە یەکە یەکە سـواری گالیسکەکەی دەبن، کەچی کـەس .. هیچ کـەس گوێ ی لێ ناگرێ، تا دواجار، نیوەشـەو، کە ئەسپەکەی لە تەویلەدا دەبەستێتەوە: دەردە دڵی خۆی بۆ

ئەسـپـەکـەی هەڵدەڕێژێ و دەداتە پڕمـەی گـریان .. ئەی هـاوار .. چـەندە، هەر هەمـوومـان، لەو پـاڵەوانەی «چـیـخـۆف» دەچـین. بەڵێ کـورتە چـیـرۆک نەوای شمشاڵ ژەنێکە بەتەنیا، دەکرێ ڕۆمان ئۆرکێسترا بێ .. سیمفۆنیا، دەکرێ کورتە چیرۆک کلیکی زیرەکانەی کامیرابێ و ڕۆمان شریتێکی سینەما.

هەر بۆیە من کـە مـەیلم بە کورتە چیرۆک زۆرە دەمـەوێ لە سـاتەوەختێکی زۆر کورت دا کە لە ڕۆحما ئەستێرەیەک دەدرەوشـێتـەوەو دیمەنێک، حـاڵەتێک لەو کەسە تەنیاو ماندووانە بە کێشم دەکاو گەرەکمە بەو شمشاڵە لە خەمی ئەو تەنیـای یە ئاوازێک بژەنم .. نەوایەک پڕ بەو قـەهرە. لەقتـەیەکی زیرەکانە بگرم دەنێـو هەزار لەقـتـەی تیـژ تێپـەڕیو. بۆخـۆیشم بە حـوکمی ژیانم دەنێـو لانەوازو کـڵـۆڵان و بەشـمـەینەتەکـان دا هەرچۆن دەست دەبەم: لەم جـۆرە زاتە هیلاک و هەش بەسەرانە دێن بەدەستمـەوە .. من پیاوێکی تەمبەڵم دەنا دەبوو مەملەکەتێک لەوانە کۆبکەمەوەو بیانخەمە سەر پەڕە کاغەزان. قەولێکم لەیادە، وا بزانم هـەر هـی «ئۆکنۆز»ە کـە دەڵێ: باشـتـرین چیـرۆکنووس ئـەوانەن کـە خۆیان گەڕیدەو سواڵکەر بوون، نموونەش بە «گۆرکی» دێنێتەوە، چونکە تەنها نووسـەری سـواڵکەر، بەواقـیع یان بە ئیـحسـاس سـواڵکەر، دەتوانێ زۆر لەو هەسـتـە زۆر ناسکانەی ئادەمیـزادە تەنیـاو مـاندوو فـەرامـۆشکراوەکـان ورد بێتەوە، ڕاوی ئەو «ساتەوەختە» کورتانە بکات کە لە ژیانی مرۆڤ دا کەسە ئاساییەکان نایبینن، یا وەک چیرۆک نووس دەرکی پێناکەن، وەلێ کە دەبێ بە هونەر، ئەوسا هەموو دەڵێین ئەم حـاڵەتە وایە، من چۆن پێشـتـر وا بەوردی دەرکم پێ نەکـردبوو، چیـرۆکنووس هێـرش بەرە بۆ سـەر ئەو پانتـایی یە نادیارانە و ئەو شـەڕانە دەکـا کـە کـەسی تر واباش زەفـەری پێنابات، ئەم لەسـەربازی نیزامی ناچێ، بەڵکو لەو گەریلایە دەچێ کە بەشێک لە کارەکەی موغامەرەیە و ئەوسا نەخشەکاری.

چیـرۆکنووس چ خـۆی و چ پاڵەوانەکـەی، شـاربەدەرن، فـرێ دراونـەتە پەراوێزی کـۆمـەڵگە، خـانووبەرەیان لـەسـەر ئەو زەوی یانە بونیـات دەنێن کـە کـەوتونەتە دەرەوەی «زەوی شـارەوانی»، خـۆی بەو فـیگەرو زاتە دیارو بەناوبانگانە سەغڵەت ناکات .. فیگەری «تیپیکەل» کە نوێنەری چین و توێژو

گروپن. بەڵکو چیرۆکنووس عەوداڵی دۆزینەوەی ئەو زاتە تەنیاو ڕەبەن و بێ کەس و فەرامۆش کراوانەن کە جگە لە چیرۆکنووس کەس ئاواهی بەمەراق و خەم گینگڵ و دەردیان نازانێ، کەسە نادیارو زۆر بزرەکان، کەسە بەسەرخۆدا شکاوەو شەرمنەکان، کەسە سەرشکێن و ڕوشکێن و دڵ شکێن و چاو شکێنەکان، کەسە بەناو خۆداچووەکان .. لوول خواردووەکان، ئەو کەسانەی دەنێوان ئاسمان و زەوی دا هەڵواسراون و جێگەیەکیان نی یە تیا بسرەوون .. شاربەدەرو ماڵ بەدەر .. بۆ من دەکرێ لە «هەولێر» ئەو جۆرە کەسانەم زۆر دیبێ، «جۆیس» لە «دەبلن» دەیاندۆزێتەوە .. «ئۆ. هێنری» لە «نیۆیۆرک»، تۆماس هاردی لە گوندی «وێسکس» خۆ ئەرکی چیرۆک و ڕۆمان وەک زووتر وتمان: تۆماری ئەو تەفاسیلە فەرامۆش کراوانەیە کە مێژوو قەت ناتوانێ تا ناوچەکانی ڕۆح شۆڕبێتەوە .. بەهەمان پێوانەش دۆزینەوەی زاتە ترۆکراوەکان کە وایان لێ دەکەین بدوێن: کڕینەوەی ئینسانیەتی ئەو زاتانەیە، هەر ئەوەشە کە بەرامبەر بە ئازارو مەینەتی یەکدی هەستمان تیژتر دەکاتەوە.

پاشان ئەو زمانە نهێنی یە چی یە کە من و پاڵەوانەکانم بەیەک دەگەیەنێ؟ خۆشەویستی یە .. ئێمە هەردوولا یەکترمان خۆش دەوێ، من بەهەمان قەدەر لەگەڵ «کەژاڵ و مناڵەکانما» دەژیم .. بەهەمان قەدەرو هەندێ جار زیاتر لەگەڵ پاڵەوانەکانما دەژیم .. لەگەڵیان پێ دەکەنم و دەگریم .. لەوەدا نی یە .. خۆ ژمارەیەکی باش لە پاڵەوانەکان هەر خۆمم .. خۆ دەکرێ قەیرە کچەکان و بێوەژنەکەش هەر خۆم بم .. ئەی «فلۆبێر» نەیوت: [مەدام بۆڤاری.. منم] «ئانا»ش هەر «تۆلستۆی»ە. من و پاڵەوانەکانم زۆر تێکەڵین .. چونکە من شتێک نانووسم تیانەژیابم .. یان نەمدیبێ .. یان بەلای کەمی چاک گوێم لێ نەبووبێ .. من دەزانم ئەدەبی چیرۆک لەسەر خەیاڵ دەلەوەڕێ و کردەی خولقاندنە، وەلێ هیچ خولقاندنێک هەر لەخۆیەوەو بێ بناغە نایەتە کایەوە .. دەبێ تێکەڵ بەئەزموونێکی ئادەمیزادانە بێ. قوربان .. دەیبڕمەوە .. چونکە خەریکە دەیشێوێنم .. چەندین جار «ڕێبین ئەحمەد هەردی» ڕێنمایی کردووم کە وا چاکترە من لە چیرۆکی خۆم نەدوێم .. چونکە دەیشێوێنم...

**هیوا**: نا، من هێنده وای نابینم، چونکه هەندێ جار نووسەری بەسەلیقە کە لە بەرهەمەکانی دەدوێ، پەردەی هەندێ لەو پەنجەرانەمان بۆ لادەدا تا زیاتر دنیاکەی ببینین، چ جای ئێمەیەکی هەژار لە بواری خوێندنەوەو ڕەخنەی ئەدەبی دا، هەر لەم دیدەوەیە کە من دەڵێم ڕەخنەی کوردی تا ئێستا ڕەخنەیەکی قسەکەرە، هێندەی ئەوەی ڕەخنەیەک بووبێت بیربکاتەوە .. چاوساغێک بێ و دەستمانبگرێ بۆ ناو نهێنی و جوانی ئەو دەقانەی کە هەندێ جار نووسەر خۆی لێ ی بێ ئاگایە.

**شێرزاد**: گرفتەکە لەوەدایە کە نووسەر دەبێ دوا کەس بێ قسە لەسەر بەرهەمی خۆی بکات، چونکە مەترسی ئەوە هەیە واشی بکرێتەوە ستایشی کارەکانی خۆی دەکات، یان پێگەیەک بۆ خۆی دابنێ کە هەقی خەڵکی دیکەیە، دەنا گەر نووسەر جیهانبینی خۆی هەبێ، دەزانێ چی وتووە.

من بەتەمام چیرۆکی نووسینی هەر هەموو چیرۆکەکانم بگێڕمەوە. لەوێ دا من نهێنی زۆری نووسینم یان نووسینی خۆم درکاندووە.

**هیوا**: هاوئاهەنگی سیحری هارمۆنیەتی چیرۆکەکانت و شێرزاد لە کوێوە دێت؟، شێرزادی چیرۆکنووس و شێرزادی مامۆستا؟ تۆ زۆر بە سەغاوەتەوە دەستی دەیەها لە قوتابیەکانت دەگرتن و باسی خانە تابۆکراو حەرامەکانت بۆ دەکردن.

تۆ دەزانیت یەکێکیت لەو نووسەرانەی کە لە توڕەبووندا جوانیت؟!

**شێرزاد**: ئەگەر هارمۆنیەتی یەک لە نێوان من و چیرۆکەکانما هەبێ هی ئەوەیە، کە من چ لە ژیان و چ لە نووسین دا، هەردووکیان زۆر بە عیشقەوە مومارەسەی تیا دەکەم، من سەرسامیم لەبەردەم بوون و ژیان و دیاردەکانی دا سەرسامی منالێکە کە قەت گەورە نابێ، گوێ ڕایەڵی ئامۆژگاریەکەی

«نیکۆس کازانتزاکی»م کە دەڵێ: مەهێڵە ئەو منداڵەی ناو ناخت گەورەبێ. زۆرکەس واتێ دەگەن من لەگەڵ ژیان دا دردۆنگم: بەحوکمی ئەو نەغمە تراژیدی یەی کە لە چیرۆکەکانما هەیە، واهەست دەکەن من بەدبین و ڕەشبین بم. نووسەرە ڕەشبینەکان هەمیشە ئەو کەسانەن کە بەڕاستی عاشقی ژیان و جوانی کردنی ژیانن .. هەمیشە خەونی گەورەیان هەیە، من کە مامۆستاش بووم بەهەمان حەماسەتی کە لە کۆڕێکدا هەمە بۆ باسەکەم، بەهەمان حەماسەت وازم لە وتنەوەی ئینگلیزی دەهێناو پرسیارێکی شەرمنی کوڕە قوتابی یەک یان کچە قوتابی یەک بەس بوو بۆ ئەوەی کە من لە خەمە شاراوەکانیان نزیک ببمەوە، گوێم لە زەنگ نەدەگرت و زۆرجاران دوو دەرس بەسەریەکەوە شەیدایانە قسەم بۆ دەکردن، زۆرجاران لە حەماسەت و گەرم و گوڕی  باسەکان بەیەکەوە لەگەڵ قوتابیەکان بۆ خۆمان و قەهرەکانمان دەگریاین، ئەوەش فشە نی یە، شایەتەکان ماون، لەکنە من کەسێک عاشقە ژیان و جوانی و خێرو هەق بێ، چ نووسەرو چ نانووسەر، ئەو عەشقەی خۆی لە هەموو شوێنێکا لەگەڵ خۆی دا دەگێڕێ، من خۆم هەر ئەو مامۆستایەی ناو چیرۆکی «کەوتنی ژمارەکان» و «کەڵەکوڕان و ئاسکە کچان»م، هەر هەمان زبڵڕێژی «پیرە پەپولەکانی ئێواران»م .. من هەستناکەم تەمەنم «٤٦» ساڵە، هەمیشە واهەست دەکەم ئەو کوڕە لاوەی جاری جارانم .. هەربۆیە واز لە خەم و قەهرو تلانەوەو دەردە دڵی لاوان «بە کچان و کوڕان»ەوە ناهێنم .. من لەوەدا خاوەن تەکیەم و شێخێکی مۆدێرن –م، وەلێ قەت بۆ ئەوەش ناژیم لەو کوڕە لاو و کچە جحێڵانە نزیک نابمەوە تاوەکو بیانکەمە پاڵەوانی چیرۆکەکانم، چونکە ئەوەیان لای من بەدڕەوشتی یە، بەڵکو دەبێ بە جۆرێک لە چاودێری کردنی «مراقبە»ی ڕەفتارو خولقی خەڵکی کە لەنەزەر من جۆرێکە لە بەدڕەوشتی .. «فۆکۆ» هەتا لە عیادەکانی نموونەی فرۆید و قوتابیەکانی دا دژ بەم جۆرە چاودێری کردنەیە، من دەژیم و دەبینم و گوێ دەگرم وەک ئینسان، دوای گەر شتێک لەم تێکەڵی یە بوو بە هونەر گوناهی من نی یە .. بەداخەوە زۆر کەس کە بەدنیەهادن وا دەزانن من بەو ئەدەبە سێکسی یەی لامە لاوان لەخۆم کۆ دەکەمەوە، ئەمەیان سوکترین و ئاسانترین تۆمەتە، سیحری

کۆبوونەوەی لاوان دەگەڕێتەوە ئەوەی من قسە لەسەر «نائاگاهی/ لاشعور» دەکەم، قسە لەسەر ئارەزووە زۆر ئینسانی و خەفەکراوەکان دەکەم، مەیلە، خەونە حەرامەکان، من دەنێو گروهی مامۆستایانیش دا هەر بە شاز سەیریان دەکردم، چونکە ئەوەندەی لە حەوشەی قوتابخانە لەگەڵ قوتابیەکانما پیاسەم دەکرد ئەوەندە نەدەچوومە ژووری مامۆستایان، من چونکە کوڕێکی سەر بەگۆبەندو چارە ڕەش و هیلاک و ماندوو بووم، پەروەردەی کەلتوورێک کە پایەکانی لەسەر ترس و شەرم و عەیبە وەستاون، زۆر ئاسان دەرکم بەو قوتابیانە دەکرد، من لە وتنی حەقیقەت گوێم بەهیچ حەیاو حورمەتێکی کۆمەڵایەتی نەداوە، زەرەریشم کردووەو هیلاکیان کردم، بەڵام خەمی مرۆڤ لە هەموو زەرەرەکان گەورەترە، من جگە لە «کەژاڵ» کەسم نەناسیوەو لەگەڵ کەسیشدا نەنووستووم، کەچی لە کوردستان ناویان لێ نام «ڕابەری شۆڕشی سێکس» .. ئێوە هەمووتان ئەو حەقیقەتە تاڵە دەزانن، نووسین لەلای من هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانە، ئەو لاپەڕانەی پڕن لە حەرام و فەزاحەت .. لێرەوە دەرخستنی فەزاحەتی ئینسانی بۆخۆی دەبێ بە «فەزیحە».

من بڕوام بە قسەکەی «باسکال» هەیە کە دەڵێ «ئەخلاقی ڕاستەقینە گاڵتە بە ئەخلاقی تەقلیدی دەکات». من هەر زوو زانیم ڕیاکاری و دووڕوویی و درۆکردن لەگەڵ زاتی خۆت وەک نووسەر ناتگەیەنێ بە هیچ شوێنێک، سەیر ئەوەیە من بۆ خۆم لەم ڕووەوە هەست دەکەم هیچم نەکردووە، یان کەمێکم کردووەو زۆری لە هەگبەدا ماوە، هەتا لە ژیانی ڕۆژانەشمدا ماومە هەموو نهێنیەکان بدرکێنم و دەکرێ من بەشێکی ئەو ڕازو نهێنی و خەون و حەرامانەم درکاندبێ، دیارە من کە ئەوەم کردووە، زانیومە لە وڵاتی من دا کەم کەس هەیە خولقی ئەوەی هەبێ جوان گوێ لە دەردو خەمی خەڵکی بگرێ، چونکە مرۆڤی ئێرە ناتوانێ گوێ گرێکی باش بێ، تەنها لەبەر ئەوەی خۆی ماندووترە لەوەی گوێ بگرێ، هەن گوێ دەگرن، وەلێ بە هەموو هەست و نەستی یەوە گوێ ناگرێ، من بۆ خۆم هەمیشە وا بووم کە حەوسەڵەی گوێگرتم زۆربووە، چونکە زانیومە زۆربەی خەڵکی کت و مت وەک «عەرەبانچی یەکەی» چیخۆف تەنیان و کەس ئامادە نی یە گوێ یان لێ بگرێ، هەر بۆیە لە خەمی

قوتابیەکان نزیک دەبوومەوەو پەنجەم دەخستە سەر ئەو شوێنانەی کە لە ڕۆحیانا بە ئازارەو پێ ی دەتلێنەوە، من لەگەڵ «فرۆید» بڕوام وایە مرۆڤ وەک شاخی سەهۆڵین یان شاخی شەختەبەندی نێو دەریا وایە، نۆ لەسەر دە ی (٩/١٠) ئەو «شاخە – مرۆڤە» کەوتۆتە ژێر ئاوو یەک لەسەر دەی (١/١٠) لە ئێمەوە دیارە، من بۆخۆم مەبەستمە ئەو بەشە ببینم و بیناسم کە کەوتۆتە ژێر ئاو، مرۆڤی لای خۆمان زۆر داخراوە، گرێ کوێرەیەو سەدەها گرێ ی لێدراوە، کۆشکێکی پڕ لە سیحرەو دەرگا داخراو .. کلیلی دەرگاکەشی بزرە، ئەشکەوتی «هەزار مێردە» و سەد پێچ و پەنای وا تێدا، چرای عەقڵ و خۆشەویستی نەبێ مەحاڵە بتوانێت ئەو ئەشکەوتە تاریکە بپشکنێ و بزانیت چەندە شتی سەیرو نهێنی وا تێدا، بەڵێ؛ ئەو ناخەی مرۆڤ هەر بۆ خۆی شەوە زەنگێکە، تۆ سەیری خەونەکانمان بکەو بزانە چ قیامەتێکە، من بۆخۆم حەزم بە نووسینەوەی خەونە ترسناکەکان و پڕ لە شەرمەکانی مرۆڤە، بۆ ئەوەش من لە خۆمەوە دەستم پێ کرد، بەڵێ من هەوڵم دا ناو هەناوی خۆم هەڵدڕم و ڕۆحم شیتاڵ شیتاڵ کەم تا بزانم چی تیایە .. زۆر لەو لەت و کوتانەی ڕۆحی خۆم وان دەنێو چیرۆکەکانما، نووسەر بەرامبەر خەون و نهێنیەکانی خۆی ئازا نەبێ، مەحاڵە بتوانێ بۆ دەرەوە ئازاو ئازاد بێ، ئازادی ژیان و نووسین لە خۆتەوە دەست پێ دەکا، من لە داخی شەرم و ترسەکەی دوێنێ پێم نەنگە ئەمڕۆکە بترسم و شەرم بکەم .. شەرم لە بەردەم کێ و بۆچی؟

هەر خەونێک کە مرۆڤ دەیبینێ، هەر حەرامێک کە دەیناسێ، هەر ڕازو نهێنی یەک: هی ئەوەیە هەر هەموو بیزانین .. دەنا قەت ناتوانین پاک و جوان بین، من بۆ ئەوەی قوتابیەکانم شەرم نەکەن لەوەی لە ژێرەوە بە دزییەوە شتی حەرام دەکەن «حەرام لە نەزەر خۆیان و دەوروبەر»، تاوەکو بتوانم لە پۆل لە قازانج و زەرەری «دەست پەڕ» بدوێم، دەبوو لە خۆمەوە دەست پێ بکەم و باس لەوە بکەم کە منیش لە تەمەنی ئەوان خوا نەبووم و فریشتەی «نە نێرو نە مێ» نەبووم، دەبوو باس لە قەهری «دەست پەڕ» بکەم .. دەزانی لەم کۆمەڵگایە چەندە زەحمەتە ئاواهی دەست پێبکەی .. وەلێ .. چ چارێکی دیکە لەبەردەم دا

نی یە .. ئێمە هەموو لەسەرمانە باجی قورسی ئەم قۆناغە بدەین .. ڕەنگە لەسەر ئەم جۆری ژیان و نووسینە زۆرمان پێ بکرێ و لەوەشدایە بشمانکوژن .. وەک پڕکێشی ئەوەشیان کردووە، وەلێ چەندە جوانە ئامۆژگاریەکەی «زەردەشت» [حەقیقەت بڵێ و با هەلا هەلا بیت] .. دواجار کە تۆ وا عاشق و شەیدایانە ژیایت و نووسیت، بێ گومان بە، کە چ درەنگ و چ زوو خۆشەویستی دەدوریتەوە، مەسەلە شەڕە لەسەر ئەوەی چەندە پێت دەکرێ «ئینسان»بیت .. ئیدی لەوێدا دەگەی بەحاڵەتی بەرکەماڵ بوون و مەست بوون بە خۆشەویستی ئینسان.

ئەو تووڕەبوونەی باسیشی دەکەی هەر دەرەنجامی هەڵچوونە .. من هەمیشە لەسەر هەڵچوونم، هەڵنەچم هیچم پێ ناکرێ، نە ژیان و نە نووسین، تووڕەبوونی ئێمە شەڕە لەسەر حەقیقەت .. بەڵێ: من ناکرێ لەم دارستانەدا پیاوێکی خەم ساردبم .. بێ باک و کەم تەرخەم بم .. زۆر ناڕێکی و ناهاوسەنگی و ناپوختی لەم دونیایەدا وام لێ دەکا تووڕە بم .. کە تووڕەش بووم دەبێ هەست و نەستی پەنگ خواردووی خۆم دەرببڕم .. هەر من نیم کە وام: من کەسانی دیکەش دەناسم لە تووڕەبوندا جوانن .. ئێمە دەبێ بۆ هەمیشە وەک «جێمی پۆرتەر» پاڵەوانی شانۆگەری «بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بەرەوە» بە تووڕەیی نەک بەتەنها ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە .. بەڵکو دەبێ بە تووڕەیی یەوە سەیری ئێستاشمان بکەین، بۆ داهاتووش تووڕەتر .. چونکە هەموو خەونەکانیان کوشتین.

**هیوا**: لەو دیوو حوزنی چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنەوە، منالی .. عەشقێکی شەرمن و ناکام، ئافرەتێک .. نا ڕەنگبێت چەند ئافرەتێک، تەنهایی و خۆخواردنەوە .. من دەمەوێت بەشداری نهێنیەکانت بکەم، دەمەوێت تەنها سێبەرەکان لەو دیو چیرۆکەکانەوە نەبینم، باسی هەندێ نهێنی خۆشەویستی خۆتم بۆ بکە .. باسی شکستیەکانت .. باسی شتە جوانەکان .. باسی یەکەم ماچ .. درێویەکانی خۆت.. باسی ........، با لە تۆوە دەستپێبکەین و خۆمان لە

قەرەی ژیان و نهێنیەکانی نووسەر بدەین؟.

**شێرزاد**: باس لە حوزنی چیرۆکەکانم دەکەی، من خەم براگەورەمە، وابزانم هەر من نیم بەتەنها خەم خواردوومی .. نامەوێ شاعیرانە لەخەم بدوێم، بەڵام چیمان بەخەم لوول و پێچ نەکراوە، دارو دیوارمان، کۆڵان و شەقام و ڕێ ڕۆیشتنی مەردوومەکان، ڕووە زۆر ماندووەکان، تۆ سەیری ژمارەی زۆری ئەو گۆرانی یانە بکە کە بۆ خەم وتراون، مێژووی پڕ لە شکست و نوشوستی و مەرگ و ڕاوەدوونان و ڕووتی و سەرما و برسیەتی چی پێ نەکردین، ژمارەی هەرەسی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان، ئەنفالەکان، کیمیاباران و داتەپینی ئاسمانەکان، لەت لەت بوونی جوگرافیاو فڕێدانمان بۆ دەرەوەی مێژوو .. «سەلیم بەرەکات» هاوار دەکا: خودا .. خۆ ئەوانەش هەر کوردەکانی خۆتن.

ئێمە پێویستمان بەهەزەرەها «کاوێس ئاغا» هەیە تا لاوک بۆ شۆڕشە دۆڕاوەکانمان بڵێ.. هەزەرەها «ئایشەشان» تا بۆ تلانەوەو خەم و مەینەتی مێینەی کورد گۆرانی بچڕێ، تۆ سەیری خەج و سیامەند و شیرین و فەرهادەکانی کورد بکە.. چ زۆرە چیرۆک و داستانی عاشقە نامرادو بەیەک نەگەیشتووەکان.

بێ گومانم لەوەی ژەهری ئەو خەمە لەگەڵ شیری دایکم تکاوەتە گوێچکەمەوە، تاهەنووکەش لایلایەو لاوانەوەو سەردولکەکانی دایکم لە گوێما دەزرنگێتەوە، من و باوکم قەت بەڕووی یەکدی پێ نەکەنیوین، جارێکیان بەڕێکەوت لەبەردەمم دا زەردەخەنەیەک گرتی، هەردووکمان زۆر تەریق بووینەوە، بیرمە جارێکیان کەتازە باڵق ببووم لەبەرخۆمەوە گۆرانی یەکی عاشقانەم دەوت کە کت و پڕ باوکمم دی خەریک بوو بخنکێم، چونکە گۆرانیەکە لە قوڕگما گیربوو وەک پارچە ئێسقانێک.. ئاخ هەر خۆم دەزانم من بە چ ترس و شەرمێکەوە پەروەردە بووم، من تا سێ ساڵیش باڵقبوون کوناو کون دەرپێ زەردەکانی خۆم دەشاردەوەو نەمدەهێشت دایکم بیانشوات، ئاخر چەند عەیب بوو باڵق بوون، چەند شەرم بوو گەورەبوون، تف لەو سێوە حیزو خڕەی بەرمل.. لەو دەنگە گڕە.. من چیرۆکی خۆم و ئەو کچە چکۆلەیەم باس

کرد کـه لە تەمـەنی زۆر مـناڵی دا تووشی وێرانەیەکی کردم، مناڵیم جگە لەبێ بەشـی و سـەرمـا و ترس و شـەرم و دڵەڕاوکێ هیـچی دیکە نەبوو.. مناڵیم بیرمـەهێنەرەوە.. سەمـەدی بەهرەنگی واتەنی: هەمـوو کـەس خۆزگە بەو قۆناغە دەخوازێ تەنها من نەبێ.. خۆ من گەورە نەبووم، هێشتا هـەر ئەو مناڵە لەمندا ماوە، من لە تۆڵەی ئەو مناڵە شـەرمن و ترسنۆکە دەمـەوێ چیتر شـەرم و ترسم لە دونیـاو لـە کـەس نەبێ، بەڵام خـۆ شـەرم یـەکێکە لە سـیـفـەتـە جـوانـەکـانی ئینسانیش، چیخەف دەڵێ: مەردوومی پاک شـەرمنە.. هەتا لەبەردەم سەگەکەی خـۆیشی دا شـەرمنـە، گـوایـە دەڵێن نووسـەر بەگـەورەیی تۆڵە لەو کـەسـانە دەکـاتەوە کـە بەمناڵی سـووک سـەیریان کـردووەو شکاندوویانە، تـۆڵە لەڕێ ی نووسـین، من ئـەوەم لە چیـرۆکـی «گـوناهـی سـپـی»دا کـردووە. مـن هـەر زوو بەمنـاڵی دونیـا سـتـەمـی لێ کـردم و فـڕێ ی دامـە دەرەوە.. منی تف کـردەوە، منیش دەمـەوێ لە ڕێ ی نووسـینەوە جـۆرە هێـرشـێک بکەمـەوە سـەر ئەو دونیایەو لـەو ستەمـە بدوێم کە دەرهـەق بەمن و هاوەڵەکانم کردی، بۆ کـەسێکی وەکـو من کـە لە خـێـزانێکی زۆر هـەژارو نەخـوێندەوارو دواکـەوتوو.. هـەڵگری هـەمـوو ڕەگەزەکانی شـێـوانی مناڵی کوردی، خێزانێکی پاتریارکی کە کاری لەسـەر سـڕینەوەی زاتی من بوو، دەبێ چۆن دەربچم؟ لەو جۆرە خێزانەی باوک تیایدا بوونەوەرێکی هیلاک و تووڕەیە، دایک تیایدا مل کەچ و زەلیلە، مناڵەکان لەسـەر ترس و شـەرم و مل کـەچی گـەورە دەبن، پـتـر لەسـەر مـەحـرومـیـەتی خۆشـەویستی پەروەردە دەبێ، مـن لەبەر ئەو مەحرومیەتە لـەڕووی سۆزداریەوە هـەر زوو وەئاگـاهـاتم، واتا هـەر زۆر زوو بۆ سـۆزێـک، بۆ خـۆشـەویسـتی یەک دەگـەڕام، هەر کـە فـامم کـرد عـەوداڵی ئەو سـۆزە گـەرمـە بووم کـە لە دایک و باوکمم و کـەس و کارەوە نەمدی، خـۆ مـامـۆسـتـاکـانیش هـەر باوکـە دڵڕەقـەکـە بوون، لە تـەمـەنی هـەشت – نۆ سـاڵی یەوە کـە هاوینان دەبـووم بەشـاگـرد تا قـۆناغی تـەواوکـردنی زانکۆ هـەر هـەمـوو وەسـتـاکـانم هـەر هـەمـان دڵڕەقی بوو.. دەنێو دونیایـەک لە دڵڕەقی من بۆ میـهرەبانی دەگەڕام.. دایکی من ژنێکی زۆر دڵنـاسـک و مـیـهـرەبـان بوو.. وەلێ نەیدەزانی چۆن مـیـهـرەبانی بدا بـەمن و خـوشک و براکـانم.. بەڵکو لە داخ و قـەهری باوکم کە دارکاری دەکرد، ئەویش

منی دارکاری دەکرد، هەموو جەستەی من جێ ی گیرو گازو نقورچی ئەو ژنە پەپولەیە بوو.. زۆرجاریش بەدیارمەوە دادەنیشت و دەگریا، بەتایبەتی کە باوکم ئازاری دەدام، باوکی من دیکتاتۆرێکی یان بڵێم هیتلەرێکی چکۆلەبوو، ئێمە خێزانێک بووین تا هەنووکەش بە جورئەتەوە خوشک و براکانم ناتوانین تەعبیر لە خۆشەویستی بکەین لەبەردەم یەکدی، زۆرجاران کە کۆدەبینەوە، یەکێکیانم سۆز بۆ ئەوەی دیکە دەردەبڕێ و تەعبیر لە موحیبەت دەکا، ئەوی دیکە دەگری و هەندێ جار هەموومان بەیەکەوە دەگرین.. گرفتی ئەندامانی خێزانەکەی من ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستی یە زۆرەی هەمانە بۆ یەکدی و بۆ دونیا ناتوانین شەرم نەکەین.. ناتوانین ئازایانە دەری ببڕین.. تۆ بڵێ ی زۆربەی خێزانی کوردی وەک ئەو خێزانەی من نەبێ؟ من لەگەڵ «کامۆ»دام کە دەیوت: ئاه.. خودا من ناتوانم وابم کە خۆشەویست بم.. هەر لە منداڵی یەوە ئەو مەحرومیەتە منی هەراسان کردو هاڕیمی. وڕو کاس و گێژی کردم، خەیاڵی خۆشی خۆشەویستی لە کەللەما تەقاندەوە، وەلێ دیوی دووەمی کارەساتەکە لەپاڵ مەحرومیەت و گەڕان؛ بەدوای حەزو سۆزو خۆشەویستی دا کە زەحمەت بوو دەستم کەوێ، ترس بوو لەو گەڕانە.. هەر زوو باسی گوناه و عەیبەو شەرمەو حەیایان لەگەڵ کردین. هەموو حەزێک حەرامەو ئاگری دۆزەخ چاوەڕێ یە.. دایک دەیوت: هەموو کچانی دەرو دراوسێ و خزم و کچە پوورو خاڵ و مام خوشکمن.. کاک «شێرکۆ بێکەس» لە «خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێک» جوان تەعبیری لەو قۆناغە هەرزەکاری یە کردووە کە هەر دەڵێ ی حاڵەتی هەموومانە.

دیمەنی «حەمامی ژنان» لە ڕۆمانەکەی تۆدا «ئاوێنە سەرابی یەکان» منیش دەقاودەق پیایدا تێپەڕیوم، هەر ئەو ماوە کورتە ئافرەتمان بەڕووتی بینی، هەربۆیە پیاوی ڕۆژهەڵاتی هەمیشە بەڕووتی ئافرەت دەبینێ گەرچی دەقەد و دە چینی کراس و کەوای لەبەربێ.. مەسەلە خەیاڵ بڵاوی پاش مەحرومیەتە.. من زۆر لەو سۆزە شەرمن و لەو خۆشەویستی یە خنکاوەی ناو ڕۆحم پەشیمانیان کردمەوە، لە شەشی سەرەتایی یەوە تا زانکۆم تەواو کرد ئیدی من ئایین پەروەرێکی زۆر توند بووم، لە زانکۆ بووم بەسێ مانگ خۆم ڕادێنا

کەسەیری هیچ کچێک نەکەم.. سەیرکردن لەنەزەر من حەرام و نەزەر بوو.. چەندە دڵگران دەبووم کە شەیتانی دەبووم و خۆم پیس دەکرد، چەندە تەریق دەبوومەوە گەر خۆم ڕەحەت دەکرد.. دەبوایە سەد جاران خۆم «بسمیل» بکەم و «غوسڵ» دەرکەم، ئەی خودا چ عەزابێک بوو، خۆ نەدەکرا حەز لە کچە دراوسێ و خزم بکەم .. هەر هەموو خوشکم بوون...

لە کۆمەڵگای من دا، لە «هەولێر»ی سالآنی شەست و حەفتادا دوو بەندیخانەی قەفەزدار هەبوون، لە بەرامبەر یەک و دوور بەیەک، لە یەکێکیان نێرەکان و لە یەکێکیان مێ یەکان بەندکرابوون، لە دوورەوە.. بەشەرمەوە سەیری یەکدیمان دەکرد، من کە ماڵی پورێکم دەهات گەر کچێکی گەنجیان لەگەڵدا بووایە، زۆرجاران، نەدەرۆیشتمەوە تا دەرۆیشتن، چونکە زاتم نەدەکرد بەخێرهاتنیان بکەم، من هەمیشە لەبەردەم ئەوی دیکەدا خۆم بەڕووتی دەبینی.. بۆ؟ نازانم .. من زۆر لە پاڵەوانەکانی خۆم دەچم، وەک حەمە لە «گوڵی ڕەش» حەسەن لە «ڕەنگاڵە» فەرهاد لە «من و قالەو سەگەکەی بافلۆف» زۆربەی عاشقە شەرمن و نامرادەکان لە چیرۆکەکانما وێنەی خۆمی تیایە.. بەڵام وێنەی هەزارەها لەو هاوڕێیانەمە کە لەگەڵ من دا دەژین، من شەرم کوشتوومی و ترس خواردومی.. شەرم و ترسێک کە بەرهەمی کەلتووری ئێمەیە. ئەوە مانای ئەوە نی یە.. من بەدزییەوە حەزم لەکەس نەکردبێ، نەخێر.. من کوڕێکی، لە ناوەوە. ڕۆمانسی و شاعیرانەو خەیاڵ خۆش بووم.. وەلێ ڕووخساری دەرەوەم، جل و بەرگم.. شێوەی قسەکردن و مامەڵەم وای دەنواند کە پیاوێکی خەم ساردو هەست مردوو و بێ خەیاڵم.. ئازیزم.. کێ ڕۆح دەخوێنێتەوە وەختێ تۆ سیپاڵی بەرت شڕبێ، من تاکە کەسێک بووم لە شەشی ئامادەیی کە کورتەکی بەرم هەردوو ئانیشکی دایکم دوو جاران پینەی کردبۆوە.. من دەبوو هەمیشە خۆم لە چاوان بشارمەوەو تێکەڵ نەبم.. منێکی ئیفلیج لەبەردەم خۆشەویستی دا چیم بۆ دەکرا؟ نەوەی من بۆ کچ ناسین دەچوونە سەر ڕێ ی مەکتەبی کچان.. کەرامەتم لێ نەدەگەڕا من ئەوە بکەم.. من کە ڕووت و هەژار بووم بەو «کبریا» درۆزنە تەعویزم بەخۆم دەدایەوە، لەلایەکی دیکەوە هەستم دەکرد دەبێ من عاشق و دۆستی هەموو کچە

تەنیاکان و غەمبارەکان و دڵشکاوەکان بم.. یەکەم چیرۆکم بە ناوی «مامز» لەوەوە هات.. کچێکی گەڕەکەکەی ئێمەیان بەپارە لە پیرەمێردێکی نەخۆش مارەکرد.. من بەدایکم وت برۆ خوازبێنی بۆ من بکە با نەبێ بەقوربانی.. ئیدی خەیاڵی من زۆر خۆش بوو.. هەستم دەکرد دەبێ ئەو کچە قوتارکەم.. باوکم وتبووی: پێ ی بڵێن گووبخوات..

ئیدی من بۆ هەموو حەزو سۆزو خۆشەویستی یەکی شێتانەو شاعیرانەو ڕۆمانسی دەمزانی هەر گووم دەرخوارد دەدرێ.. لە ژینگەی من داچونکم ناسینی کچە مەحاڵ بوو.. بۆیە حەز مەحاڵ بوو، مەگەر بەخەیاڵ.. هەر لەبەر ئەو مەحرومیەتە پەنام بردە بەر نووسین.. نووسین وەک خۆشەویستی لەلام کارێکی پڕ لە شەرم و عەیبە بوو.. بۆیە بەدزییەوە خۆم پێوە خەریک کردبوو، من هەر ئەو تەنهایی و خۆخواردنەوەیە، ئەو شەرم و ترسە وای لێ کردم دونیایەکی قەڵەباڵغ لە ڕێ ی خوێندنەوەو نووسین بۆ خۆم دروست بکەم، دەنا دەبوو بمرم، ئەدەب نەبوایە خۆم دەکوشت، خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان، لە سەرەتادا، بۆ من دەروازەی تەقاندنەوەی ئەو خەیاڵە کپ کراوە بوو.. سواری سیمرخی ئەدەب دەبووم و سەفەری خۆشم دەکرد.. سەفەری دوور.

چەندەهاجار لە چیرۆکەکانم دا پاڵەوانی وەکو خۆم دەدۆزیەوەو دەگریام، پاڵەوانی ڕووت و ڕەجاڵ، عاشقی نامراد، ئیدی من هەستم کرد من تاکە بوونەوەرێکی مەحرومی سەر ئەم ئەستێرەیەنیم، نامرادانی وەک من زۆرن.

تۆ دەتەوێ بەشداری نهێنیەکانی من بکەی.. وەڵامی ئاسانی من ئەوەیە بگەڕێوە نێو چیرۆکەکانم.. کەت و کوت و پارچەکانی ڕۆحی وێران و هەلاهەلای من وا لەوێن.. من لەناو چیرۆکدا تا شوێنێکی زۆر پەنهان لە ڕۆح دا شۆڕ بوومەتەوە، من خۆم ڕاهێنا چیتر نەترسم و شەرم نەکەم.. لەناو نووسین دا جۆرێک لە ئازادی خۆم وەربگرمەوە کە لێم سەندرابۆوە، چەندم پێکرا شەقم لە سانسۆر داوە، هەموو شێوەکانی سانسۆر، بەڵام هێشتا سەرەتامەو درۆدەکەم گەر بڵێم لەم بوارەدا هەموو قسەکانی خۆم کردووە، بەڵام تا ئەو شوێنەی بۆم کرابی چووم.. حەزم کرد چینە شاراوەکانی ناو زاتی خۆم و خەڵکی بگەڕێم، شەختەبەندەکانی ناو ڕۆحم بتوێنمەوەو بزانم چ

سێڵاوێکی لێ دەتەقێتەوە.

براکەم.. دەبێ نهێنییەکانی من چی بێ لەناو ئەو بیابان و سەرابەدا کە مرۆڤ تیایدا ونە، تاکە تاوانی گەورەیی من ئەوەبوو من کەمێکی ئەو نهێنی یانەم خستە ناو چیرۆکەکانم.. من لەو پاڵەوانە دەچم کە شارێک لە خۆی کۆبکاتەوەو نهێنی یەکانی خۆی بدرکێنێ، کەچی خەڵکی بەردبارانی بکەن چونکە وەک ئەوە وایە تۆ نهێنی یەکانی ئەوان بدرکێنی، ئەوەش ئەوپەڕی نەنگی یە، تۆ ئازایانە لە نهێنی یەکانی خۆت بدوێ ی ئەوانی دیکە دەترسێنی، من کە لە شکستیەکانی خۆم دەدوێم هێزێک دەدەمەوە بەرخۆم، کە لەبەزین و نوشوستی دەدوێم خەون بەسەرکەوتنەوە دەبینم.. من دژی ئەوەم مرۆڤ لە خۆشەویستی دا نائومێد بێ، بەڵام کە هەزارەها چیرۆکی نامرادی و بەیەک نەگەیشتنم لەبەردەمدا بێ، دەبێ گۆرانیەکانی خۆشەویستی هەر غەمگین و پڕ کارەسات بن، من ڕەشبین نیم و بانگەشە بۆ ڕەشبینی ناکەم، وەلێ چ دەکرێ لە واقیعێکی وەکو ئەوەی ئێمە کە جگە لە ڕەشبینی هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێ.

ئەوە من نیم کە بەتەنیا لە «حەمە»ی پاڵەوانی ناو «گوڵی ڕەش» دەچم، بەڵکو بەهەزارەها لە نەوەی من و بگرە نەوەی دوای من و پێش من خۆ لەناو «حەمە»دا دەدۆزنەوە، ڕاستە چیرۆک بارستایی یەکی زۆر لە خەیاڵی تیایە، بەڵام «مارکیز» واتەنی گەر تۆ لە ئەمەریکای لاتینی بژی دەزانی لەو سیحرە زیاتریش لە کۆمەڵگاکەمدا هەیە، منیش هەروا دەڵێم: لەناو ئەو هەموو نائومێدبوونە لە خۆشەویستی کە هەموو ژیانی ئێمەی داگیرکردووە، کەی بوار لەبەردەم خۆشی دا ماوە، لە کۆمەڵی ماتەم گێڕدا باسی شایی بۆ کێ دەکەی؟ ئاشناترین دیمەن لەسەر شۆستەکانی ئاوروپا، لەناو میترۆو شەمەندەفەردا یەکدی ماچ کردنی کوڕو کچێکی عاشقە، لای ئێمە لەسەر کاغەزێکی دڵداری کچ دەکوژرێ، لای ئێمە دیمەنی کوشتارگەکان لەسەر سکرینی تەلەفزیۆنەکان پیشان دەدرێ و ملیۆنەها دەیبینن، کەچی دیمەنی ماچکردنی کوڕوکچێکی عاشق وادەکا هەر هەموو ئەندامانی خێزان بەتەریقی یەوە چاو داگرن.

کە ژیان باری کرد، مەرگ دێتە پێشێ، کە «ئیرۆس» کوژرا.. «تاناتۆس»

عومری درێژی خۆی لەو قەرز دەکا، نهێنی یەکانی خۆشەویستی و سۆزداری ئەوەندە زۆرن کەباس ناکرێ، ئێمە هەریەکەمان گردێکین، نا.. شاخێکین لە گرێ و گوالّ و بەرێوە دەڕۆین، دەریایەک لە نهێنی کە لەسەرەوەڕا سەیری دەکەی هێمن دیارە، وەلێ لە ناوەوە هەزارەها پاپۆڕی بارگرانی لە نهێنی تیا غەرق بووەو زەحمەتە بگەینە بنی ئەو دەریایەو بزانین ئەو پاپۆڕانە چی یان بارکردبوو، من گەر ئەو هەموو مێژووەم پڕبێ لە شکستی، لە کامیانەوە دەست پێ بکەم؟

من بەدزیەوە حەزم لە کچە دراوسێ و خزمەکانم دەکرد، وەلێ وەک پاڵەوانی ناو شیعرەکانی «هەردی» لاڵ دەبووم، وەک پاڵەوانەکەی ناو چیرۆکی «من و قالەو سەگەکەی بافلۆف» بەدزییەوە نامەم دەنووسی و دەمدڕاند، یا دەمنارد بێ ئەوەی ناوی خۆمی لەسەر بنووسم.. نامەکانم نەدەگەیشتن، هەندێ جار لە ترسانا گۆڕم بۆ هەڵدەکەندن و دەمشاردنەوە، ئەو ڕۆمانانەی کە لە چیرۆکی ئەڤین دەدوان.. دەمشاردنەوە، من لە نامەکانمدا دەپاڕامەوە.. سواڵی خۆشەویستیم دەکرد، دەگریام، وازم لە شەهامەتی خۆم دەهێنا و ئەوەندەی دیکە سووکتر دەبووم لەبەردەمی دڵخوازە شەرمنەکەم دا.. شەرمنترین کچۆڵە لەبەردەمی من دا دەبوو بە شازادەو دەمکرد بەکەڵەگا بەسەر خۆمەوە، دوو ئەزموونی لەو بابەتە کە بەنامە ناردن دەستی پێکرد ئەوەندەی دیکە ڕسوای کردم.

لە نامەکانمدا زۆر ڕۆحیانە دەدوام و خۆم پیشان دەدا، ئەوەندە شاعیرانەو زەلیلانە دەلالامەوە کە ئیدی بەرامبەرەکەم لەبری ئەوەی خۆشی بوێم، قێزی لێ دەکردمەوە، ئەوەندە باسی ڕۆحم تیادەکرد کە ئیدی کچە خۆی لادەبوو بەتارمایی، منیش لەو بە تارمایی تر .. هەموو عیشقی من لە ئەزموونێکی ناکامڵی ڕۆمانسیانە زیاتر نەبوو.. بێ بەرگی و شرۆڵی کەسیەتی یەکی لەرزۆک و ناجێگیر دەیکردم بە کارەکتەرێکی زۆر کۆمیدی. عاشقێکی نابەڵەدی وەک «ئەمیر مشیکنی» .. جێ ی مەزاق و مەسخەرە، ناوی کچەکان ئەوەندە گرنگ نین، چونکە هەر هەموویان لەیەک دەچوون، گرفتەکە ئەوەیە کچی ئەم وڵاتەش خۆی نازانێ لە خۆشەویستی دا چی دەوێ، ئیدی خۆ لە

دراوسێ و خزم تێپەڕناکەن کە جاروبار بەدزیەوە دەکرێ نامەیەک هەڵبدەیتە ناو حەوشە، یان بیرمە جارێکیان لە قۆناغی زانکۆدا بووم کە دوو نامەم لەو چوار ساڵەدا بۆ دوو کچ نارد، بێ ئەوەی بوێرم ناوی خۆمیان لەسەر بنووسم، بەڵام هەردوو کچە ئەو عاشقە بێ غیرەتەیان ناسی یەوە، یەکێکیان کە پلکەزام بوو .. باوکی زۆر هاوڕێم بوو، لێم تۆراو بەلەعنەتی کردم چونکە کچەکەی نامەکەی دا بە باوکی و من ڕسوا بووم، ئەوی تریان ئەوەندە بێ باک بوو کە باسیشی نەکرد، ئیدی بە مانا شەعبیەکەی من هەمیشە (عاشقێکی لەپێ کراو) بووم، ساتانی جوانی لەناو ئەو هەموو تێکشکانانەدا نی یە.. من ئیدی گاڵتەجارترین عاشق بووم، گرفتم ئەوەبوو لەناوەوەڕا هەستم دەکرد کەچی کچی دونیایە گەر باش گەوهەرو ئینسانیەتی من بخوێننەوە، حەزم لێ دەکەن.. بەڵام ڕۆح لەناو کەلتوورێکی وا فەقیردا دەبێ چ مانایەکی هەبێ.. درەنگ زانیم کە هەر «جەستە»یە بەرجەستەی ڕۆحیش دەکا، بەڵام من کە پەروەردەی مزگەوت و تەکیە بووم دەبوو تا پێم دەکرێ جەستە ڕسوابکەم و بیکوژم، تاکە تەقەللای من ئەوەبوو کە ڕۆح بەرەو بەرکەماڵی و دونیا ڕەهاتر بەرم، باڵاکردنی ڕۆحیش لەلای من لە کوشتنی جەستەوە دەستی پێ کردو تاوای لێهات بووم بەتارمایی، بەخێو، دوای عیشقێکی ناکامڵی سێ ساڵی کە دیسانەوە ڕۆحیانە بوو کچە کەوتە دوای پیاوێکی هەوەسبازو زۆرزانترو قۆزترو لەمن تێرتر.. ئیدی من تەواو تێک شکام و تا تەمەنی بیست و نۆ ساڵی من ماچ و دەست گوشینی هەر کچێکم پێ حەرام بوو، لەهەموو حەرامتر هی ئەو کچەی کە دڵدارمە، من ئەوەندە تینووی سۆزێکی ڕووت بووم کە نەمدەزانی مانایەک بۆ جەستە بدۆزمەوە، ئیدی من لە کاروانی عاشقان تەواو بەجێمام و دونیام تەلاق دا، من زانیم بەکەڵکی هیچ ئافرەتێک نایەم، چونکە ئەوەندە ڕۆحی و ڕۆمانسی بووم خەریک بوو ڕۆح خۆی لێم بێزاردەبوو، لەولاوە سەیر ئەوەبوو خۆم بە «دۆن جوان» دەهاتە پێش چاوو خۆم دەبینی کە من بوونەوەرێکی شەهوانیش لەناومدا هەیە.. بەڵام کوژراوە.

لە ڕێ ی خوێندنەوەی خەست و خۆڵ دەرکم بە هەموو ئەو گرێ و گواڵانە کرد، بەڵام مەحاڵ بوو هۆشیاری من بتوانێ ئەو شەختەبەندەی ناو خودی من

بتـــوێنێـتـــەوە، هوشـــیـــاری هـەمـــوو دەم، یان دەست بـەجێ نـاتوانێ یـاســا شـێواوەکانی یان ئیقاعی تێکچووی مرۆڤ ڕێک بخاتەوەو بیخاتە سەر سکە، یان ئیقاعی پێ ببەخشێتەوە، ئەمەیان وەختێکی درەنگی دەوێ، بەتایبەتی گەر بڕوام بە «فـرۆید» هەبێ کـە مـرۆڤ حـەقـیـقـەتەکـەی وا لەناو «نائاگـاهی»دا شــاراوەتەوە، پەی بـردن بەو هەرێمـەو تـونێل لـێ دان لەو شــاخـە ســەخـتــەو هەڵتەکاندنی چینەکانی ژێرەوە هەروا کارێکی ئاسان نی یە. من نامەوێ کەس وا بزانـێ ڕۆح و جـــەســـتـــە لـەلای من دوو شـــتی نـاکـــۆک بەیەکبن، بـەڵام ئەو کـەلـتـوورەی لەســەری پـەروەردە دەبین درزێکی گـەورە دەخـاتـە ئەم بەینەوە، هەربۆیە بە قەولی «بەختیار عەلی» کە وەختێ لە چیرۆکی «میم» دەکۆڵێتەوە دەڵێ: جـەسـتـە فـەرامـۆشـتـرین پانتـایی یەکە کـە لە کەلتووری ئێمـەدا کـاری لەسـەر نەکرابێ. چونکە جـەستـە لە زهنی ئێمـەدا تەنێکی پیسـەو لەڕێ ی ئەو تەنەوە هەموو گوناهەکان بەرهەم دێن.

لە ڕۆمـانـی «کوڕان و عـاشـقـان»ی «لۆرانس» پاڵەوانە عـاشـقـەکە «پۆل» دوو حەزی هەیە کە دەیدۆڕێنێ: مریام: چونکە پەیوەندی یەکی ڕۆحی ڕووتە، کلارا: چونکە پەیوەندی یەکی سـێکسی ڕووتـە، لەو نێـوانەدا «پۆل» دەدۆڕێ، چونکە وێنەی دایک کـە دەسـتـەڵاتی خـۆشـەویستی یـەکی ئەوتۆی لەســەر «پۆل» هەیە ئیـقـاعی تێک داوە، کـە دایکە دەمـرێ، ئەوسـا «پۆل» بـڕیاری سـەرلـەنوێ ژیان دەدا، هەمـوومـان وەکـو «پۆل» وێنەی «دایک» بەدوامـانەوەیە، لێـمـان ناگـەڕێ لەگـەڵ ئـافـرەتەکـانی دیکە ئاسـوودەبین، دایکانی ئێـمـە وەک دایکی پۆل وایە کەناتوانێ عاشـقی مێردەکەی بێ بۆیە ناچارە عیشق لەگەڵ کوڕەکانی دەکا، ئەم گـرێ ی ئۆدیب-ە لای ئێـمــەش بـوونی هەیە، «پـۆل» ناکـۆکـە بە بـاوکی و تەرەف داری دایکە.. بەڵام گـرفـتی ئێـمــە ئەوەیە کـە ئەم گـرێ یە کـەمــتــر توانیـویەتی ئـەدەب بەرهەم بێنێ، من کـەمـێک لەو «ئۆدیب»ە نزیک بوومـەتەوە، من خــۆیشم وێنەی دایک هەر بەدوامــەوە بووە، دایک وەک وێنـەیەکی حــەیاتی زیندوو، دایک وەک ڕەمزو دەسـتـەڵاتی ئـەخـلاقی، زۆربەشـمـان لە ئافـرەت دا بەدوای وێنەی دایک دا دەگـەڕێین، بەڵام دایک چونکە پیـرۆزەو بێ سـێکسـە لە نەزەر ئێمە، هـەر بەهەمان شێوە شایانی خۆشەویستی یە، هەموو ئافرەتێکیش

گەر خۆشەویست بێ لە وێنەی دایک نزیک دەبێتەوە نەک هاوسەری پێخەف، بۆیە زۆرجاران خۆشەویستی سەردەمی لاویمان لەو حاڵەتە ڕۆحی یە پیرۆزە نەترازاوە کە پیرۆزی وێنەی یان ڕۆحی خۆشەویست لەبەرامبەر پیسی خەیاڵمان لەبەرامبەر جەستەی یارەکانمان لە جەنگدا بوون، ئەمە گەورەترین تێکچڕژانی ڕۆحی دروست کردووە، سەیرنی یە پیاوی ڕۆژهەلاتی لەتەک ژنەکەی یان یارەکەی لە بازنەی پەیوەندی یەکی پیرۆزدا دەیبینێ، بەدوای سۆزانیەکدا دەگەڕێ بۆ تێرکردنی هەوەس و شەهوەت چونکە هەموو پەیوەندی یەکی سێکس لە زهنی ئەودا کارێکی حەیوانی و نەنگ و دابەزینە، لەم جۆرە فەزایەدا خۆشەویستی چ ئیشکالیەتی یەکی گەورە دروست دەکا.

من لە دوای زانکۆوە بڕواو ڕوانینەکانم بۆ دونیاو پەیوەندی نێرو مێ گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، لە ڕێ ی خوێندنەوەی زۆرو جۆراوجۆر، توانیم وردتر «ئافرەت» بناسم، بەلام ئەم جارەیان لەڕێ ی کتێبەوە، دیارە بە حوکمی «١٠» ساڵ مامۆستایەتی لە تەک کچ و کوڕەکان «قوتابیان» لەو تەمەنە ناسکەی ئەوان دا داوای لێکردم لە ڕووی حەیاتی یەوە لە خەمیان نزیک ببمەوە، ئەمجارەیان کتێب و ژینگە یارمەتیان دام، خۆم بیرچۆوە، زانیم هەر هەموو کوڕان و کچانی ولات وێنەی منن لە شێوەی جیاجیادا.. هەر ئەو نزیک بوونەوەیە بوو وای کرد من بکەومە داوی «کەژاڵ» و ئەویش بکەوێتە داوی من. من خۆم زۆر لە مامۆستاکەی ناو «کەڵە کوڕان و ئاسکە کچان» دەچم.

هیچ کەسێک نەیتوانی ئەو برینە شاراوەم ببینێ، من هەموو جار وتوومە تاکە کەسێک، تاکە باوەشێک، پەناگەیەک، تاکە ئافرەتێک کە لە عەزاب و دەردو ترس و شەرم و دڵەڕاوکێ ی من تێ گەیشت و دوای ئەو هەموو تێک شکانە «کەژاڵ» بوو. ئاراگۆن دەڵێ: ئیلزا منی بە ژیان بەستەوە، منیش هەروا دەڵێم، من وەک ووتم: لەو پەڕی نائومێدیداو دوای شپرزەبوون و تێک شکانە یەک لەدوای یەکەکان، لە دوای لەت و کوت بوون، لە دوای هەلا هەلابوون ئەو ئافرەتە میهرەبانە لەو مەنفا ڕۆحی یە دەری هێنام و منی بردەوە بۆ باوەشی خۆی کە بوو بە نیشتمان، هەر ئەوبوو ئەو لەت و کوتانەی بەیەکەوە بەستەوە، هەموو نووسین و خەیاڵ خۆشی و داهێنانم لە سۆنگەی ئەم عیشقەوە هات،

ئەو بوو ڕزگـارکەرم، من عـاشـقـێکی زۆر سـەگـبـاب و هیـلاک بـووم، ئەو توانی بەرگەی هەمـوو ساتەوەختـی پڕ لە دڵەڕاوکێ و شێتـایەتی من بگرێ، من توانیم لەوەوە لە سیحـرو جوانی و میـهری ئافرەت نزیک بمەوە، تا ئەو حـاڵە لە ڕێ ی کتێبـانەوە ئافرەتم ناسی.. سـاڵانی حەزو سۆزم لە گەڵ کەژاڵ دا تیژ تێپەڕین .. ئیدی بۆ بەدبەختـی دوای حەزی ئەو هـی تر حەزیان لێ کردم، هەتا دوو کۆنە یارەکەش .. دوای سـاڵانێکی زۆر هاتنەوەلام و وتیان: ئێمە غەدرمـان لێ کردی .. خـۆشـەویسـتـی خـۆیان دەربڕی .. وەلێ پاش چی.. من بـەدوای عیـشـقـێکی هارو شـێتـانەدا دەگەڕام، جگە لە کـەژاڵ کـەس لەو خولقـە سـەیرەم حـاڵی نەبوو .. ئەو ژمـارە کەمـەی کچـانی دەرودراوسـێ و خـزم و خوێ قـەت لە خـەیاڵیـان دا نەبوو کـە منێکی نـیـمـچـە مـەلا وا هـاربـوویمەو شـەڕ لەسـەر ئـازادی ئافـرەت دەکەم، من ئەوەندە بەسـتـەزمان بووم، لە تەمەنی دوانزە سـاڵی لە ترسـی ئاگری جەهەننـەم خوشکێکی خـۆم لە قوتابخانە دەرهـانی کە تەنها سـێ ی سـەرەتایی بوو، چونکە قـاچی ڕووت بـوو، مـەلایەکی گـەڕەک کـە قـورئانـی پێ خـەتم کـردم وتی: تۆ بۆنی بەهەشت ناکەی کە «٥٠٠» ساڵ ڕێ دووره، چونکە خـوشکەکەت قـاچی ڕووتـە.. بەداخـەوە کـەس نازانێ ئێـمـە تەنهـا بـانگەشـە بۆ کـڕینەوەی ئینسـانیـەتی مێـینە دەکەین، من دژی ئەو کـەلتـوورەم کە بڕوای بـەدوو قـەفـەز هەیە، قەفەزی نێرو قەفەزی مێ .. تا وابێ نە خۆشەویسـتـی دەخولقێ و نەهیچ پەیوەندی یەکـی ئینسـانی، هـەر لەبەرئەوەشـە هـەر هەمـوو کۆمـەڵگای کوردی و ڕۆژهـەڵاتی خاوەنی دەردی نێرڤوزەیە «عصاب».

بە کـورتی من خـاوەنی هـیـچ ئەزمـوونێکی عـیـشـقی گـەروە نیم، ئەگـەر ئەزمـوونێـک هـەبێ و تێری کردبم .. پـێ ی سـەلماندم کـە من هـەم مـرۆڤم و هـەم عـاشـقم .. ئەو ئەزمـوونە ڕەنگامـەیەی کـەژاڵ بوو .. نازانم بەدبـەختـی یە یان چاکـە کـە من یەکـێکم لـەو پیـاوانە کـە پیـاوی یـەک ژنەم: ئەوەیـان قـەولێکی ئینـگلیـزی یە .. واتا بەتەنـهـا یەک ئـافـرەت دەبینـێ و بەس.. هـەرچەنـدە من تا هـەنووکـەش وا هەست دەکـەم هـەرچی ئافـرەتی تەنیـاو دڵشکاو نـەگبـەت هەیە هـەقی لەسـەرمـەو دەبێ من عـاشـق و هـەڵگرەوەی بم .. بەمـانا ئـەخلاقـیـەکەی .. هـا .. دیسـانەوە بەمـانا ڕۆحی یەکەی .. بەڵام چ دەکەی..؟ لامارتین-ی شـاعیر

دەڵێ: سیحری خۆشەویستی لەوەدایە کە بەتەنیا یەک کەس دەبینێ .. یەک کەس و بەس..! میلان کۆندێراش دەڵێ: دوا ئەڤین ئەڤینی گەورەیە .. لەوەدەچێ وابێ..!

**هیوا**: پێموایە ئیدی قسەکردن لەسەر ئەدەبی کوردی، بێ ئاوڕدانەوەو نیشاندانی ئەو جوگرافیایەی کە لە دەرەوەی نیشتمان هەیە مەحاڵ بێ، ئەم دوو کەرتبوونەش، نیمچە دابڕان و بەدەنگی یەکدیدا نەگەیشتنە، ئەگەرچی تا ئێستا ئێمە خاوەنی زەمینەیەکی ڕۆشنبیری و مێژوویەکی دێرینەنین لە دابڕانی نێوان ئەو دوو گواستنەوەیەدا، ئایا پەیگایەک هەیە ئێمە لەسەری بوەستین و لەوێوە کاریگەری ئەو ئەدەبە کوردیە ببینین کە لە سەر ئەدەبێکی بەرهەمهێن هەیەتی لە ناوەوە؟

لەگەڵ ئەوەی دەبینین زۆرینەی ووزەی داهێنەرو قورسایی ڕۆشنبیری کوردی لەم چەند ساڵەی بەرووودا ڕاودەنرێ و پەڕاهەندەی خۆرئاوا دەکرێ، بۆ ئەو گۆڕەپانە ئەدەبیەی خاوەن میراتگەلێکی خوێنەری تەممەڵە بەقەد ئەوەی خۆێنەرێکی هوشیار و خاوەن سەلیقەی بەرهەمهێنابێ؟

**شێرزاد**: هەر ئێمەنین کە مەنفا «تەراوگە» هەڵدەبژێرین، مێژووی ئەدەب، لە قۆناغی جیاو بۆ میللەتانی جیاجیا دەمێکە بەم دیاردەیە ئاشنایە، ئەم کۆچکردن و سەرهەڵگرتن و ڕەوە هۆی جیاوازی هەیە، هەندێ جار ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو غوربەتە ڕۆحی یەوە هەبووە کە نووسەرو هونەرمەند لە ناو نیشتمان هەستیان پێکردووە، گەر چەوسانەوەشی لە پاڵ بووبێ .. زیاتربووە، دەرگا داخراوەکانی ناو نیشتمان وادەکا تۆ بەدوای دەرگای کراوەدا بگەڕێ ی هەتا گەر لە مەنفاش بێ، مەسەلەکە بەوە پێک نایە کە نووسەر هەرێمێکی جوگرافی بەهەرێمێکی دیکە دەگۆڕێ، من و تۆ کە لێرەین، پتر لەوێ دەبین، لە وەڵامێکی زووتردا وتم: «جۆیس» شاری «دبلن»ی لەناو خۆی دا هەڵگرتبوو، گەرچی لە سویسراو ئیتالیاو فەرەنساش پەڕاگەندەبوو، من کە لە سلێمانی

بووم، هەولێرم لەگەڵدا بوو، لێرە هەولێرو سلێمانی و چی کوچەو کۆڵان هەیە، چی مەردوومی دەیناسم لەگەڵمدان و وازم لێ ناهێنن، لێرە پتر ڕوو لەوێ دەکەی. بۆ نووسەری هەست ناسک و هوشیارو بەسەلیقە هیچ ئێرەو ئەوێ یەک لە ئارادا نی یە.

مێژووی ئەنتلجنسای کورد دەمێکە سەرهەڵگرتنی بەخۆیەوە دیوە، «نالی» و «حاجی قادر» و «مەولانا خالید» کە لەسەردەمی خۆی جێیان نەبۆوەو ناچار مەنفایان هەڵبژارد .. تا هەنووکە ئەم سەرهەڵگرتنە بەردەوامە .. بێ شک مێژووی ئەو ڕاوەدوونانە درێژەو سەیر لەوەدایە دوای ڕاپەڕین ژمارەیەکی دیکە سەریان هەڵگرت کە چاوەڕێ نەدەکرا، ووتیان: پێغەمبەر لە وڵاتی خۆی جێ ی نی یە .. لەوەدەچێ نووسەرو هونەرمەند ئەمڕۆکە لە کوردستان ئەو پێغەمبەرە نەفی کراوە بن، دیارە لەم سەردەمەدا بۆ ئێمەی کورد بوو بە دیاردەیەکی بەرچاو، گوایە بۆ داهاتوویەکی دووری کورد ئەوەیان قازانجە، من وای نابینم .. چونکە ئێستا ئەگەر قۆناغی بونیات نانیش نەبێ لە کوردستان، قۆناغی بەرەنگاری بوونەوە بوو، تەواو دەنگە دلێرو جوانەکان زۆریان ڕەویان کرد، ئەوەی مابۆوە هاتە دەرەوە، ئەوانەی کە بەتەمابووین، دوای ڕاپەڕین، بێنەوە، بەتەواوی تۆران و ڕەنجان و ئومێدی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان هەر زۆر دوور کەوتەوە، ئەگەر نەڵێین بوو بەمەحاڵ.

بەداخەوە تا هەنووکە هیچ پەیوەندی یەکی توندوتۆڵ لە نێوان دەرەوەو ناوەوەدا نی یە. وا پێ دەخەینە ناو سەدەی بیست و یەک و کەچی کوردستان خاوەنی «پۆست»ی خۆی نی یە، گوایە لەبری حوکمەتێک؛ خوا نەیبڕێ دوو حوکمەت هەیە، ئەمارەتی سۆران و ئەمارەتی بابان. بۆیە من کەمتر کاریگەری ئەو ئەدەبەی دەرەوە دەبینم لەسەر ئەدەبی ناوەوە، چونکە بەئاشکرا دیارە کە لێک ترازان و لێک پچڕانێک هەیە، ڕەنگە مەسەلەکە پەیوەندی بە هۆکارێکی تەکنیکی یەوە هەبێ، بەڵام هەتاگەر ئەوەش بێ .. هەر هەموو پەیوەندی یەکانی نێوان دەرەوەو ناوەوەی وڵات پچڕاوە.

من بڕوام بەیەک حەقیقەت هەیە، نە مەنفاو ئازارەکانی، نە وڵات و کێشەکانی هیچ پەیوەندی بەئاستی داهێنانەوە نی یە، هەتا زمان فێربوونیش

هەر داد نادات، نهێنی داهێنان وەستاوەتە سەر کۆمەڵێ هۆکاری تر کە لێرە جێ ی باسی من نی یە، مەنفا یان دەرەوە یان هەندەران دەیەها داهێنەری کوشت کە لەناوەوە دەنگ و سەنگیان هەبوو، هەمانە لە دەرەوە خزمەتی خۆیان کردو پێ گەیشتن و ئەمرۆکە نموونەی داهێنەری جوانن، لێرە مەسەلەکە لەوەدا کۆبۆتەوە کە نووسەرو هونەرمەند چەندە عاشقی کارەکەی خۆیەتی و بۆی دەسوتێ.

هەمانە سێ زمانی ئەوروپی دەزانێ و کەڵکی لێ نەبینیوە، هەمانە بەتەنها عەرەبی دەزانێ، کەچی زانیویەتی چۆن کەڵک لە سەرچاوەکانی مەعریفەت وەردەگرێ.

بەقەناعەتی من مەیدانی قۆزتنەوەی داهێنانی فیکرو ئەدەب هێشتا کوردستانە، چونکە عاشقانی فیکرو ئەدەب هێشتا لەوێن وەک خۆت دەست نیشانت کردووە ملیۆنەها کورد لە ئەوروپاو ئەمەریکا هەن کەچی سەد کەس ئامادەنی یە ڕۆمانێکی کوردی دانسقە بکڕێ.

من تا ئێستا هەست ناکەم ئەو پەیگایە هەبێ کە لەسەری بوەستین و لەوێوە کاریگەری ئەو ئەدەبە کوردی یە ببینین کە لەسەر ئەدەبی بەرهەمهێن لە ناوەوە هەیبێ. خۆگەر ئەو کاریگەرەش هەبێ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە، بەڵام من وابزنم هێشتا ئەدەبی دەرەوە گۆشت و خوێنی خۆی لەناوەوە وەردەگرێ، هێشتا نووسەری کورد لەسەر یادوەری دەلەوەڕێ و کارەساتەکانی ناوەوە دەیهەژێنێ، دەکرێ بڵێین بۆ ئەدیبانی کورد لە دەرەوە کات فەراهەمترە بۆ خوێندنەوەو نووسین، کە دیارە بەهۆی بارودۆخی ناجێگیری دونیای سیاسەت و باری ناهەمواری ئابووری وای کردووە نووسەرانی کورد هەر هەموو نائومێدبن و بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی حیزبەکان بۆ نان و بژێوی دابەش بن و زۆریان کتێبەکانیان فرۆشت.

بەڕاستی سالآنی دوای ڕاپەڕین دەکرێ بە خەراپترین قۆناغی وەستانی گەشەی ئەدەبی دابنێین لە کوردستان، چونکە گەر من بمەوێ وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوەو لەو کاریگەری یە تێ بگەم دەبێ داهێنانی کوردی-م

لەبەردەست بێ، بەڵام ئەوەتا لەدوای ڕاپەڕینەوە، پاش ئەوەندە ساڵە «١٠» کتێبی فیکری و ئەدەبی چاپ نەکراوە .. ئیدی دەکرێ بڵێین ساڵانی بەر لە ڕاپەڕین نەخشەیەکی داهێنانمان لەبەردەست بوو، هەنووکە ئەو نەخشەیە نەک لەت و پەتە، بەڵکو نی یە، من ئاگام لێ یە لە دەرەوەی وڵات جووڵەی بڵاوکردنەوەو چاپەمەنی چاکترە، بەڵام ئەو خوێنەرە عاشقەت دەست ناکەوێ لێرە، بەگشتی کورد خوێنەری یەکجار کەمە، بەداخەوە کوردستان وەک هەموو جار وتوومە، یان بڵێم سیاسی یەکانی کوردستان بوون بەو باوکە دڵڕەقانەو ڕاویان نا‌ین، سەیر ئەوەیە من کە لە کوردستان بووم لەسەر جوانترین پرۆژەی گۆڤاری «ئازادی» کە لەلای من تاکە ئەستێرەیەکی درەوشاوە بوو، کەچی دەستەی نووسەرانی هەر هەموو ڕەویان کردو لە واقیعی کوردستان، دوای ڕاپەڕین، نائومێدبوون و کەسیش دەستگیرۆیی نەکردن و هەتیوکەوتن، ئەوەبوو «مەریوانی وریا قانع» بۆ هۆڵەندا سەری هەڵگرت، «بەختیار عەلی» بەرەو ئەڵمانیا، «بەرزان فەرەج» کەوتە فەرەنساو «ڕێبین-ی ئەحمەد هەردی» بەتەنیا لە سلێمانی مایەوە، بوو بە مەحاڵ هیچ خەونێکی فیکری و ئەدەبی لە کوردستان دا سەوزبێ، هەر هەموو حیزبەکان تەنها لە خەمی دەرکردنی ڕۆژنامەو ئۆرگانی حیزب بوون، کەسیان ئامادە نەبوو لە پاشماوەی لەتە کاغەزی ڕۆژنامەکان کتێبێک چاپ بکات.

ناتوانم قسەش لەسەرجەمی داهێنانی فیکرو ئەدەبی کوردی بکەم لە دەرەوە چونکە هەموو نەخشەکەم لەبەردەستا نی یە. بێ گومان لەو ساڵانەی دوایی دا چەند ناوێکی درەوشاوە دەرکەوتن. بێ گومان مێژووی ئەدەب ئەو کاریگەری یە لە داهاتوویەکی دووردا بۆ ئێمە تۆمار دەکا، بەڵام لە حاڵی حازردا یان من خوێندنەوەکەم بۆ واقیعی ئەدەبی هەنووکە خەراپە، یان هیچ کاریگەری یەکی ئەوتۆو بەرچاو بەدی ناکەم، دەبوو قورسایی ئەو داهێنانە لەوێ بێ، بەڵام چ دەکەی ئەو قەدەرە ستەمکارەی هەموومانی دەربەدەر کرد، خۆی گرفتی کورد ئەوەیە تاراوگەکەی لە دەرەوە نی یە، بەڵکو تەراوگە وا لە ناوەوە، بەتایبەتی بۆ نووسەر کە کەمترین فەزای ئازادی بەدی ناکا بۆ داهێنان و هەڵفڕین... ئاسمانی ئەوێ هەر هەموو مەلەکانی خۆی خنکاند ..

دەبوو بەدوای ئاسمانی دیکەدا بگەڕێین.

**هیوا**: کۆنفرانسی نووسەرانی جیهان «موکولا»، لە شاری «لاهتی» لە فلەندا، ئەم ساڵ تۆ و کاک عەبدوڵا سەراجیان بانگهێشتکرد بۆ بەشداربوون لەم کۆنفرانسەدا.

تەوەرەی باسەکە لەسەر «زمان و کەسییەتی نووسەر» بوو، تۆ هاتیت بە بەراوردێکی ورپاو زیرەکانە دنیای ئێمەو دنیای ئەوانت بەشەڕدا، بەڵام تۆ هەر بەو جلە خوێناویانەو بەو برینانەی جەستەتەوە دەدوایت و زیرەکانە خۆت لەو بابەتە تیورییە شاردەوە و لە تراژیدیاکانەوە باست لە زمان و کەسییەتی نووسەری کورد کرد، زۆربەی نووسەرانی ئەم کۆنفرانسە لەسەر ئەو بابەتەی تۆ سەرنجێکی پۆزەتیڤانەیان هەبوو، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەم باسەی تۆیان بەیەکێ لە باسە سەرکەوتووەکان ناوبژێرکرد، دەکرێت کەمێک لەسەر ئەم دیدارەو بابەتەکانی تری کۆنفرانسەکە بدوێیت؟

**شێرزاد**: یەکێتی نووسەرانی جیهان/ نۆژەن کە «Pen» سەرپەرشتی دەکاو لقی لەزۆر وڵاتانی دیکە هەیە، لقی لاهتی/ فنلەندا دوو ساڵ جارێک دیدارێکی گەورە ساز دەکات، هەرجارەو بابەتێکی یان تیمەیەکی سەرەکی هەڵدەبژێرێ و لە هەموو دونیاوە ئەدیبان داوەت دەکات.

ئەم دیدارە ئەدەبی یانە لە ساڵی «١٩٦٣» واتا لە «١٥» دیداری خۆی دا پتر لە «١٠٠٠» نووسەرو شاعیرو ڕەخنەگرو سکۆلاری لە هەموو دونیاوە بانگهێشت کردووەو هاتوونەتە شارۆچکەی «لاهتی». بەپێ ی نەریتێک بەر لە هاوین و لە سێ یەمین هەفتەی مانگی حوزەیران هەر ساڵ ناساڵێک ئەدیبانی عاشق و شەیدا دێن و کۆدەبنەوە، دەدوێن، گوێ دەگرن، گفت و گۆ دەکەن، وەختێکی بەبەرەکەت بەیەکەوە بەسەر دەبەن و یەکدی دەناسن، لە ژێر دارسنەوبەرەکانی «موکولا»دا یەکتر دەگرن.

بابەتەکان دەکەونە بازنەی خەمە ئەدەبییەکانی ئەو ڕۆژگارەی کە دیدەنی

یەکەی تیا دەکرێ .. لە لێدوان لەسەر «ئەفسانە» تا دەگات بە قسەکردن لەسەر «ڕۆڵی نووسەر»، لە مەسەلەی مۆرالتی «ئەخلاقیەت» تا دەگا بە «Ethics» زانستی ئەخلاق. لە بابەتەکانی جوانناسی و نهێنی یەکانی بەهرەو هێزی ئەدەبی و تا دەگات بە ناسنامەی نەتەوایەتی لە بواری ئەدەب، قسە لەسەر زەمەنی ئەدیب و ماسکەکانی «دەمامکەکان»، قسە لەسەر ئەوپەڕی بڕوابوون بە ئەرکی ئەدەب و ئەدیب تادەگا بە گومانکردن لە بەهای ئەدەب، گومانێکی ڕاستەقینە، لە مەسەلە کۆنکرێتی یەکانی ئەدەبەوە تا ئەبستراکت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە وەک ئەمساڵی «١٩٩٧» من هەستم پێ کردو دوایی من زانیم.. لەپاڵ هەر مەسەلەیەکی ئەدەبی زۆر گەرم و گوڕدا، ئەو ئەدیبانە مەزاق و گاڵتەو قسەی خۆش و لەزەتی قسەکردن بۆ قسەکردن لەبیرناکەن.

ڕۆژی «٩٧/٦/١٨» کە من بۆ بەیانی یەکەی بۆ یەکەمجار لە دیدەنی یەکە ئامادەبووم، قسە لەسەر «Irong» دەکرا واتا ئەدەبی «تەوس».. لە مەسەلەی «ساونا» کە حەمامێکی بە شۆرەتی فنلەندی یە دەستیان پێ کرد، تا سەعاتێک گەمەو گاڵتە بوو، لەوەوە منیان خۆش ویست کە ئیقاعەکەم تێک داو هاتمە سەر ئەدەبی «تەوس» و هەندێ قسەم کرد، خۆم سەغڵەت کرد، مەسەلەی «سانسۆر»م باس کردو وتم: لای ئێمە «تەوس» بۆخۆ دەربازکردنە لە «سانسۆر»و گەلێ قسەی تر .. هێدی هێدی کە زانیان جێ ی سوعبەتم نەهێشتەوەو خەریکە ئارەقە دەکەم، وەک بە حەماسەتی مناڵێک بخەننەوە: خەنینەوە.. بەڵام ئیدی من حەپولکی کەسم نەدا، دیارە ئاسانیش نەبوو تەعبیر لەو هەموو دەردە دڵە بکەم بە ئینگلیزی .. بەڵام کەم و زۆر لە حەماسەتی خۆم ئاگادارم کردنو دواجار کە زانیم خەریکە بێ تامی دەکەم.. من ئەوجارە بە نموونەیەکی حەمامی «ساونا» کۆتاییم بە قسەکانم هێنا کە لە نوکتە دەچوو، بەسەرخۆم هاتبوو ئەو شەوە. دوایی من زانیم کە ئیقاعەکەم بەدڵپاکی خۆم تێک داوە، بەڵام ئیدی ئەو ڕۆژە کە بۆ ئێوارەکەی موحازەرەکەی خۆم پێش کەش کرد هەر بەتەواوی مات و مەلوول بوون، بە کوردی ئیقاعی کۆنفرانسەکە لە دوا ڕۆژەکانی بەهۆی ئەو نەغمە تراژیدی یەی من تێکچوو.. هەر هەموو

پیان خۆش بوو.. جا بەهەق من زۆر سادەو ڕەوان قسەم لە کێشەی «زمان و کەسایەتی نووسەر» کرد، بێ فەلسەفەو تیۆرە سازی زۆر. بەڵام من لە هەموو ژیانما نەمدەزانی ئەدیبانی ئەمەریکاو ئەوروپا ئەوەندە ناسک و گەورەن .. من هەستم بە ئینسانیەتی زۆربەیان کرد .. زۆریان لەو منالانە دەچوون کە قەت گەورە نابن .. تابلێ ی خاکی و بێ فیزبوون .. خاوەنی خەمی گەورە بوون .. من شادومانم کە پردم لەگەڵ ئەو زاتە جوانانە بەست. من وادەزانم داهێنەران هەموو براو خوشکی یەکدین، هەموویان جوانن .. تەنها بێ بەهرەکان ڕقیان لە خۆیان و لە دونیایە.

لەو دیدەنی یەدا سێ ڕۆژی پڕو تێرو تەسەل گفت و گۆو موحازەراتی ئەدەبی پێش کەش دەکرێن: گفت و گۆکان لە شێوەی «پانێل»دا دەبن، هەروەها بە کۆمەڵەو گروپی بچوکۆلەش هەر دەسازێ، شەوانیش بە خوێندنەوەی شیعر گەرم دەکرێ. زۆربەی نووسین و بابەتەکان دەنووسرێنەوەو بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام هەرکەسە بۆی هەیە سەربەستانە تەعبیر لە ڕاووبۆچوونەکانی خۆی بکات یان هەتا موحازەرەکەی پێش کەش بکات، خۆ زۆرجاران گفت و گۆو دەمەتەقێ ی زۆر گەرم و گوڕ لەسەر خواردن پەیدا دەبێ یان لە ناو حەمامی «ساونا» .. شەراب و بیرە مەیلەکان خۆشتر دەکاو هەندێ جاریش خاویان دەکاتەوە.. دیارە لە پاڵ قسەوباسی ئەدەبی یاری و گەمەو زرمەزلێ ی تێ دەکەوێ، گەڕان و سووڕان بەناو شارۆچکەی لاهتی و پشکنینی، گەمەی فتبۆڵێن، شەوانیش سەماو گۆرانی ئەدیبان مەست دەکا. هەموو گفت و گۆکانی «پانێل» و خوێندنەوە شیعریەکان بۆ هەر کەس کراوەیە کە حەزدەکا گوێ بگرێ.

یەکەمین دیدەنی گەورەی ئەم ڕێکخراوە جیهانی یە لە ساڵی «١٩٦٣»دا سازکرا، هەردوای تەلەزگەی «جەنگی سارد» بەونیازەی کە پردێک لە نێوان ئەدیبانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ببەستێ.

یەکێک لە بابەتە سەرەکیەکانی ساڵانی شەست «ڕۆمانی تازەی فەرەنسی» بوو، گفت و گۆکان توندوتیژ بوون چونکە ریالیزمی سۆشیالیزم و مۆدێرنیزم بەهەمان شێوەو بەهەمان چاو سەیری بەها ئەدەبی یەکانیان نەدەکرد لەو

وەختـەدا . بۆ نمـوونە: «ڤلادیمێر یەرمـیلۆڤ» کە سـەرۆکی گروپـی نووسـەرانی سـۆڤـیـەت بـوو بەتوندی ڕەخنەی لـە ئامـادەبووانی دیدارەکـە گـرت کـە بە نووسـەرانی سـەر بە ئـایدۆلۆژیای بۆرژوازی لـە قـەڵەمی دان. هـەر ئەو وەختـە ڕۆمـانـووسـی فـەرەنسی «کلۆد سـیـمـۆن» و «یەرمـیلۆڤ» لەسـەر لاپەڕەکـانی «فـیگارۆ» و «غـەزەتەی ئـەدەبی»دا ئەم گـفـت و گـۆیەیان بـردە پێـشـەوە کـە لە «موکولا» دەستی پێ کرد.

سالانی دواتر قسەی زۆر لەسەر پەیوەندی نێوان نووسـەرو جیـهانی دەرەوە کرا.. لە حەفتاکان قسەی زۆر لەسەر تواناو هێـزی نووسەرو پێگەی کرا.. ئایە دەکرێ نووسـەر ڕۆڵی کاریگەری هـەبێ لەسـەر کۆمـەڵگای خـۆی بەتایبـەتی و جیـهان بـەگشـتی. هـەروەها بـابەتی وەک ئیمپریالیزم و جیـهـانی سێ یەمیش جێ ی باس و خواس بوون.

سـەیر ئەوەیە هەن کە ئومێدی گەورەیان بـەو جـۆرە دیدارانە هەیەو کـەچی شاعیرێکی فنلـەندی کە ناوی «گۆستا ئاگرێن»ە دەڵێ: «من ئینتـباعێکی سـەیرم هەیە، سـەری هـەمـوو ئەدیبـان لەو دیدارانەدا دەئاوسـێن، گـفت و گـۆی بێ کـۆتاییـمـان لەسـەر ئەدەب و مـەغـزاو ئامـانجـەکانی وامـان لێ دەکـا بیرمـان بچـێتـەوە کـە ئەدەب بۆخـۆی لە ڕاستی دا چەندە بێ دەسـتـەڵاتە». دیارە ڕای پێچەوانەش زۆرە.

ئەوەتا نووسـەرێکی وەک «هانز مـاگنوس ئێنز بێرگەر» لە سـاڵی «١٩٦٤»دا ووتـی: «من بـۆیە دێم چونکە لەزەتـی لێ دەکـــەم، بـرادەری تازەو پیـــری تـازە دەدۆزمـەوە، ڕوانینی جیـا، من حـەزم لە گـفت و گـۆو دەمـەتەقێ یەکـانە، بە مـــەملەکــەتی تـازەکـانی فـیکرو ئەدەب ئاشـنا دەبم، مـن حـەزم لە سـۆراغ و پشکنینە، من حەز دەکەم بێمە لاهتی».

دیداری سـاڵی «١٩٩٧» وەک ووتم: «زمان و کـەسیەتی نـووسـەر» بوو، من لە ئێـوارەی «٩٧/٦/١٨» بۆ مـاوەی نـیـو سـەعات قـسـەم لەسـەر ئەم بابـەتە کـرد، نیوەی بە خوێندنەوەو نیوەشی بە ئیرتجـالی، دیارە بۆ هـەر نووسـەرێک لە «١٠ تا ١٥ دەقـیـقـە»بوو، بەڵام بە تێکڕا حـەزیان کـرد بۆ مـن ببێ بە نیـو سـەعات، خـۆی هـەر هـەمـوو باسـەکـەم سـەعـاتێکی دەویست، وەلێ خـۆم چڕ کـردەوە،

هەرچەندە من چیـرەم درێژە .. هەرچەندە لە دوا ڕۆژانی سـەفـەردا پێ یان ڕاگەیاندم کە دەبێ موحازەرەکەم هەبێ، بەڵام ساڵێک زووتر دوو چیرۆکی خۆم ناردبوو بە ئینگلیزی کە هەرخۆم وەرم گێڕابوو. دیارە من حەزم دەکرد چیرۆک بخوێنمەوە، بەڵام نەدەبوو هەردووکیان بێ. من و مامۆستا «عەبدوڵلا سەراج» توانیمان موحازەرەکەمان کۆپی بکەین و دابەشی بکەین.

دیداری ساڵی «١٩٩٧» پتر لە خاسیەتەکانی زمانی ئەدەبی دەدوا، زمان و ئەو جیهانەی کە تیایدا تەعبیر لە خۆی دەکا، زمان لەمڕۆدا بەبەراورد لەگەڵ دوێنێ، پەیوەندی زمانی نووسەرو خاسیەتی نەتەوایەتی، سیاسی، ئینتیکی، کۆمەڵایەتی، پاشان ئەو زمانە چۆن لە ناو مەیدانە جیاجیاکانی خۆی بەرهەم دێنێتەوە، پەیوەندی نێوان نووسەرو حەکایەتخوان، کاردانەوەی جیای خوێنەر، ئەدەب بۆخـۆی لە ڕێ ی زمـانەوە چ جـۆرە دەمـامک و وێنە لە خـۆی دا دەشارێتەوە، نووسەر چۆن دەبێ بەدوای تەئکیدکردن لەسەر ماناکان و بەهاکانی، بزربوو لەم دونیایەدا بگەڕێ، لە هەمـووی بزرتر بەهای زمـان. دواجـارو دوا پرسـیـار ئەوەبوو ئایا هیچ ڕێگەیەک لە بەردەمـدا مـاوە تا بگەڕێینەوە ناو «ریالیزمی نوێ»، لەم هەنگامەیەدا نووسەر بەچ ئاڕاستەیەک کاربکات: جیهانی ناوەوە یان دەرەوە؟ چۆن ئەو هاوسەنگی یە بپارێزێ.

من بۆ خۆم لە کێشەی خۆم دوام لەبەردەم زمانی کوردی دا، کە کێشەی هەموومانە، لە ئەزموونی خۆمەوە بۆ ئەزموونی گشت، ئیدی بەشێک لەم وێرانەیەی بەسەر زمانی ئێمەدا هاتووە.. زیاتر جەختم لەسەر ئەوەکرد کە ئێمە هێشتا ڕووبەری زمانمان هەڵکڕاندووەو نەچووینەتە چینەکانی ژێرەوە، تەئکیدم کـرد کـە نەوەی تازە لەو خـەمـەدان .. دیارە پانتـایی یەکی زۆری قسـەکـانم دیسـانەوە کـارکـردەی سـیـاسـەت بوو کـە ئەو وێرانەیەی دروست کـردووە .. بەهەرحاڵ ناکرێ هەر هەموو موحازەرەکە لێرە بڵێمەوە، گفت و گـۆی تێـرو تەسـەلی سازاند. دیارە دەبێ سـوپاسی «ڕێبین ئەحـمەد هەردی» بکەم کـە لەو خـۆکـۆکـردنەوەم یارمـەتی دام چونکە من قـەت حـەزم لە کـاری ئەکادیمی نی یەو لێ ی نازانم .. لەو باسەشمدا ئاکادیمی نەبووم، پتر قسەم لەسەر حەساسیەتی خۆم کرد بەرامبەر زمان.

شایانی باسە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبانی دونیا ئامادەبوون. لە ساڵی «١٩٦٣» زۆر لە ئەدیبانی وەک «کاش ئاکر- ئەمەریکا، ڤاسیلی ئالسینۆڤ- ڕوسیا، ئەستۆریاس- گۆتیمالا، جێمس بالدوین- ئەمەریکا، ستیفانۆ بێنی- ئیتالیا، مالکۆلم برادبێری- ئینگلتەرە، گونتەرگراس- ئەڵمانیا، تاکیش کایکۆ- یابان، ماریۆ ڤارگاس لۆسا- پیرۆ، سەلمان روشدی- ئینگلتەرە، نەوال سەعداوی- میسر، ڤاسیلی ڤاسیلیکۆس- یۆنان ... سەدانی تر».

**هیوا**: نۆبڵی ئەم ساڵ، بەخشرا بە شانۆنووس و دەرهێنەرو ئەکتەرو وێنەکێش و نووسەری ئەنارشستی ئیتالی «داریۆ فۆ»، ئێوە داریۆ دەناسن؟

**شێرزاد**: من لە کوردستان بە «داریۆ فۆ» ئاشنا نەبووم، نە بەعەرەبی و نە بەئینگلیزی هیچ دەقێکی ئەو نووسەرەم نەدی. لێرە بەڕێکەوت لە کتێبخانەیەکدا دوو شانۆگەری ئەوم خوێندەوە، ئێستاش شانۆگەری یەکی تازەی ئەوم بەدەستەوەیە کە باش تێ ی ناگەم .. هی ئەوەیە ماندووم و تەرکیزم نەماوە. بەپێ ی زانیاریم لەسەر «داریۆ» و لەو دوو شانۆگەری یەی کە لێ ی حاڵی بووم کە یەکێکیان لەژێر ئەم ناوەدایە «Archangels dont play pinball» دووەمیان: «مەرگی ڕێکەوتی ئەنارشستێک. ئەم شانۆکارە نووسەرێکی زۆر سەربەگۆبەندە، کوڕی لادێ یەو باوکی کرێکارێکی ویستگەی شەمەندەفەر بوو لە «١٩٥١» وەک کارەکتەرێکی کۆمیک و بە پانتۆمایمیم دەستی پێ کرد، وەک ئەکتەرو دەرهێنەرو نووسەرێکی «تەنزو تەوس باز» شۆرەتی سەند، لەگەڵ ژنەکەی «فرانکا رامی» دوو قۆڵی زۆر چالاک بوون، جەماوەری بەرفراوانی داریۆ کرێکارانی نێو کارگەکان و فابریقەکان بوون کە لە بەردەمیان دا کاری هونەری لە نمایشە سەرەتایی یەکانی خۆی دا «هەجوی سیاسی» لە قاڵبێکی «برێخت»یانە دادەڕشت. هێرشەکانی بۆ سەر بیرۆکراتیەتی حوکمەت بوو. جگە لەوەش لەڕێ ی مۆنۆلۆگەکانی کە لە ڕادیۆوە پەخش دەکرا شۆرەتی سەند.

ئەم نووسەرە هەمیشە ڕەخنەی لەو ئەفسانەو خەرافاتانە دەگرد کە «فاشیزم» خولقاندوویەتی و لەولاوە مەسیحی یە دیموکراتی خوازەکان پتر پارێزگاریان لێ کردووە. ڕەخنەی بەردەوامی لە بونیاتە کۆمەڵایەتی یەکان وای کردبوو کە هەمیشە دەسەڵاتداران لێ ی تووڕەبن، پۆلیس و شێوەکانی سانسۆر بۆ هەموو کارێکی هونەری چاودێریان دەکرد، چەندەهاجار هەڕەشەی لێ کراوە.

ئەم نووسەرە هەتا حیزبی کۆمۆنیستی ئیتالی پێ دەستەڵات خواز بوو، هەر لە سۆنگەی کارەکانی ژنەکەیان فڕاندو خۆیشی ماوەیەک بەندکرا، لە پاش چەند خۆپیشاندانێکی خەڵکی بەرەڵاکرا. بەکورتی هیچ گروپ و لایەنێک بەکارەکانی خۆشحاڵ نەبوون، هەربۆیە لەبری شانۆکار وەک کەسایەتی یەکی سیاسی حسابی بۆکرا. لە شانۆ ناوادارەکانی ئەم نووسەرە کە لەسەرەتا خەڵکی پێ ناساند «ئەی فریشتە مەزنەکان یاری پنبۆل مەکەن» کە وای کرد لەدەرەوەی ئیتالیا بناسرێ. کە ڕووداوەکان لە «میلان»ەو لە دەوروبەری شاردا کە مۆڵگەی کارە پیشەسازی یەکانە، شانۆگەری یەکە هێرش و هەجووە بۆ سەر بیرۆکراتیەتی دەوڵەتی کە چیرۆکی تاوانبارێکی قوربەسەر دەگێڕێتەوە کە بە زۆڵی و زیرەکی خۆی نان پەیدا دەکات، کە دواجار بۆی دەردەکەووێ بەهەڵە وەک «سەگی ڕاو» ناونووس کراوەو دەبێ ببردرێتە کولانەی سەگان، هەموو هەوڵێک دەدا تا لە ڕێ ی کاغەزو بەڵگەنامەکان بیسەلمێنێ کە مرۆڤەو خۆی لەم لەعنەتی بەسەگبوونە ڕزگاربکات و ناسنامەیەکی تازە بۆخۆی پەیدابکات. لە شانۆ ناوادارەکانی دیکەی : ئەم خانمە بۆ وەلاوەنان نی یە، نایدا .. نایبەخشێ، مایسترۆ بوفۆ، کەڕەناکان و شلیکەکان، ئیلیزابێت و چەندانی تر.

بەخشینی نۆبل بە داریۆ جێ ی سەرسامی زۆر لە نووسەران و خەڵک و لایەنەکان بوو، چ لەناو ئیتالیاو چ لە دەرەوە. ئەو پیاوە سەربەگۆبەندە وەکو خۆیەتی و نەگۆڕاوە.

**هیوا**: ماندووم کردن، زۆر سوپاس، ئەگەرچی حەزی هەردووکمان وابوو کە

لەنزیکەوە یەک ببینین و ئەم دەمەتەقێیە لەگەڵ یەکتری بکەین، بەڵام ئیدی بەو شێوەیە بۆ هیچکاممان نەلوا، دووبارە سوپاس.

**شێرزاد**: زۆربەمان بە ماندوێتی ئاشناین، ئێمە نەوەیەکین بەر لەعنەتی هەر هەموو خوداوەندەکان کەوتین. بەڵێ ئەم چاوەڕوانی یە هیچە ماندووی کردم، بێ مانایەو بڕوام پێ ی نی یە .. دونیا بۆتە دۆزەخ و ئێمە جێ گۆڕکێ ی تیا دەکەین، دەنا سووتانەکە هەر بەردەوامە، مەیلی ئەوەم هەیە کۆتایی بەم چاوەڕوانی یە بێنم و بگەڕێمەوە کوردستان .. چش لە بەڵاکانی ئەوێ.

بەڵام بۆ من مەنفا درۆیەکی گەورە بوو .. نامەوێ چیتر چاوەڕێ بکەم و دەگەڕێمەوە وڵاتی خاکەسار .. بۆ من لەم جێ گۆڕکێ یەدا هیچ شتێک نەگۆڕا .. تازە بۆ هەر کوێ بچم ئاسوودە نیم .. دەگەڕێمەوە نێو ئاگرێک کە بەسووتانەکەی ڕاهاتووم .. چ سۆزێک بۆ خەمەکانی دوێنێ دەمباتەوە. نەمانتوانی یەکدی ببینین گەرچی تۆ لە سویدو من لە فنلەندام و سنووریان بەسەر یەکەوەیە .. قوربان سنوورەکان هەر ماون .. ئاخ لە دەست ئەو هەموو سنوورانە..!

**هیوا**: سەرەتا پێم ووتی: بۆ هاتیت؟ ئێستاش من هەم لە نێوان ئیرەیی و پەیبردن و نەبردنی بڕیاری گەڕانەوەتدا، دەڵێم: بۆ دەگەڕێیتەوە نیشتمان؟!

**شێرزاد**: «غەریبی غوربەتی کردم بە ئەوتان

سەرپای سەر ئەرزی لێ کردوومەتە زیندان»

من دەزانم بۆ هاتم .. دەشزانم بۆ دەچمەوە: گەلێ هۆی ئاشکراو نهێنی لەم هاتن و چوونەوەیەدا هەیە، زۆر حاڵەتی دیارو زۆرتری نادیارن کە خۆشم تێ ی ناگەم .. پترلە هەشت مانگە هەموو بەیانی یەک کە لە خەو هەڵدەستم لە خۆم دەپرسم: چی دەکەم لێرە؟ ئێرە زۆر شتی مادی بۆ فەراهەم کردووم .. ترسی کوشتن و بڕین و هەڕەشەو گوڕەشەم لەسەر نی یە .. دەریاچەو دارستانەکانی جوانن .. بەڵام بۆ من مایەی ئەوپەڕی هیلاکی یە کە هیچ

پەیوەندی یەکی ڕۆحیم نە لەگەڵ سروشتەکە هەیە .. نە لەگەڵ خەڵکەکەی .. من لە کوردستان بەهەموو مەینەتی و ناشیرینی خۆیەوە: مانایەک بۆ ژیان و بوون و ئەدەبەکەم هەبوو .. لێرە نەمن چاوەڕێ ی کەسم و نەکەسیش چاوەڕێ ی منە .. چاوەڕوانی لە منی مرۆڤ و لە منی نووسەر. دەزانم کتێبی هەمە بابەت و هەمە جۆر لێرە زۆرن .. بەلام، هیچیان تامی ئەو کتێبانەی خۆم نادەن کە وەختێ قوتابی یەکی برسی زانکۆ بووم لە بەغدا کڕیومن و پتر لە «٢٥» ساڵە ئەرشیفێکی چکۆلەی خۆم هەیەو شتی تیا دەشارمەوە .. ئەم ئەرشیفەم بۆ ناگوێزرێتەوە ئەوروپا. من خەریکە بۆ کوچەو کۆلانەکانی هەولێرە کە قەهری منالی و جحێلێم تیا هەلڕشت وا شێت دەبم .. سلێمانی: ڕۆژانی لەسەرپێ وەستان و بڕوابەخۆ بوون و مەلبەندی عیشق و جوانی بۆ من. من لێرەوە هەموو شتە ناشیرینەکانی ئەوێم خۆش دەوێ .. ئاه .. کەس نازانێ من چەندە بیری «خۆر» دەکەم .. تۆ دەزانی من خۆرم لێوە دیارنەبێ ناتوانم بنووسم .. من وەک «دی. ئێچ. لۆرانس» وەسیەتم ئەوەیە لەسەر کێلی گۆڕەکەم وێنەی خۆرێک ڕەسم بکەن .. گەر تەنها لەبەر «خۆر»بێ دەگەڕێمەوە .. دەکرێ باپیرە گەورەی من خۆرپەرست بووبێ.

من دەگەڕێمەوە .. چونکە زۆر کەس پێویستیان پێمە کە دەبێ من لە نزیکیانەوە بم .. وەختێ دەژین .. وەختێ دەمرن .. شەرمە بۆ من ئاگام لە ژیان و مەرگی ئەو خەلکانە نەبێ کە من خۆشم دەوێن .. ئاه .. دایکم .. دایکم.. کە دوا جار باوەشم پیاکردو ماچم کردو ماچی کردم .. ووتی: «هەولێر لە من چۆڵ بوو» کە هاتمە دەرەوە بەحاڵ تارمایی منی لە تارمایی براکانم و خوشکەکانم جیا دەکردەوە .. دەترسم کە تا دەچمەوە تارمایی من نەناسێتەوە .. پتر دەترسم بمرێ و نەچمە ژێر دارە مەیتەکەی .. من دەبێ بچمەوە لای خوشکە بێوەژنەکەم: کەواهەست دەکا کە تاکە پشت و پەنی منم .. من دەمەوێ بچمەوە قەرزی بێوەژن کۆشی خەسووم بدەمەوە کە بە برۆ هەڵگرتن و ڕەفتەچنین و پاقلاوە کەژاڵ-ی پێ گەیاند .. لە دووری کچەکەی و منالەکانم دەمرێ .. بێتە ئێرەش دەمرێ .. من دەیەها وردە قەرزی وەک ئەوەی دایکم و خوشکم و خەسووم و.. خەڵکی دیکەم لەسەرە ..قەرزەکان بەتەنها بەپارە

نادرێنەوە .. قەرزەکان تەنها بە سۆزێکی ئادەمیزادانە دەدرێنەوە .. دەچمەوە «ڕێبین-ی ئەحمەد هەردی» لەوێ یە .. ئەگەر بەتەنها لەبەرخاتری «ڕێبین»یش بێ هەقە بچمەوە .. هەموو هاوڕێ یان ناچار بوون بێنە دەرەوە .. با بزانێ یەکێک هەیە لە تەنیشتیا وەستاوە. منیش وەک «ڕێبین» بڕوام وایە گەر «شەڕێک هەبێ» گەر «مەسەلەیەک هەبێ» بۆ من وا لە کوچەو کۆلانە تەنگەبەرەکانی ناو شارەکانی کوردستان .. منیش زەندەقم دەچێ کە دوا چارەنووسم تاراوگە بێ .. زۆر دەترسێم .. دواجار من بۆ خۆم کەرەکرمانجێکم تاقەتی میترۆ و ڕاکەڕاکەم نی یە .. وەرسم لەو باڵەخانە بەرزانەی دەڵێ ی پایەکان لەسەر دڵی من داکوتراون. من بیری ئەو کوڕو کچە عاشقانە دەکەم کە بەشەرمەوە دەهاتن ودەردە دڵی خۆیان لای من هەڵدەڕشت .. دەمەوێ تا زووەو زەمەنی غوربەت نەیکوشتووم بگەڕێمەوە باوەش کەژاڵ و هەرسێ مناڵەکانم .. هەمووان ئامۆژگاریم دەکەن کە با لەپێناو سێ مناڵەکەم بمێنمەوەو لێرە بژین و خۆش بیگوزەرێنن .. من تێدەگەم ئەوان چ دەڵێن .. بەلام من و ئەو سێ چوار ملیۆنەی باشوورو سی – چل ملیۆنەی هەر چوار پێنچ پارچەکە جیاوازیمان نی یە .. بۆ دەبێ هەمان چارەنووسم نەبێ؟ دەزانم هەقی خۆمە گەمە بەو چارەنووسە بکەم .. بەلام مەرجیش نی یە لەسەر حیسابی چۆلکردنی کوردستان بێ .. گەر کوردستان بوو بە بەهەشت چی حیکمەتێکی تیایە بگەڕێمەوە.

ڕەنگە لەنەزەر زۆر کەسی ئێرە بەهەشت بێ، بەلام گرفتەکە لەوەدایە کە من لەم بەهەشتە گوڵێکم نەچاندووە .. من دەچمەوە چونکە بیری شەڕو گێچەڵەکانی خۆم دەکەم لەوێ .. لەوێ مانایەک بۆ شەڕو ملمڵانێ ی من و هاوڕێیانم هەبوو .. لێرە ئارامی و ئاسوودەگی ژیانی ڕۆژانە هەر هەموو ئەو مانایانەیان لێ سەندوومەتەوە کە گەرمی یەکیان بەژیانی من دەبەخشی. لەوێ دەیەها دڵەڕاوکێ و پاڵنەری نووسین هەبوو .. لێرە من سەرقاڵی خەمی وەدەست هێنانی پەساپۆرتێک هەموو خەیاڵی داگیرکردووم .. ئەم ولاتە بۆ من بوو بە «قەلا»کەی کافکا .. «دادگا»کەی کافکا .. خۆیشم نازانم چۆن کەوتوومەتە ناوی و چۆن لێ ی دەرچم و هەر دەڵێ ی لەسەر تاوانێک مەحکەمە

دەکرێم کە نەمکردووە .. هەموو هەوڵ و شەڕەکانم .. هەموو چیرۆکی عەزاب و دەربەدەریم بۆتە بیست لاپەڕەو لە وەزارەتی ناوخۆیی نووستووە .. من هەست دەکەم ئەوە ئەوپەڕی سووکایەتی یە کە بەپەنابەر دەکرێ .. من دەمەوێ ئەو چیرۆکە هەڵوەشێنمەوە. دەمەوێ هەموو بەڵەمەکانم بسووتێنم و تا جارێکی تر نەتوانم بگەڕێمەوە هەندەران. دەکرێ هەموو کەس لە من پتر خاک و خەڵکی خۆی خۆش بوێ .. بەڵام بۆم دەرچوو من یەکێکم لەوانەی کە نەمتوانی بەرگەی تاسەر مانەوە لێرە بگرم .. دەکرێ مرۆڤێکی لاوازو بێ ویست بم .. دەکرێ سەرم لێ شێوابێ .. دەکرێ بەتەواوەتی قەناعەتم بەژیانی ئێرە لەقی بێ .. دەکرێ بەهەزار ڕایەڵی دیارو نادیار بەخەڵک و خاکی خۆم بەسترابێتمەوە، دەکرێ ماندوو بووبم لە چاوەڕوانی .. دەکرێ هەست بە مامەڵەی بیرۆکراتیانەی ئەم وڵاتە بکەم و پێم هەرس نەکرێ .. دەکرێ من لە هەموو شوێنێکدا هەست بەو عوربەتە بکەم و دونیام لابووبێتە جەنگەڵ و لە هیچ شوێنێک نەتوانم ئاسودەبم .. بەڵام بەلایەنی کەمەوە بەسووتانی ئاگری ئەوێ ڕاهاتبم .. بە ناشیرینی ئەوێ .. بەجوانی ئەوێ ئاشنا بووبم .. لێرە من هیچ پەیوەندی یەکم نە لەگەڵ ناشیرینەکانی هەیەو نە لەگەڵ جوانیەکانی.

بەختیار واتەنی: «من لەهەڕەشەی مەرگ ڕامکرد .. بەڵام وا کەوتمە بەردەمی هەڕەشەی ژیان» ژیانێک کە بۆ من لێرە کت و مت لە گرانەتا دەچوو. من وا هەست دەکەم مەلێکی باڵ شکاوم و تا زووە گەرەکمە بگەڕێمەوە هێلانە دارماوەکەم .. تا نەکەوتوومەتە یەکێ لە دەریاچەکانی ئێرەو نەخنکاوم، لێرە من پتر لە تارمایی دەچم .. تارمایی یەک کەس نەیبینێ .. من هاتبووم ماوەیەک لێرە خۆم بشارمەوە، خۆم حەشاربدەم .. پشووبدەم .. بەڵام پشوودانێک بوو لە هی نەخۆشێک دەچوو شێرپەنجە جەرگی خواردبێ .. تەواو .. ئیدی پتر لەوە بۆ من مەرگە .. پتر لەوە بێ مانایی یە .. پووچی یە .. ڕەنگە من خۆم بوونەوەرێکی سەیربم و بێ چڵپاو و زەلکاو هەڵنەکەم .. خۆ زۆر کرم هەن گەر لەناو پیسایی دەریان بێنی دەمرن، گەر وڵاتەکەم هەر ئەو زۆنگاوە بێ: ئەوە من لە دەرەوەی ئەو زۆنگاوە دەمرم و بەکەڵکی .. هیچ ئاووهەوایەکی سازگارو پاک نایەم .. هەرچەندە بەڕای من وەک «ڕامبۆ»ی شاعیر ووتوویەتی:

ئەم ئەوروپایەش بۆخۆی زەلکاوێکی ساردە .. لێرەش مرۆڤەکان ماندوون .. تەنیان .. زۆریان لە من ماندووترو تەنیاترن .. لێرەش مرۆڤ لە تەنیایی خۆی سەگ و پشیلە ڕادەگرێ .. دەزانم بۆ ڕاگرتنی سەگ و پشیلە هۆی تر هەن .. بەڵام یەکێ لە هۆیە زەقەکانی «تەنیایی یە» لێرەش لە وەرسی و تەنیایی هەر ساڵەو «١٤٠٠ تا ١٨٠٠» کەس لەم فنلەندا-یە خۆیان دەکوژن و زۆریشیان کورو کچی گەنجن .. مەسەلە هەلاهەلا بوونی ڕۆحە لێرە .. لێرە هەموو شتەکان لە خزمەتی جەستەدان .. بێ جەستەیەکی جوان و تەندروست تۆ بازاڕت نی یە .. ڕۆح دەمێکە مانا شاراوەکانی خۆی دۆڕاندووە.

ناڵێم لەلای هەمووان .. وەلێ لای زۆربە .. من لە ڕووی تیۆری یەوە دەمزانی کۆمەڵگای ڕۆژاوا کۆمەڵگایەکی ئیستهلاکی یە، بەڵام کە خۆت لەناوی دا ژیایت ئازارێکی کوشندەیە .. من حەزم لە حەوشەیەکی چکۆلەیەو هیچ نەبێ دوو گوڵی شەرمنی تیا بروێنم .. لێرە شوقەکان لە شقارتە دەچن و ئێمەش هەر دەڵێ ی دەنکە شقارتەین .. من حەزم لە تەنیایی یە .. بەڵام تەنیایی یەک خۆم هەڵیبژێرم، نەک تەنیایی یەک بەسەرمدا بسەپێ. من پیرە دایکم و وڵاتەکەم: هەردوو لەیەک دەچن .. هەردووکیان چاویان کزبووە، پیروماندوون، هەردووکیان لە گیانەڵادان .. بەر لەمەرگ دەمەوێ بۆنم پێوەبکەن و بۆنیان پێوە بکەم .. وڵاتەکەم هەر دەڵێ ی دایکە پیرو بێوەژنەکەی منە .. ناتوانم لێرە ئاسوودەبم ئەو کاتەی چاک بزانم پێویستیان پێمە .. من دەمەوێ مانایەک بدەم بە بوونیان .. مانایەک بدەن بە بوونم .. حەیفە هەر هەموومان پشت لەم دایکە بێوەژنە .. لەو وڵاتە بێوەژنە بکەین .. ئاخر هەتا گەر مەسەلە مەرگیش بێ، کێ وەک و من دەزانێ کفن و دفنی بکاو لە خەمی هەڵبەستنی گۆڕەکەی بێ و گوێ لە وەسیەتەکانی بگرێ .. من لە کوردستان بە ئەمەکترنیم .. بەڵام دڵم بەو بڕیارە خۆشە .. من ئیدی دەچمەوە باوەشی ئەوانەی خۆشم دەوێن .. خۆشیان دەوێم .. بۆ دوژمنەکانیش، لە وڵات، هەر ئەوەندەی مەسیح-م پێ یە بیڵێم .. خودایە لێ یان خۆش بە .. ئەوانە نەفام بوون!»

ئاخ کە ئەوەندە ماندووم و شپرزەم نەمتوانی نهێنی هۆیەکانی چوونەوەت بۆ بدرکێنم!